# هودا پار

## پەیڕەو پرۆگرامی پارتی دەعوە (بانگەواز) و ئازادی

ناوەڕۆک

**یەکەم: دەستپێک**


١. ئایا پێویستی بە پارتێکی نوێ هەیە؟

٢. پارتی بانگەواز و ئازادی بۆچی؟

٣. بنەما و ئامانجەکانی ئەم بزوتنەوەیە چین؟


**دووەم: ئازادی و مافە سەرەتاییەکان**


١. ئاسایشی ژیان (مافی ژیان و ئاسایش).

٢. ئازادی بیرکردنەوە، ڕادەربڕین و ڕێکخراوەیی (ئاسایشی ئەقڵ)

٣. ئازادی بیروباوەڕ و بەندایەتی.

٤. ئازادی پەروەردە و پەیگەیاندن (گەشەپێدانی خودی).

٥. مافی خاوەندارێتی و میرات (ئاسایشی سەروەت و سامان).

٦. سەربەخۆیی دادگا و مافی ئازادی گەڕان و لێپرسینەوە.

٧. مافی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزان (ئاسایشی وەچەخستنەوە).

٨. مافی ژنان، منداڵان، خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەو کەسانەی کەناتوانن کار بکەن(DEZAVANTAJLI KESİMLER).

٩. مافی نیشتەجێبوون و پاراستنی زانیاری تایبەتی و کەسی.

١٠. مافی گەشتکردن و مانەوە.

١١. مافی هەڵبژاردن و بەشداری سیاسی وکارگێڕی.

١٢. مافی ئیشکردن، پشودان، دەستکەوتنی کار و بەشداریکردن لە سەندیکاکاندا.

١٣. مافی تەندروستی، خۆژیاندن و شوێنی حەوانەوە.

**سێیەم: دروستکردنی دەوڵەت، ئامانج و ئەرکەکانی**

١. دەستووری نوێ و ئیرادەی گەل.

٢. ئەرکە گشتیەکان و چەمکی هاوڵاتی.

٣. کێشەی کورد

٤. ناناوەندێتی (لامەرکەزی) و بەهێزکردنی حوکمەتە خۆجێیەکان.

٥. کەمایەتیە نەتەوەیی و دینیەکان، ڕێگری لە نەتەوەپەرستی و جیاکاری ڕەگەزی.

٦. شەفافیەت لە کەرتی گشتیدا، دژایەتیکردنی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی سەروەتی نیشتیمانی.

٧. کلتوور و مێژوو.

٨. پاراستنی ژینگە و سروشت.

**چوارەم: ئابووری**

سیاسەتی ئابووریمان

١. دابەشکاری داهات، دژایەتیکردنی هەژاری.

٢. ئەو ناوچانەی لە ڕووی ئابوورییەوە دواکەوتون.

٣. هاوسەنگی هاوردە و هەناردەکردن، داهاتی بەرهەمهێنان.

٤. داهاتی وزە، وزەی ئەتۆمی.

٥. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

٦. گەڕانەوە بۆ لادێ و گەشەپێدانی لادێنشینەکان.

٧. خستنەکاری زەویە بەکارنەهاتوەکان.

٨. ڕێگری لە گەندەڵی و ئیسرافکرن، بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی سودبەخش.

٩. کراوەی بودجە و قەرزدان بە خەڵک.

(Bütçe açlığı ve kamu borçlanması)

١٠. دادپەروەری لە وەرگرتنی باجدا.

١١. گەشەپێدانی دارستانەکان، چاکسازیکردن تیایاندا و بەخستنەگەڕیان.

١٢. بازرگانی سنورەکان.

**پێنجەم: سیاسەتی دەرەوە**

**شەشەم: سیاسەتی کۆمەڵایەتی**

١. پەروەردە

٢. تەندروستی

٣. ئاسایش و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی

٤. ئافرەت و خێزان

٥. وەرزش و لاوان

٦. خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

٧. مافی بەندکراوان و سزادراوان

٨. کلتوور و پیشە

٩. هەواڵ و ڕۆژنامەوانی نوسراو بینراو بیستراو.

١٠. زانست و تەکنەلۆژیا

١١. خانوکردن و بەشاربوون

١٢. هاتووچۆ

١٣. گواستنەوەو گەیاندن

١٤. ژینگە

١٥. گەشتو گوزار

**کۆتایی**

## بەشی یەکەم

### دەستپێک

یەزدانی مەزن، دونیاو هەموو ئەو شتانەی لە ناویدایە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ و خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بەدیهێناوە.

لە ئەنجامی دەستبردن بۆ سروشت (فیترەتی) مرۆڤ کە لەوپەڕی جوانیدا بەدیهێنراوە، تەواوی مرۆڤایەتی لەدەست دەرچووە. ئەو سروشتەی مرۆڤ کە لە ئەنجامی ئەو دەست بۆبردنەوە شێوێنراوە، دووبارە پێویستە بنیات بنرێتەوەو ڕێکبخرێتەوە. گەڕانەوە بۆ سروشتی مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دەبێتە مایەی ڕزگاربوون و دەرچوون لەو گێژاوە مەعنەوییەی کە تێیدا دروست بووە. لە پاشانیش دەتوانێ ئەرکی ڕزگارکردنی هەموو مرۆڤایەتیش بخاتە سەرشانی خۆی.

تێڕوانینی ”**İnsan İnsanın Kurdudur**“ بووەتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤەکان بێگانە ببن بە خودی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان.

بە پێی کلتوورو شارستانیەتی ئێمە بێت و لە ڕوانگەی بەدیهێنانەوە سەرجەمی مرۆڤایەتی لە ژن و پیاوێک (حەزرەتی ئادەم و حەوا) بەدیهێنراون و وەک منداڵی ئەوان هەمووان برای یەکدین. بنەماو بناغەی سەرەکی ژیان شەڕو ململانێ نییە، هاوکاری و یارمەتیدانە.

ئەگەر سروشتی مرۆڤ تێکنەچووبێت "برا ستەم لە برای خۆی ناکات، لە کاتی تەنگانەدا براکەی بەجێناهێڵێت". بۆ ژیاندنەوەی ئەم بنەما سەرەکی و گرنگانە پێویست بە دووبارە پێگەیاندنی مرۆڤ و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکە کە خاوەنی ئەم بنەماو پرەنسیپانە بێت و لە ژیانیدا جێبەجێی بکات. لە پێناوی ئەم ئامانجەشدا ئەوەندەی لە دەستمان بێت و هەوڵ و تێکۆشان، لەگەڵ هەر جۆرە هێرش و پەلامارێکی دەرەکی ئەم کارە ئەرک و قەرزێکە بەسەرشانی ئێمەوە کە دەمانەوێت لە دژی ئەو هێرش و پەلامارانە بوەستینەوەو ڕەچەڵەکی خۆمان بپارێزین.

ئێمە نامانەوێت بانگەشە بۆ شتێک بکەین کە ئیمکانی جێبەجێکردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا نەبێت و تەنها وەک بانگەشەیەکی بریقەدار بەبێ کردەوە بگوترێتەوە. بانگەوازێکمان پێیە کە بتوانرێت جێبەجێ بکرێت. بۆ جێبەجێکردنی ئەم دیدو بۆچوونەشمان لەگەڵ هەرکەسێک کە بڕوای بەم بنەماو پرەنسیپانە هەبێت ئامادەی کاری هاوبەش و هاوکاریکردنین.

بە پوختی: لە بیروباوەڕماندا، بانگەوازو پەیامێک کە بتوانرێت لە واقیعی حاڵدا جێبەجێ بکرێت و میکانیزمێکیش کە بتوانرێت ئەم بانگەوازەی پێ جێبەجێ بکرێت پێکەوە کۆدەکەینەوە.

تاکێک یان کۆمەڵگەیەک کە خاوەنی هیچ ئامانج و پرۆگرامێک نەبێت ناگات بە مەبەست و ئامانجەکانی. ئەوانەی ئامانجیان هەیە بە مەبەست دەگەن. کەسانی بێ ئامانج تەنها لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە. ئەو بانگەوازو داوایەی کە مەبەستمانە تا ئەو ئاستەی بڕ دەکات بە درێژایی تەمەن و توانامان تا کۆتا مەنزڵی ژیانمان هەوڵی بۆ دەدەین، بەو هیوایەی بگەینە مەبەست.

## ئایا پێویست بە پارتێکی تازە هەیە؟

## پارتی بانگەوازو ئازادی بۆچی؟

لەبەرئەوەی لە تورکیا پارتە سیاسییەکان و دەسەڵات:

لە بری ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان، بەردەوام چارەسەریان دواخستووە.

لەبری جێبەجێکردن و پێدانی ماف و ئازادییەکان هەر جارەو ئەم ماف و ئازادییانە بە کۆمەڵێک مەرجەوە پەیوەستکراون.

لەبری چارەسەری ڕیشەیی و بنچینەیی کێشەکان و بە دامەزراوەیی چارەسەرکردنیان، ڕێگاو چارەسەری کاتی دەگیرێنەبەر بۆ چارەسەری ئەم کێشانە.

بە تایبەتی هەوڵەکان بۆ لابردنی ڕێگری و لەمپەڕەکانی بەردەم ژیانی ئیسلامی و چارەسەری کێشەی کورد لە ئاستی پێویستدا نەبووەو زۆر جار بە توندیش ڕووبەڕووی هەوڵی چارەسەرییەکانیش بوونەتەوە. هەروەها بەکارهێنانی هەوڵەکانی چارەسەری ئەم کێشانە بۆ مەبەستی سیاسی و ئامانجی تایبەتی.

سەرەڕای ئەوەی هەر گرووپ و پارتەی نوێنەرایەتی بەشێکی دیاریکراوی خەڵکیان کردووە، بەڵام وا خۆیان نیشاندەدەن کەوا نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگە یاخود زۆرینەی کۆمەڵگە دەکەن و وەک ئەوەی بۆچوون و ئایدۆلۆژیاکانیان لە خودی خەڵکەوە وەرگرتبێت.

لەبیرچوونەوەی ئەو بەڵێنانەی کە پارتە سیاسییەکان لەبارەی گۆڕینی یاساکان بە تایبەتی یاسای هەڵبژاردن وڕووبەڕووبوونەوەی نادادپەروەری.

هاوکات لەگەڵ ئەمانەدا:

جێبەجێنەکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

بڕیارەکانی دەزگای دادوەری لەگەڵ دابەشکردنی دادپەروەریدا گەشتۆتە ڕادەی بێزارکردنی ویژدان و کۆمەڵگە.

بەردەوامیدان بە ململانێ و پێکدادانە نەتەوەیی و ئێتنیکیەکان لە پێناوی بەرژەوەندی سیاسیدا.

لایەنگری ستەم یاخود مانەوە وەک تەماشاکەری ستەم لە پێناوی هەڵکردن لەگەڵ تەوژمی باڵادەستی جیهانیدا.

ڕێگریکردن لە ئاشتنەبونەوەی سیستەم لەگەڵ بەها باڵاکانی کۆمەڵگەدا.

ئەوانەی کە دژی سیستەمی دەوڵەت و حوکمڕانین دوای گەیشتنیان بە دەسەڵات خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ سیستەمداو تەنانەت بادەدەنەوە بەلای پارێزگاری لەو سیستەمەو خاوەندارێتیکردنی.

تێکچوون و نابووتبوونی دۆخی سیاسی تا ڕادەی ئەوپەڕی.

لە هەمووی گرنگتر ڕۆژ بە ڕۆژ بێنرخکردنی پێوەرو بەها باڵاکانی کۆمەڵگەو بێماناکردنیان و لەکەدارکردن و نەهێشتنی کەسایەتی تاکەکان، لە ئەنجامی ئەوەی کاردانەوەی پێویست نەبووە لەبەرامبەر ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ تێکدانی کۆمەڵگەو سیستەم، پێویستی دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی سیاسی هاتۆتە ئاراوەو لەو چوارچێوەیەدا ئێمەش ئەو بزووتنەوەیەمان دامەزراندووە.

جگە لەوەش کۆمەڵگەیەک کە نوێنەرایەتی سیاسی تێیدا بوونی نەبێت، بەدیهێنانی ئاشتی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی لەسەر بناغەیەکی پتەو مومکین نییە. لە ئەنجامی داواکاری و ویستی ژمارەیەکی زۆر لەو چین و توێژانەی کە هیچ پارتێکی سیاسی لەم دۆخەدا بە نوێنەری خۆیان نازانن و لە سۆنگەی بڕوامان بەوەی کە کاتی دامەزراندنی ئەم پارتە سیاسیە هاتووە قۆڵمان لێ هەڵمالیوەو دەستمان پێکرد.

## بنەما سەرەکییەکان و ئامانجەکانی ئەم بزووتنەوە چییە؟

ئەم بزووتنەوەیە:

بڕوای بەوەیە کە دادپەروەری ناکرێت بە قوربانی هیچ شتێک.

ڕەفتارو کردەوەو دەربڕینی هیچ کەسێک کە ببێتە مایەی تێکدان و بێزارکردنی جەستەو ئەقڵ و ڕۆحی کۆمەڵگە وەک بەشێک لە ئازادی ناناسێت.

بڕوای وایە کە دەوڵەت لە پێناوی پێدان و پاراستنی مافی ئازادی، پەروەردە، تەندروستی و ئاسایش و ئارامی هاوڵاتیان و بیروباوەڕیان پێویستە هەر جۆرە ڕێکارێکی پێویست بگرێتە بەر.

قەبوڵی ناکات کە هیچ کەسێک یان دامەزراوەیەک لە ڕێگەی ماڵ و سەروەت و سامان و ئامرازەکانی بەردەستییەوە کارێک بکات کە ببێتە مایەی زیان بۆ تاکەکان و کۆی گشتی کۆمەڵگە.

ئەم بزووتنەوە: دووبارە دارشتنەوەو بنیاتنانەوەی دادپەروەری وەک یەکەم ئامانجی خۆی ڕادەگەیەنێت.

ئامانجەکانی دیکەمان:

دووبارە پێناسەکردنەوەی دەوڵەت و سیاسەت.

گواستنەوەی بەها باڵاکانی کۆمەڵگە بۆ ناو سیستەم و باڵادەستکردنی ئەو بەهایانە لە حوکمڕانیدا.

گونجاندنی کۆمەڵگە لەگەڵ سیستەم نا، بەڵکو گونجاندنی سیستەم لەگەڵ پێوەرو بەها باڵاکانی کۆمەڵگەدا.

دووبارە ژیاندنەوەو خستنە سەرپێی ئەو بەها باڵا مرۆڤایەتی و ئیسلامییانەی کە بە زانینەوە یاخود بە نەزانینەوە لە ناوەڕۆک بەتاڵ کراونەتەوەو لە ڕاستیدا ئەو بەهایانەن کە ئێمەیان کردووە بە مرۆڤ و ڕێزداری گەردوون.

بەدیهێنانی ئاسایش و ئارامی ماڵ و گیان و ئایین و ئەقڵ و وەچەخستنەوە.

بەدیهێنانی مافە سەرەتایی و ئازادییەکانی مرۆڤ بەمانا ڕاستەقینەکەی.

لابردنی ئەو تەگەرەو ڕێگرییانەی کە لە بەردەم ئازادی بیروباوەڕ و بەندایەتیدا دانراون.

دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ مەسەلەی کورد لەسەر بنەمای دادپەروەری.

وەستانەوە لە بەرامبەر شەپۆلی تێکدانی ئەخلاق و مەعنەویات.

بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دادپەروەرانە.

لابردنی نادادپەروەری لە دابەشبوونی داهات و فراوانکردنی خۆشگوزەرانی.

زیادکردن و فراوانکردنی ئاشتی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

بەدیهێنانی سەربەخۆیی و بێلایەنی و دادپەروەری دادگا و لێپرسینەوە.

جێگیرکردنی دادپەروەی لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا.

بەرێکردنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.

**بەشی دووەم**

**مافە سەرەتاییەکان و ئازادییەکان**

هەر مرۆڤێک لە ڕوانگەی سەرەتای بەدیهێنانیەوە خاوەنی کۆمەڵێک ماف و ئازادییە. تەنانەت وەک مافی ژیان کۆمەڵێک ماف و ئازادی هەیە کە هەر لە سکی دایکیدا خاوەنیەتی. ئەم مافانە بنەڕەتی و ڕەهان. مامەڵەی پێوە ناکرێت، دەستبەرداری نابێت و ناگوازرێتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە. دەوڵەت بەرپرسیارە و پابەندی گرەنتیکردنی ئەو مافانەی لەسەرەو پاراستنی مافی کەمایەتییەکانی لە بەرامبەر زۆرینەی کۆمەڵگەوە دەکەوێتە ئەستۆ.

بە هیچ جۆرێک نابێت دەست ببرێت بۆ ئەم مافانە، نابێت یاسا بۆ لابردنی ئەم مافانە یاخود سنوردارکردنیان بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەربکرێت.

لە دۆخی ناچاری و لەناکاودا بە شێوەیەکی مەشروع بە مەرجێک دەست نەبرێت بۆ بناخەکانی ئەم مافانە، بە پێی پێویستی و بە شێوەی کاتی لە چوارچێوەی یاسادا بە شێوەیەکی ڕێژەیی دەکرێت سنوردار بکرێت.

**١.مافی ژیان و ئاسایشی گشتی**

مافی ژیان و ئاسایش لە مافە سروشتییەکانی مرۆڤە. بنچینەی هەر شتێک بۆ مرۆڤ مافی ژیان و ئاسایشی گیانیەتی. هۆکارێکی ڕەوا نەبێت ناتوانرێت ئەم مافە لابرێت، ناتوانرێت سنوردارو بەرتەسک بکرێتەوە، تەنانەت دەوڵەتیش بۆی نییە پێشێلی ئەم مافە بکات.

لە سەروی هەمووانەوە دەبێت دەوڵەت ڕەچاوی مافی ژیان و ئارامی گیانی هاوڵاتیان بکات. لە ڕێگەی دەوڵەتەوە دەبێت سزایەکی قورستر لە تاوانی دەستبردن بۆ مافی ژیانی کەسەکان و دەستدرێژیکردنە سەر ئەم مافانە دابنرێت.

وەک بەشێک لە مافی ژیانی کەسەکان پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەم پێداویستییە سەرەکی و سەرەتاییانە بۆ هاوڵاتی دابین بکرێت کە پێویستن بۆ درێژەدان بە ژیان. دوەڵەت، پێویستە پێداویستییە سەرەتایی و سەرکییەکانی هەژاران و ئەو کەسانەی پێویستییان پێیەتی دابین بکات. دابینکردنی ژیانێک کە تاکەکان شانازی پێوە بکەن و بە ئاسودەیی ژیانی تێدا بگوزەرێنن ئەرکی دەوڵەتە.

## ٢. ئازادی بیرکردنەوە، ڕادەربڕین و ڕێکخستن (ئاسایشی ئەقڵ)

ئاشکراترین تایبەتمەندی مرۆڤ و جیاکەرەوەی لە بوونەوەرانی تر ئەقڵ و بەرهەمی ئەقڵ بیرکردنەوەیەتی. مرۆڤ بەهۆی ئەقڵییەوە لە فریشتەکان و بەدیهێنراوانی دیکە جیادەکرێتەوە. ئازادی بیرکردنەوە لە هەمانکاتدا ئازادی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە لە دەوری بیرو فیکرێکی دیاریکراو و ڕێکخستن بۆ ئەو فیکرە لەخۆ دەگرێت.

بۆ ئەوەی ئەقڵ ئەرکی خۆی بەجێ بهێنێت، پێویستی بە ئازادی بیرکردنەوە هەیە. تاکەکان لە ڕێگەی مەیل و تێڕوانینیان بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان و ئەو شیکاری و چارەسەرییانەی بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەیانە ئەقڵی گشتی کۆمەڵگە دێتە ئاراوە. پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئەو کەسانەوە بەدیدێت کە فیکرو پەیام بەرهەم دەهێنن. ڕێگریکردن لە ئازادی بیرکردنەوە گەورەترین ستەمە لە مرۆڤایەتی و زوڵمە لە خودی سروشتی مرۆڤ.

سوکایەتیکردن، درۆ بەدەمەوە هەڵواسین، توندوتیژی، نەتەوەپەرستی، جیاکاری، بچووککردنەوەو سوککردنی پێوەرو بەها باڵاکانی کۆمەڵگەو بەرگریکردن لەو ڕەفتارانەی کە دژی خودو سروشتی مرۆڤە وەک بەشێک لە ئازادی بیرکردنەوەو ڕادەربڕین ناژمێردرێن و پارێزگاری لێ ناکرێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا بەربەرەکانێی هەوڵەکانی کوێرکردنەوەی ئەقڵی مرۆڤەکان ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت، بەربەرەکانێی خواردنەوە کحولییەکان کە گوایە پشوو بە مێشکی مرۆڤ دەدەن، قەدەغەکردنی حەب و ماددە هۆشبەرەکان، ڕێگری لە پەخش و بڵاوکردنەوەی ئەو نامەو پەیامانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ کۆمەڵگە بەرەو فەسادو بەدئەخلاقی و بەدڕەفتاری دەبەن وەک بەشێک لە ئاسایشی ئەقڵ و لابردنی ڕێگرییەکانی بەردەم بیرکردنەوەو تێڕامان دەبینین.

## ٣. ئازادی بیروباوەڕو بەندایەتی

مرۆڤ پێویستە سەربەست بێت لە هەڵبژاردنی ئایین و ئەنجامدانی ئەو پەرستشانەی کە بەشێکە لە داواکاری ئایینەکەی جگە لەو بیروڕا پووچ و لادەرانەی کە دژی خودی سروشتی مرۆڤ و دروستبوونیەتی. ئەم ئازادییە پێویستە لەژێر چەتری گرەنتی دەستورو یاساکاندا بپارێزرێت.

ئازادی ئایین و بیروباوەڕ لە هەمانکاتدا ئازادی بەندایەتی و ئەنجامدانی ئەو پەرستشانەیە کە ئایینەکەی داوای لێدەکات بە تاک بە کۆمەڵ، هەروەها لەم پێناوەشدا مرۆڤ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە هاودیدو بۆچوونین ئازادی کۆبوونەوەو ڕێکخستن لە چوارچێوەی بیروباوەڕێکی دیاریکراودا دەگرێتەوە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا هاوڵاتی لە کۆمەڵگەو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا مافی خۆیەتی ئەو پۆشاکەی کە بڕوای پێیەتی بیپۆشێت و خۆی دابپۆشێت. جیاکاری لە بابەتی ئایین و بیروباوەڕو بەندایەتی کەسەکاندا بۆ بابەتی تایبەتی و گشتی ناکرێت.

لە دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا پێویستە جێگای تایبەت و گونجاو دابین بکرێت بۆ کەسانی باوەڕدار بۆ ئەنجامدانی پەرستشەکانیان، هەروەها دابینکردنی پۆشاکی پێویست کە گونجاو بێت لەگەڵ بیروباوەڕو ئایینی فەرمانبەرانی دام و دەزگاکاندا.

دەوڵەت مافی لەچوارچێوەدانی ئایینەکان و داڕشتنەوەیانی بەو جۆرەی خۆی دەیەوێت و مەبەستییەتی نییە. لەو چوارچێوەیەشدا سەرۆکایەتی کاروباری ئایینی کە لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیاوە دامەزرێنراوە پێویستە ڕێکبخرێتەوە.

ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە هەر ڕێگری و مەترسییەک بۆسەر ئایینداران و بیروباوەڕیان لەکاتی پەرستش و بەندایەتییاندا دووربخاتەوە. تەنانەت خودی دەوڵەتیش بۆی نییە تەداخول لە بیروباوەڕی هاوڵاتیاندا بکات. نابێت زۆرو ستەم بۆسەر ئایین و ئایینداران پەیڕەوی لێ بکرێت. دەوڵەت ناتوانێ ئایینی هاوڵاتیانی و چۆنێتی بڕواهێنان یان بڕوانەهێنانیان بە ئایینێک دیاری بکات، تەداخولی ئایین و بیروباوەڕی تاکەکان ناکات. هەر پێشێلکارییەک لە هەرکوێوە بێت دەبێت دەوڵەت ڕێگری لێ بکات.

### ٤. ئازادی پەروەردەو گەشەپێدانی خودی

هەر کەسێت، ئایینی، ڕەچەڵەکی، نەتەوەو زمانی هەر چییەک بێت ماف و ئازادی پەروەردەو گەشەپێدانی خودی هەیە. هیچ کەسێک بەهۆی ئایین، نەتەوە، ڕەچەڵەک، زمان و پۆشاکەوە لەم مافەی بێبەش ناکرێت.

دەوڵەت لە کاتێکدا کە ئەرکی پەروەردەو پێگەیاندن بەجێ دەهێنێت، نابێت جیاکاری بکات. پێویستە دەوڵەت خوێندنی زۆرەملێی بێبەرامبەر دابین بکات.

پێویستە بەو جۆرەی دایک و باوک ڕازین پەروەردەی ئایینی بۆ منداڵان دەستەبەر بکرێت. بەدەر لە ڕەزامەندی دایک و باوک هیچ جۆرە پەروەردەیەکی ئاینی بە مندڵان نادرێت. هیچ دایک و باوکێکیش بۆی نییە ڕێگری لە پەروەردەی ئایینی منداڵەکانی بکات.

پەروەردەو خوێندن بە زمانی دایک مافێکی سروشتی هەر کەسێکە، مافێکی مرۆڤایەتییە. پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵان بە زمانێک کە نەیزانن دژو پێچەوانەی هاوسەنگی و یەکسانی دەرفەتی خوێندنە بۆ هەمووان.

**٥.مافی خاوەندارێتی و میرات (ئاسایشی ماڵ و سامان)**

هەرکەسێک تەنها بۆ خۆی یاخود بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی دیکەدا مافی خاوەندارێتی سەروەت و سامانی هەیە. هیچ کەسێک هەروا لە مافی خاوەندارێتی و سامان بێبەش ناکرێت.

بەدەستهێنانی سامان و مامەڵەپێوەکردنی دەبێت لە چوارچێوەیەکی مەشروع و یاساییدا بێت. هیچ کەسێکی بەرجەستە یاخود مەعنەوی مافی ئەوەی نییە لە ڕێگەی سەروەت و سامان و ئەو ئامرازانەی کە خاوەندارێتی دەکات زەرەرو زیان بە کەسێکی دیکە و دام و دەزگاکان و کۆی گشتی کۆمەڵگە بگەیەنێت و ببێتە مایەی مەترسی بۆیان.

هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە کە سامانی خۆی لەناو ببات و ئیسرافی تێدا بکات.

مافی بەدەستهێنانی سامان لە هەمانکاتدا مافی پاراستنی ئەو ماڵە لە دزی و دەستبەسەرداگرتن و پاراستنی لە باجی بە ناهەق دەگرێتەوە.

دەوڵەت، کاتێک باج دەخاتە سەر کەل و پەل و ئامرازی بەکارهێنراو یاخود کڕین و فرۆشتنی، پێویستە ڕەچاوی بەهای ئەو ئامرازانەو بارودۆخی هاوڵاتیان بکات. دەوڵەت پێویستە بە ڕوونی پێداویستییە سەرەکی و سەرەتاییەکانی ژیان دیاری بکات و لەم چوارچێوەیەشدا هاوکاری و یارمەتی ئەو هاوڵاتیانە بدات کە دۆخی داراییان باش نییە. نابێت دەوڵەت هاوڵاتیان وەک ئامرازێک بۆ بۆ بەدەستهێنانی قازانج و پێداویستییە سەرەکی و سەرەتاییەکان ببینێت و لەم ڕێگەیەوە پێداویستییەکان دابین بکات. بۆ نموونە ئەو کەسانەی کە خانوویان نییەو تەنها بە مەبەستی مانەوە تێیدا دەیانەوێت خانوویەک بکڕن دەبێت لە باجی خانووبەرەو وەبەرهێنان ببەخشرێن. مافی خاوەندارێتی، مافی بەجێهێشتنی سەروەت و سامان بۆ جێگرەوەکانیش دەگرێتەوە، دەوڵەت بۆی نییە ئەم مافە سنوردار بکات و ڕێگری لێ بکات. پێویستە هەموو کەسێک بەپێی هەمان ڕێساو یاسا مامەڵەی میرات و بەجێهێشتنی سەروەت و سامانی لەگەڵ بکرێت. پێویستە یاسای میرات بەپێی بیرو باوەڕو عادات و تەقالیدتی کۆمەڵگە ڕێکبخرێت.

سەروەت و سامانی ئەو کەسانەی کە هیچ واریسێکیان لە دوا بەجێ نەماوە نابێت بڕواتە خەزێنەی دەوڵەتەوە، بەڵکو دەبێت بدرێت بە هەژاران یاخود تەنها بە مەبەستی هاوسەرگیری پێکردنی گەنجە هەژارەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئافرەتی بێکەس و کارو چاودێریکردنی هەتیوان و ئەو بوارو بابەتانەی کە لەو چوارچێوەیەدان بەکاربهێنرێت و لەم چوارچێوەیەشدا دامەزراوەیەکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە هەبێت و ئەو میراتانە بدرێت بەو دامەزراوەیە.

پێویستە خاوەندارێتی موڵک و ماڵ بۆ بیانییەکان سنوردار بکرێت لە کاتێکدا بوونی ئەو موڵک و ماڵە وەک مەترسییەک وابێت، نابێت موڵەتی پێبدرێت.

**٧. مافی گەڕان و لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکان و سەربەخۆیی دادوەری**

هەموو کەسێک لە بەرامبەر یاسادا یەکسانە.

هەر کەسێک مافی سکاڵاو لێپرسینەوەی لای دەسەڵاتی دادوەری و یەکە ئیدارییەکان هەیە لە بەرامبەر هەر پێشێلکارییەک کە بەرامبەر مافەکانی ئەنجام دەدرێت کە لە یاساو ڕێسا نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکاندا دانی پێدانراوەو پێویستە دادگاو دەوڵەت ئەو مافە بۆ ئەو کەسە بگێڕنەوەو بیپارێزن.

لێکۆڵینەوەو بەدوادوچوون بۆ ماف و داواکارییەکان مافی هەرکەسێکەو دەتوانێ لە دەسەڵاتی دادوەری و یەکە کارگێڕییەکاندا سکاڵا بکات و داوای مافی خۆی بکات. بەستنەوەی بەرزکردنەوەی سکاڵاکردن لە دادگای دەستوری و دادگاکانی دیکەش بە پێدانی پارەو باجەوە دەرەنجامەکەی بێبەشبوونی کەسانی هەژارو کەمدەرامەتە لەم مافەیان بەهۆی خراپی دۆخی ئابوورییەوە، پێویستە دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بەو بڕیارەداو هەموار بکرێتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا هەموو هەموو ئەو سکاڵایەنەی کە بە بیانووی پێشێلکردنی مافەوە بەرزکراونەتەوە ببەخشرێن لە هەر باجێک و ئەو ماددانەشی کە سزای ماددی لەسەر ئەو کەسانە دەسەپێنن کە سکاڵاکانیان لە دادگا ڕەتکراوەتەوە پێویستە لابرێن.

پێویستە دەوڵەت یەکسانی لە نێوان هاوڵاتیاندا لە بەرامبەر یاسادا دەستەبەر بکات. بێلایەنی و سەربەخۆیی دادگا گرەنتی بکات.

پێویستە یاسای پێویست دەربکرێت بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دادگا لە ئایدۆلۆژیاو تێڕوانینی سیاسی دادوەران. پێویستە ئەو دادوەرانەی بە پێی ئاستی کۆمەڵایەتی کەسەکان و ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و ئایدۆلۆژییانەوە بڕیاری جیاوازیان لەسەر دەردەکەن، هەروەها ئەو دادوەرانەی سەربەخۆیی خۆیانیان لەدەستداوەو بە پێی ڕێککەوتن بڕیار دەدەن هەم لە

پۆستەکانیان دوور بخرێنەوەو  هەمیش ئەو زیانانەی بەهۆی بڕیارەکانیانەوە بەر کەسەکان دەکەوێت پێیان بژێردرێتەوە، جیاکاری ببەسترێتەوە بە سزای قورسەوە.

نابێت دژیەکی لە بڕیاری دادگاکاندا هەبێت، لە هەر کاتێکدا دەبێت بەسەر هەر کەسێکدا جێبەجێ بکرێت. پێویستە رێکخستنێکی دادوەری جێگیرو نەگۆڕ بەپێی کەسەکان پێکبهێنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لەناو سیستەمی دادوەریدا رێکخستنێکی چاودێری بەهێزو کاریگەر پەیرەو بکرێت، بەڵام دەبێت ئەم چاودێرییە بەجۆرێک بێت کە نەچێتە ناو سیستەمی دادوەری و رێڕەوی دادگاو بڕیارەکان نەشیوێنێت.

پێویستە دەسەڵاتی دادوەری دوور بێت لە سیاسەت، پێویستە خۆ بەدوور بگرین لە رێکخستنی دادوەری کە کراوە بێت بە ڕووی کاریگەری سیاسیدا.

دەکرێت لایەنە ناکۆکەکان لەسەر ئەو بابەتانەی کە کێشیان لە سەری هەیە لە نێوان خۆیاندا رێک بکەون. لەم چوارچوێوەیەشدا پێویستە دەرفەتی دانان و دامەزراندنی دادوەرێک هەبێت کە دەسەڵاتی بڕیاردانی بەسەر لایەنە ناکۆکەکاندا هەبێت. پێویستە ماف بدرێت بە لایەنە ناکۆکەکان کە بتوانن بەپێی بیروباوەڕی خۆیان و داب و نەریتیان ئەو کەسانەی کە متمانەیان پێیانەو بە شایستەی دەزانن وەک ناوبژیوان و بڕیاردەرو دادوەر هەڵیبژێرن.

پێویستە دادگای سزا سەختە ناوچەییەکان کە درێژکراوەی (DGM) و (ÖYM) یەو تایبەتمەندییەکانی ئەوانی هەڵگرتووەو دژ و پێچەوانەی بنەمای یاسایی "هەس کەسێک لە بەردەم یاسادا یەکسانە" یە لابرێن، پێویستە چاو بخشێنرێتەوە بە چەمکی "پرەنسیپی دادوەری" لە یاساکانی ئوسوڵ و ئینفازدا. رێکخستن و یاسای "کردارە تاوانکاری و سزاکارییەکانی دژ بە دەوڵەت" حوکمێکی عورفی هێناوەتە ئاراوەو چەمکی "دەوڵەتی پۆلیسی" لە بری چەمکی "دەوڵەتی دادپەروەردا" جێگیر کردووە.

ئەم جۆرە رێساو رێکخستنانە کە رێگەیان خۆشکردووە بۆ جیاکاری و نادادپەروەری بەناوی یاساوە پێویستە بەزووترین کات لابرێن.

## ٨. مافی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزان (ئاسایشی وەچە)

هەر کوڕ و کچێک کە دەگەنە تەمەنی هاوسەرگیری مافی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزانیان هەیە. خێزان تۆوی کۆمەڵگە و گرەنتی بەردەوامییەتی. کۆمەڵگەیەکی تەندروست تەنها و تەنها لە خێزانگەلێکی تەندروست دروست دەبێت. لەبەر ئەوە هاندانی گەنجان بۆ دروستکردنی خێزان و پاراستنی خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ئەرکی دەوڵەتە. هەر هاوڵاتیەک بگاتە تەمەنی هاوسەرگیری ویستی هاوسەرگیری هەبێت بەڵام بەهۆی نەبوونی و کەمدەستییەوە نەتوانێت

خێزان دروست بکات، پێویستە دەرفەت و یارمەتی پێویستی بدرێت بەمەبەستی هاوسەرگیری  بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە بودجەی گشتیدا پشک بۆ ئەم کارانە تەرخان بکرێت، ئەو کەسانەشی کۆچ دەکەن و لەدوای خۆیان نەوەیان لێ بەجێنامێنێت سامانی بەجێهێڵراویان بخرێتە سەر ئەو پشکەی کە بۆ پشتیوانی هاوسەرگیری دابین دەکرێت.

بەو پێیەی خێزان سەرەکیترین پێکهاتەی کۆمەڵگەیە، دەبێت سەرجەم یاسا و پلان و ڕێنماییەکان بە ئاراستەی ئاسانکاری بۆ دروستکردنی خێزان و پاراستنی بنەما پیرۆزەکانی خێزان و پەرەپێدانی پاراستنی پەیوەندیە خێزانیەکان  لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان و ئەخلاقی گشتی کۆمەڵگەدابن.

خێزان لە ڕێگەی هاوسەرگیری کوڕ وکچێکەوە دادەمەزرێت. وەک ئەوەی لە هەندێک وڵاتدا دەبینرێت خێزان لە ڕێگەی پەیوەندی هاوڕەگەزبازییەوە بنیات نانرێت و بەمە ناوترێت خێزان. ئەم پەیوەندیە لەڕێلادەرانەیە کە پیرۆزی خێزان ناهێڵێت و پێویستە لەلایەن کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە قبوڵ نەکرێت.

ئەو پەیمانی هاوسەرگیریەی کە لە ڕێگەی مەلای مزگەوتەکانەوە ئەنجام دەدرێت کە لە کۆمەڵگەو هەست و نەستی خەڵکیدا جێگیربووە و وەک یەکێک لە پایە سەرەکیەکانی  کۆمەڵگە و باوەڕی خەڵکی تەماشا دەکرێت پێویستە بە تاوان تەماشا نەکرێت و وەک پەیمانێکی ڕەسمی و یاسایی بناسرێت.

بەپێی تێڕوانینی سیکیولاری بێت: " هەر ئیش و کردارێک تەنها پێویستە لە ڕووی یاساییەوە ڕاست و دروست بێت. لەڕووی ئەخلاقیەوە هەڵە بێت یاخود دین قەدەغەی کردبێت بایەخێکی ئەوتۆی نییە". زینا کە لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگەوە بە قەدەغە و حەرام وەک کارێکی بێئەخلاقی گەورە دانراوە، بووەتە هۆکاری بەدئەخلاقی لە کۆمەڵگەدا و فەسادی بڵاوکردۆتەوەو ڕێڕەوی وەچەخستنەوەی تێکداوە و ئارامی کۆمەڵگەی شێواندووە، ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لەبەرئەوە زینا کە لەلایەن سیستەمی سیکیولارەوە وەک تاوانێک نەناسێنراوە پێویستە وەک تاوان بناسرێت، ئەمەش لەپێناو سەلامەتی وەچەختنەوە و تەندروستی کۆمەڵگەدا. چونکە قەدەغەکردنی زینا مافێکی مرۆڤایەتیە بە ئاراستەی پاراستنی ئاسایشی وەچەخستنەوە.

لەلایەکی ترەوە قەدەغەکردنی پەیوەندی لەڕێلادەری هاوڕەگەزبازی و ناساندنی وەک تاوان پێویستە، کە هەڕەشەیەکی جدییە بۆ مرۆڤایەتی و توشی فەسادی کردووە، کە پەیوەندی بەهەموو کۆمەڵگەوە هەیە و قەدەغەکردنی مافێکی مرۆڤەکانە.

### ٩. ژنان، منداڵان، خاوەن پیداویستیە تایبەتەکان و بێ تواناکان

کارکردنی ئافرەتان پێویستە لەگەڵ بونیادی جەستەیی و ڕەگەزیاندا یەک بگرێتەوە. پێویستە لەو دامەزراوانەی کە خزمەت بە ئافرەتان دەکەن تەنها ئافرەتان تێیدا کار بکەن بەتایبەتی کەرتی پەروەردە و تەندروستی.

نابێت ڕێگری لە ئافرەتانی ئیشکەر بکرێت بۆ پۆشینی ئەو جل و بەرگانەی کە باوەڕیان پێیەتی و خواستیانە لەبەری بکەن. ئەو ئافرەتانەی لە مێردەکانیان جیابوونەتەوە یاخود مێردیان کۆچی دوای کردووە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی مێردەکانیان ئیش ناکەن (خاوەن پێداویستی تایبەت، زیندانی، سزادراو، ونبوو) و ئافرەتەکان خۆشیان نایانەوێ ئیش بکەن پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە خەرجی ژیانیان دابین بکرێت. بێوەژن و بێ دایک و باوکان کە بیمەی کۆمەڵایەتییان نیە پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە شوێنی مانەوە و خەرجی ژیانیان دابین بکرێت. پێویستە ئیشکردنی منداڵانی خوار تەمەن ١٥ ساڵ قەدەغە بکرێت. ئەو منداڵانەی کە لە ماڵدا هیچ کەس نیە کاریان بۆ بکات و ناچار دەبن خۆیان کار بکەن، پێویستە دەوڵەت لەگەڵ گرتنە ئەستۆی کەمترین ڕێژەی دیاریکراوی بژێوی خێزانەکانیاندا، خەرجی خوێندنی ئەو منداڵانەش دابین بکات.

ئەو هاوڵاتییە خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی کە ناتوان کار بکەن لەلایەن دەوڵەتەوە پێویستە چاودێری بکرێن و بژێوی ژیانیان دابین بکرێت. ئەو خاوەن پێداویستیە تایبەتانەی توانای کار کردنیان هەیە، پێویستە بە پێی توانا و باری جەستەییان دەرفەتی کاری گونجاویان بۆ بڕەخسێنرێت.

## ١٠. ئازادی نیشتەجێبوون پاراستنی زانیاری تایبەتی و کەسی

دەسنابرێت بۆ شوێنی مانەوەی هیچ هاوڵاتیەک. پێدان و وەرگرتن، گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری سەربەستە.  نابێت بە هۆکاری ڕێگری لە تاوان، ئاسایشی گشتی یاخود پاراستنی ئەخلاق وتەندروستی گشتی تەنانەت بە هۆکاری گوێگرتن لە ناوەند و ژینگەی ناوچەیەک وە بەبڕیاری دادگاش نەبێت نابێ گوێ بگیرێ لە قسەکردنی هاوڵاتیان لە ماڵ و شوێنی کارکردنیاندا یان ئامرازی دەنگهەڵگر جێگیر بکرێت. نابێت بە هیچ هۆکار و بنەمایەک چاودێری ئەندامانی خێزان و هاوڵاتیان بکرێت. نابێت چاودێری و ڕێگری لە هیچ پەیوەندیەکی نوسراو، بیستراو و بینراو بکرێت. لەسەر ئەم بابەتە پێویستە یاسای تایبەت دیاری بکرێت.

## ١١. مافی گەشەکردن و مانەوە

هەر هاوڵاتیەک لە ناوەندی وڵات و دەرەوەی وڵات بۆ هەر شوێنێک و لە هەر کاتێکدا مافی گەشت و سەفەر و مانەوەی هەیە. هیچ کەسێک بەبێ هۆکاری شەرعی  و یاسایی و بەهۆی

جیاوازی دین، زمان، نەتەوە و مەزهەبەوە لەم مافە بێبەری ناکرێت. هیچ کەسێک بە هۆکاری ئەوەی لە دەرەوەی وڵات دەمێنێتەوە مافی هاوڵاتیبوونی لێ ناسێنرێتەوە.

**١٢. مافی هەڵبژاردن و بەشداریکردن لە بەڕێوەبردندا**

هەر هاوڵاتیەک بە مەرجی بوونی مەرجە پێویستەکان مافی بەشداری لە هەڵبژاردن، خۆبەربژێرکردن و بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەیە. هاوڵاتیەک لە ڕووی ئەقڵیەوە تەندروست بێت و ١٥ ساڵی تەمەنی تەواو کردبێت پێویستە مافی بەشداریکردنی لە هەڵبژاردندا هەبێت. هەموو مەرجەکانی بەشداری لە هەڵبژاردن بەدەر لە مەرجی ئاقڵی و تەمەن لاببرێت. پێویستە مافی هەڵبژاردن هەبێت بۆ سزادراوان و سەربازی زۆرەملێ.

پێویستە مافی خۆبەربژێرکردن بۆ تەمەنی ١٨ ساڵی کەمبکرێتەوە. ئەو ڕێگریانەی خراونەتە بەردەم فەرمانبەران بۆ بوون بە ئەندام لە پارتە سیاسیەکان پێویستە هەڵبگیرێت، بەدەر لە ئەندامانی سوپا و هێزەکانی ناوخۆ و دادوەر و داواکاری گشتی. پێویستە ئەو ڕێگریانەی بۆ بوون بە ئەندام لە پارتە سیاسیەکاندا هەڵبگیرێ کە خراونەتە بەردەم ئەو کەسانەی بەهۆکاری سیاسی سزادروان و ماوەی سزاکەیان تەواو بووە.

لابردنی سیستەمی بەنداو (BARAJ) پێداویستییەکی جێبەجێکردنی دادپەروەرییە، لە سیستەمێکدا کە دادپەروەری لە نوێنەرایەتی خەڵکیدا جێبەجێ بکرێت سیستەمی بەنداو قەبوڵ ناکرێت.

**١٤. مافی کارکردن، پشوودان، دەستکەوتنی کار و بەشداریکردن لە سەندیکاکاندا**

هەر کەسێک مافی کارکردنی بە سەربەستی و دوور لەمەترسی و پاراستنی لە مەترسیەکان هەیە.

هەر کەسێک مافی وەرگرتنی کرێیەکی لەبەرامبەر ئەو کارەی دەیکات هەیە کە ببێتە مایەی دابینکردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە و خۆشگوزەران. هەروەها مافی پشوودان، هەڵبژاردنی پیشە، دامەزراندنی سەندیکا و بەشداریکردنی لە هەر سەندیکایەک کە بیەوێت هەیە. بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ جیاکاریەک مافی کاری یەکسان و کرێی یەکسانیان هەیە.

هیچ کەسێک نابێت بەزۆر کارێکی پێبکرێت کە لە توانایدا نەبێت. هیچ کەسێک نابێت لەسەر حسابی کەسێکی دیکە قازانج بەدەست بهێنێت. مافی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەعنەوی و پیشەیی، بەشداریکردن لەو خولانەی کە بە مەبەستی گەشەپێدانی خودی دەکرێتەوە ڕێکبخرێت.

پێویستە ڕێکار و ژینگەی کارکردنی کارکەران چاک بکرێت. ئەو کەسانەی دژی ئەمەن دەبێت سزا بدرێن و ئەو ڕیکارانەشی ڕێ لەمە دەگرن هەڵبوەشێنرێنەوە، لەم چوارچێوەیەشدا پێویستە ئاستی

چاودێری کردن بەرزتر بکرێتەوە. پێویستە ڕێگری بکرێت لە خاوەنکار کە ستەم لە کارکەران نەکات و بەهەمانجۆر ڕێگریش لە کارکەران بکرێت هێزی خۆیان بۆ دژایەتی بۆ زیانگەیاندن بە خاوەنکار بەکارنەهێنن.

پێویستە سیستەمێکی جێگیر بەکاربهێنرێت بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران لە کەرتی گشتیدا، ڕێگری بکرێت لە پشتگیری و واسیتە و بەپێی توانا و لێهاتوی هاوڵاتی دابمەزرێنرێت.

## ١٥. مافی تەندروستی و زمان و نیشتەجێبوون

خزمەتگوزاری تەندروستی لە ئەرکە سەرەکیەکانی دەوڵەتە. پێویستە بە ئاسانی و بێبەرامبەر دەستیان بەم خزمەتگوزاریە بگات. بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە چەندین ساڵە پشتگوێخراون بە زووترین کات خزمەتگوزاری تەندروستیان پێ بگات و کەمکورتیان پڕبکرێتەوە.

ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە چارەسەری بەردەوام هەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ جۆرە قەرز و باجێک کە لەسەریان هەبێت پێویستە چارەسەری پێویستیان بۆ بکرێت.

خۆراکێکی تەندروست و بەخێوکردنێکی تەندروست مەرجی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە. پێویستە دەوڵەت بەتەواوی بازاڕی بەرهەمهێنانی خۆراک بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە، خواردنە زەرەرمەندەکان پێش ئەوەی بخرێنە بازاڕەوە لەناو ببرێن.

وەک پێداویستی و ئەرکێکی دەوڵەتی سۆسیال، پێویستە دەوڵەت ئەرکی بەخێوکردن و دابینکردنی بژێوی بێ کەسان، منداڵان، پیران، بێ توانایان و ئەو کەسانەی پێویستیان بە یارمەتیە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

هەر کەسێک مافی بەدەستهێنانی جێگەیەکی هەیە کە بتوانێت تێیدا بمێنێتەوە.

دەوڵەتی سۆسیال هەڵدەستێت بە دابینکردنی شوێنی مانەوە بۆ ئەو کەسانەی لە خۆیان توانای بەدەستهێنانی ئەو شوێنەیان نییە.

**بەشی سێیەم/ دروستکردنی دەوڵەت، ئەرک و ئامانجەکانی**

شتێکی ئاشکراو ڕوونە ئەو کەسانەی خاوەن ئیرادەیەکی هاوبەشن و لەسەر خاکێکی دیاریکراو پێکەوە دەژین، لەبەر هەستکردنیان بە پێویستی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاسایش، دادپەروەری، پاراستن و پەروەردە و ڕێکخستنی بە شیوەیەکی دروست و ڕێکخراو هەست بە دروستکردنی پێکهاتەیەکی ریکخراوی وەک "دەوڵەت" دەکەن. بەڵام هەروەک لە ڕابردوو و لە ڕۆژگاری ئێستاشدا دەبینرێت ئەو پێکهاتە ڕێکخراوەی بە ناوی "دەوڵەتەوە" دروست دەکرێت پاش ماوەیەک ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویدا دروستکراوە لەبیری دەچێتەوەو لە بری خزمەتکردنی خەڵک، خەڵک دەکات بە ئامرازێک بۆ خزمەتکردنی خۆی، ئەو خەڵکەی کە لە پێناوی خزمەتکردنی کۆمەڵگەدا لەڕێگەی پێدانی باجەوە دەوڵەتەکە دروست دەکەن، دواتر ئەو دەوڵەتە ئەوانی بیردەچێتەوەو تەنانەت بۆ خزمەتی خۆی بەکاریان دەهێنێت. مرۆڤەکان لە بەرامبەر ئەم پێکهاتە ڕێکخراوەی کە بە داهات و باجی خۆیان دروستیان کردووە ناتوانن ڕووبەڕووی ببنەوەو لەژێر سایەی ئەو سیاسەتەی ئەم پێکهاتەیە بۆ خزمەتی خۆی پەیڕەوی لێدەکات زیاتر دەچەوسێنەوە.

لەگەڵ ئەوەی "خەڵک سیستەمی گشتی قەبوڵ نەکردووە بەڵام بۆ خەڵک سیستەم دانراوە" و کۆمەڵگە بەو جۆرە تێگەیەنراوە کە "ئەو سیستەمە بۆ خەڵکی باشە" و بە زەبری هێز ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو سەپێنراوە بەسەر خەڵکیدا. دەرەنجامی ئەمەش ئەو کەسانەی کە بەم جۆرە بیریان نەکردووەتەوە پێیان وابووە "بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە لە شتێکدایە کە لە دەرەوەی ئەو ئایدۆلۆژیایەیە کە بە زۆر بە سەر خەڵکیدا سەپاندوویانە" بە خیانەتکاریان لە قەڵەمداوەو بە توندترین شێوە سزایان دراون.

ئەو پێکهاتە ڕێکخراوەی کە پێی دەوترێت دەوڵەت بە ئامانجی بەدەستهێنانی پشتیوانی بەشێکی خەڵکیش بێت بەردەوام دەژمنی دەرەکی و ترسی وەهمی بەرهەمهێناوە.  خەڵکیان کردوە بە دوژمنی یەک و بە دروسکردنی ئەم ژینگەیەش بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان پاراستووە. تەنانەت شوێن بە شوێن وەک قەوارەیەکی پیرۆز خۆیان نیشانداوە و ویستویانە ڕێزی تەواویان لێ بگیرێت. بەداخەوە ئەم یاریە بە ناوی چەند چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەوە دەستی پێوەگیراوە و دەوڵەت وەک پێکهاتەیەکی پیرۆز و پارێزەری کۆمەڵگە لەمەترسیە وەهمیەکان قەبوڵ کراوە.

ئێمە دەوڵەتمان بەم جۆرە قەبوڵ نییە. دەوڵەت هیچ جۆرە ئایدۆلۆژیایەک نادات بەسەرشانی خەڵکیدا، دەوڵەت پێویستە ئەو خزمەتگوزارییانە پێشکەشی خەڵک  بکات کە پێویستیانە، بەدەر لەمە نابێت لە چوارچێوەی ئەو ئامانجانە دەربچێت لە پێناویدا دامەزراوە.

بەپێی بیرو باوەڕی ئێمە بێت، دەوڵەت ڕێکخستنێکی سیاسی و یاساییە کە لەلایەن "مرۆڤەکان"وە دامەزرێنراوە بەمەبەستی پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی خاکێکی دیاریکراودا بۆ ئاسایش و ئارامی و گەشەپێدانی ماددی و مەعنەوی خۆیان. پشتبەستن بەوەی کە دەوڵەت لەلایەن مرۆڤەکانەوە وەک قەوارەیەکی سیاسی دروستکراوە ئەوا دەوڵەت لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا هیچ پیرۆزیەکی نییە.

ئەرکی دەوڵەت تەنها دابینکردنی ئاسایش و ڕێگری لە مەترسیە دەرەکیەکان وکپکردنەوەی ئاڵۆزی و ئاژاوە ناوەکیەکان و کۆکردنەوەی باج و دروستکردنی دەسەڵات و دادپەروەری لێپێچینەوەو دادگایی نییە، نابێت خۆی بەدوور بگرێت لە کاروبارەکانی دیکەیش. دەوڵەتێکی لەم جۆرە لە سەدە هەرە کۆنەکاندا ماوەتەوە. لەمڕۆدا ئەرکی دەوڵەت و ئەو کاربەدەستانەی کە وڵات بەڕێوەدەبەن زیادی کردووە: بۆ نموونە لە ڕێگای هێزی سەربازی و ناوخۆییەوە سیستەم و ڕێکخستن جێگیر دەکات و دەیپارێزێت. دەوڵەت بەڕێوەبردن و یاسا جێبەجێ دەکات و لەڕێگەی پلانی پێشوەختەوە ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان دەکات، ماف و ئازادی هاوڵاتیان لە هەر هێرش و دەستدرێژیەک دەپارێزێت، لە ڕێگەی کردنەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە بەربەرەکانێ نەزانی دەکات و بەربەرەکانێی هەژاری و نەداری دەکات، هەوڵدەدات بۆ دابەشکردنی داهاتی گشتی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە، لە پێناو پاراستنی خێزان و بەها باڵاکان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە هەنگاوی  پێویست دەنێت، لەم چوارچێوەیەشدا ڕێگری دەکات لە بەدئەخلاقی و ئالودەبوون بە ڕەفتاری خراپەوە و ڕێگری لەو خووە خراپانەیش دەکات. ڕێگری لە پیسبوونی ژنگە دەکات. وەک بنەمایەکی سەرەکی دەوڵەتی سۆسیال برسیەکان تێر دەکات، جێگای مانەوە بۆ بێنەوایان دابین دەکات، پشت و پەنای بێ کەسان دەبێت، چارەسەری تەواوی نەخۆشان دەکات، ماف و ئازادی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە لێیان زەوت کراوە، بە هانای لێقەوماوانی ڕووداوە سروشتیەکانەوە دەچێت، بەکورتیەکەی دەوڵەت پابەندی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و گەرەنتیکردنی لە ئەستۆدایە.

بەپێی مانای کارگێڕی کۆماری تورکیا بێت کۆمارە. جەماوەریش کۆی خەڵکە بە جیاوازی زمان و ڕەنگ و بیروباوەڕیانەوە. وەک ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی کۆمارێکی بێ جەماوەر سەرەڕای بوونی جەماوەر بەڕێوەبردنی جەماوەر بەشێوەیەکی پشتاوپشتی و زۆرداری مومکین نییە. کۆمار واتە بەڕێوەبردنی جەماوەر لەڕێگەی ئەو نوێنەرانەی کە خۆیان هەڵیانبژاردووە.

ئەو کەسانەی کە حوکمەت بەڕێوەدەبەن دەسەڵاتیان لە خەڵک وەرگرتووە و حوکمی پێدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەستیانگرتووە بەسەر پۆستەکانیانداو قۆرخیان کردووە. لەبەر ئەوەی وەک وەکیلێک لەو پۆستەدان و نوێنەری خەڵکن دەبێت بەو جۆرە حکومەت و کۆمەڵگە بەڕێوە ببەن کە زۆرینەی کۆمەڵگە دەیەوێت. پێچەوانەی ئەوە بەکارهێنانی دەسەڵاتی وەکالەت و

نوێنەرایەتیە بەشێوەیەکی خراپ، خراپ بەکارهێنان و تێپەڕاندنی سنورەکانی دەسەڵاتدارییە، خیانەتە لە ئەمانەت.

لە کۆمارێکی ڕێک و ڕاستدا، ئەوانەی کە حوکمی وڵات دەکەن دەسەڵاتداری ڕەها نین، دەسەڵاتێکی دیاریکراو و چوارچێوەداریان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر دەسەڵات بەڕێژەی ٩٩٪ پشتیوانی خەڵکیشی هەبێت مافی ئەوەی نییە دەستدرێژی بکاتە سەر مافی ئەو لایەنانەی کە ئەویان ناوێت و بیانچەوسێنێتەوە. بە زۆرداری دین ناسەپێنێ بەسەر خەڵکدا و دینیان ناگۆڕێت، ڕێگری لە بەندایەتی و پەرستشەکانیان ناکات، زمانی دایکیان قەدەغە ناکات. بێگومان پەڕلەمانیش کە دەسەڵاتی لەگەڵ وەرگرتووە لە دەسەڵاتەکانیدا سنورێکی دیاریکراوی هەیە. پەڕلەمانێکی لەمجۆرە هەرکاتەو بەویست و ئارازووی خۆی یاسا و ڕیسا دەرناکات. ئەو یاساو ڕێسایانەی دەری دەکات نابێت دژ و پێچەوانە بێت لەگەڵ پێکهاتە و ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەو ئەو بەهاو نەریتانەی کە میللەتی کردووە بە میللەت و مافەکانی مرۆڤ و بنەما سەرەکیەکانی یاسا و ئاداب و ئەخلاقی گشتی کۆمەڵگە و بیرو باوەڕەکانیدا. ئەو کەسانەی دەسەڵاتی دادوەریان لەلایە سنورێکی دیاریکراویان هەیە، ئەم کەسانە تەنانەت لەڕێگەی شیکاریەوە بۆ دەقە یاساییەکانیش نابێت سنوری دەسەڵاتیان ببەزێنن.

### ١. ئیرادەی خەڵک و دەستوری نوێ

ئەو دەستورەی ساڵی ١٩٨٢ لەلایەن ئەو کەسانەی کەلە ٩١٢٨ هەڵگەڕانەوەی سەربازییان کرد زۆر دورە لە خواست داواکاریەکانی خەڵک و کۆمەڵگەوە. ئەم دەستورە پۆشکێکی تەسکی دڕاو وایە کە بە هیچ جۆرێک بۆ جەستەیەکی دیارکراو گونجاو نەبێت و بەزەبری هێز و چەک کرابێتە بەری. داواکاری زۆربەی خەڵکی بەتەواوی دەستورێکی تازەیە.

نوسینەوەی دەستورێکی نوێ کە دوربێت لە هەر ئایدۆلۆژیا و وابەستەییەک پێویستیەکی هەنووکەییە.

پێویستە دەستپێکی یاسای نوێ کورت و پوخت بێت، بەبێ ڕەچاوکردن و جەختکردنە سەر نەتەوە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤی تێدا بپارێزرێت و گرێنتی بکرێت.

لەم دەستورە نوێیەدا نابێت پشت بە هیچ ئایدۆلۆژیایەک ببەسترێت. لەم چوارچێوەدا پێویستە دەقی سوێندی پەڕلەمانتاران و هەر دەسەڵاتدارێکی تری وڵات گۆڕانکاری تێدا بکرێت. هیچ کەسێک نابێت سوێند بە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بخوات، بەڵام هەر کەسێک دەبێت سوێند بخوات لە پێناو بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگەدا کار دەکات. لە دەستوری نوێ پێویستە ڕەچاوی پێداویستیەکانی کۆمەڵگە و داواکاری خەڵکی و جیاوازیەکانیان بکرێت. لە دەستوری نوێدا بە

لەبەرچاوگرتنی پێوەرەکانی ماف و دادپەروەری ڕێگە بە دووربەرێزکردنی هاوڵاتی و تۆمەتبارکردنی وەک دوژمنی ناوخۆ نادرێت و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەبەرچاو دەگیرێت و بەدی دەهێنرێت.

لەڕێگەی پێکهێنانی سوپایەکی ڕاهێنراو پیشەیی خزمەتی سەربازی زۆرەملێ ناهێڵرێت. پێویستە مافی ڕەتکردنەوەی سەربازی پیشەیی لەماوەی کاتی سەربازیدا وەک مافێکی ئاسایی هاوڵاتی بناسرێت.

بەکارهێنانی ئەم مافەش لەلایەن هاوڵاتیەوە نابێت ببێتە هۆی زەوتکردنی مافەکانی تری.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو بنەمایەی کە لە ئێستاوە، مافی خەرجکردنی داهاتی نەوەکانی داهاتومان نییە و قەرز و فایز مەترسیە لەسەر سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وڵات. پێویستە لەدەستوری نوێدا بودجەیەکی جێگیر و خەرجنەکردنی پارەی زیاد لەداهاتی وڵات بسەپێنرێت.

پێویستە دەسەڵاتی زیادکردنی باج لە ئەنجومەنی وەرزیران وەربگیردرێتەوە، پێویستە بە ماددەی دەستوری بچەسپێنرێت کە دەسەڵاتی زیادکردنی باج تەنها لەدەستی پەرلەماندایە.

لەو بەشەی کەتێیدا باس لە مافە سەرەتاییەکان و هاوڵاتیبوون دەکات، پێویستە ماددەیەک جێگیر بکرێت بەمجۆرە "هۆکاری دروست بوون و مەشروعی بوون و بەرپرسیارێتی و پابەندی ئەم دەوڵەتە بریتییە لەوەی کە هەر هەوڵاتییەکی کۆماری تورکیا بەشێوەیەکی یەکسان سوود ببینێ لەم مافی سەرەتایی و هاوڵاتیبوونە". بەم جۆرە هەم گفتووگۆی چەمکی هاوڵاتیبوون دەکرێت و هەم بەتوندی جەخت دەکرێتەوە سەر ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتی.

### ٢. فەرمانبەری گشتی و تێڕوانین بۆ چەمکی هاوڵاتیبوون

فەرمانبەری گشتی ئەو کەسانەن کە مووچەیان لەسەر بەشێکی داهاتی گشتی گەلەوە دابیندەکرێت و لەپێناو بەڕێکردنی کاروباری گشتی دەوڵەتدا دەخرێنەکار و خزمەتکاری خەڵکن. بەواتەیەکی تر فەرمانبەری گشتی حوکمکاری خەڵک نین بەڵکو خزمەتکاری خەڵکن. لەبەرامبەر ئەمەشدا هاوڵاتیان ئەو کەسانە نین کە حوکم دەکرێن و بەخێودەکرێن، بەڵکو ئەو کەسانەن کە خزمەت دەکرێن.

### ٣. کێشەی کورد

کورد یەکێکە لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بەزمانی کوردی لە ناوچەیەکدا کە پێی دەگوترێ خاکی کوردستان دەژین. ئەم ناوچە جوگرافیە لەڕۆژهەڵاتەوە لە چیاکانی زاگرۆزەوە،

له خۆرئاواوه له خۆرهەڵاتی چیاکانی تۆرۆسەوە، لەباکورەوە له بەشی باشوری چیاکانی دەریای ڕەشەوە بەرەو باشوری خۆرهەڵات و له باکوری کەنداوی بەسرە نزک دەبێتەوە، لەباکوری خۆرهەڵاتەوە تاوەکو ناوەڕاستی قەوقاز درێژ دەبێتەوە و له باشوری خۆرئاوادا تاوەکو هێڵی باکوری حەلەب دەڕوات.

کوردەکان له کۆنترین نەتەوەکانی ناوچەکەن. لەدوای دەسەی ١١ که تورکەکان بەرەو ئەم ناوچەیە هاتن، بەهۆی هاوبەشی دین و مسوڵمانی هەردوو نەتەوەکەوە نزیکبوونەوە ڕویداو پێکەوە له دژی هێزی بێزەنتینیەکان جەنگان. پاشانیش بەدرێژای سەدان ساڵ پێکەوە هەردولا بەبرایەتی لەم ناوچەیەدا ژیاون. بەڵام دواتر بەهۆی پەیڕەویکردن له سیاسەتێکی جیاواز، دەرکەوتنی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی و سیاسەتەکانیان و لەکۆتایشدا بەهۆی سیاسەتی کۆماری نوێی تورکیاوە ئەم برایەتیە درزی تێکەوت.

ئایدۆلۆژیای کۆماری نوێ لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دامەزرێنرا. یەکەمیان بێ دینی و سێکیولاریزم و دووەمیان تورکچێتی. بەهۆی سیاسەتی سیکیولارەوە کوردەکان و برا تورکە مسوڵمانەکانی خۆرئاوای تورکیا ئەزیەت و ناڕەحەتی زۆریان چەشت. بەڵام ناڕەحەتی کوردەکان هەر بەمە کۆتایی نەهات، تەنها بەهۆی کوردبونیانەوە لەسایەی سیاسەتی تورکچێتی و بەتورکردنیاندا زەبر و زەنگی زۆریان چەشت. بەمجۆرە وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر سیاسەتی سێکیولار و تورکچێتی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و سەرهەڵدانی دەرسیم و ئاگری داخ به توندترین شێوەو به زەبری ئاگر و ئاسن کپکرایەوە و کۆمەڵکوژییان لێکرا. لەمانەو له قەتڵ و عامی زیلاندا پێکەوە سەدان هەزار هاوڵاتی کوژران و بریندار بوون، لەم ڕێژەیەش زیاتر به ڕووت و ڕەجاڵی سەرگەردان و ئاوارە و نەفی کران بۆ خۆرئاوای تورکیا. لەم سەردەمەدا زوڵم و چەوساندنەوە گەشتە ئاستێک که ئەقڵ بڕی نەکات. بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخەکە و ئاشتی کۆمەڵایەتی پێویستە:

پێش هەموو شتێک بەرامبەر ئەم هەموو زوڵم و چەوساندنەوە بەناوی دەوڵەتەوە داوای لێبووردن له خەڵکەکەی بکرێت و قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکرێتەوە.

دەستبەردار بوون له مەرج و تایبەتمەندی ئەوەی که هەر هاوڵاتیەکی تورکیا به تورک هەژمار بکرێت و بەپێی دەستور کوردەکان وەک کورد بناسێنرێت و کورد و تورک پێکەوە به دامەزرێنەری دەوڵەت قەبوڵ بکرێن.

پێویستە زمانی کوردی لەگەڵ زمانی تورکی وەک دووەم زمانی ڕەسمی دەوڵەت قەبوڵ بکرێت، لەهەمانکاتدا پێویستە زمانی کوردی زمانی پەروەردە و پێگەیاندن بێت. بۆ نەتەوەکانی دیکەش ئەگەر داواکاری پێویست هەبێت دەبێت دەرفەتی خوێدنیان به زمانی دایک بۆ دەستەبەر بکرێت.

پێویستە ئەو مارشەی (ANDIMIZ) و مارشە هاوشێوەکانی کە بۆنی نەتەوەپەرستی لێدێت و بە خوێندکارانی بنەڕەتی دەخوێنرێت لابرێت. هەموو ئەو نوسینانەی وەک "چەند خۆشحاڵن ئەوانەی دەڵێن تورکم"(NE MUTLU TÜRKÜM DİYENE) هاوشێوەکانی پێویستە بسڕدرێنەوە. دەبێت کۆتایی بهێنرێت بە دروشمی "تورکێک لە هەقی هەموو دونیایە" (BİR TÜRK DÜNYAYA BEDELDİR) و هاوشێوەکانی کە ڕەگی نەتەوەپەرستی تێدایە. دەبێت هەموو ئەو قوتابخانە و سەربازگە و شەقام و کۆڵان و هاوشێوەکانی کە بەناوی ئەو کەسانەوە نوسراوە کە ستەم و جیاکاریان کردووە لە ڕابردوودا بەهەر جۆرێک بێت بگۆڕدرێت.

کۆتایهێنان بە گوتاری تورکچێتی لە دەستور و هەموو ئەو یاسا و ڕێکارانەی کە تورکێتی بە سیماو حاکمی هەموو کارەکان دادەنێت، بەتایبەت لە بابەتی هاوڵاتیبووندا تورکێتی بسڕدریتەوە. گێڕانەوەی ناوە کۆن و ڕاستیەکانی ئەو ناوچانەی ناوەکانیان گۆڕدراوە.

کۆتایهێنان بە سیستەمی پارێزگاری (KORUCULUK SİSTEMİ) کە بووەتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشە لە ناوچەکەدا، لە هەمانکاتدا قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی لابردنی ئەم سیستەمەوە زیانمەندو بێ کار دەبن و مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەبێت.

ئاشکراکردنی چارەنووسی هەزاران ونبوو، بەجدیەتەوە کارکردن لەسەر پڕۆسەی لێکۆڵینەوە لە تاوانە بکەر نادیارەکان (FAİLİ MEÇHUL) و دۆزینەوەی بەرپرسیاران و سزادانیان.

لێکۆڵینەوە لە سوتاندنی لادێکان و بەزۆر کۆچپێکردنی دانیشتوان، بە قوڵی وردی لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوە لەو زوڵم و ناحەقیانەی لەلایەن ژێتەم و هاوشێوەکانیانەوە کراوە.

پێویستە بەڕەسمی دانبنرێت بەو زوڵم و ستەمەی کە لە زانایانی کورد کراوە لەسەروی هەموویانەوە شێخ سەعیدی پیران، داوای لێبوردن لە هەموو خەڵک و کەسوکاری شێخ و قوربانیانی دیکەش بکرێت.

ئاشکراکردنی گۆڕی سەعیدی نورسی، شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزا و لە ڕێگای دادگای ئیستیقلالەوە ئاشکراکردنی ئەرشیفەکانیان. پیویستە مەدرەسەکان (حەجرەکان) چاک بکرێنەوە، بە ئەرکە بنەڕیتیەکانی خۆیان شادببنەوەو ئەو بڕوانامانەی لە مەدرەسانەدا بە فێرخوازان دەدرێت بەڕەسمی دانی پێدا بنرێت.

پێویستە ڕێکاری تایبەت بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی ناوچەکە بگاتە ئاستی خۆشگوزەرانی خۆرئاوای وڵات کە بەدرێژای چەندین ساڵ پەراوێز خراوە و بەدواکەوتوی هێڵراوەتەوە لەم چوارچێوەیەدا بە مانا ئەرێنیەکەی دەبێت جیاکاری بکرێت بۆ ناوچەکە.

وەک چۆن لە کاروباری وەرگرتنی ئیقامە و ڕەگەزنامەی تورکیا و مانەوە ئاسانکاری بۆ هاوڵاتیانی تورکی دانیشتوانی وڵاتانی تر و خۆرئاوای تورکیا دەکرێت، به هەمانجۆر دەبێت هەمان ئاسانکاری و هاوکاری بۆ هاوڵاتیانی کوردی دانیشتوی وڵاتانی دیکە بکرێت.

پێویستە لێبوردنی سیاسی دەربکرێت بۆ ئەو کەسانەی بە هۆکاری سیاسی توشی گرتن و لێپێچینەوە بوون و ئێستا لە زیندانەکاندا یان لە دەرەوەی وڵاتن، بتوانن بگەڕێنەوە ناو وڵات و ژیانی کۆمەڵایەتی و کەس و کاریان.

کۆتایهێنان بە سیستەمی حوکمی ناوەندی (مەرکەزی) ڕەها و بەهێزکردنی سیستەمی لامەرکەزی و هەموو بەرپرسانی حوکمەتە خۆجێیەکان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێن.

ئەم هەنگاوانە برایەتی نێوان کورد و تورک بەهێزدەکاتەوەو وزەیەکی باش دەداتەوە بە پرۆسەی گەشەسەندن و هەستانەوەی وڵات و ناوچەکە. هەر وەک لە مێژووشدا دەرکەوتوە کە خەڵکێک  لە ڕێگەی هێزی دەوڵەتەوە ستەم لە خەڵکێکی دیکە بکات، دەرەنجامەکەی بێجگە لە خوێنڕشتنی هەردوولا و ئازار و ماڵوێرانی و فرمێسک ڕشتنی هەردوولا هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت. بەڵام دوو نەتەوەکە یەکتریان قەبوڵ بێت و ڕێزی یەکدی بگرن و یەکێتی و یەکگرتوییان بپارێزن و بە ئیرادەی هاوبەشەوە کار بکەن، هەردەم خۆشگوزەرانی ماددی و مەعنەویان دەست دەکەوێت. ئێمەش کە لەناخی دڵەوە بڕوامان بە ژیانی هاوبەش و برایەتی هەموو خەڵکە لەم وڵاتەدا، بڕوامان وایە کە پێویستە ئەو ڕێکار و هەنگاوانەی لەسەرەوە خراونەتەڕوو بە زووترین کات بخرێنە بواری جێبەجکردنەوە کە خۆشگوزەرانی و بەختەوەری و برایەتی گەلان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت.

### ٤. سیستەمی لامەرکەزی و بەهێزکردنی

لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری نوێی تورکیاوە تا ئێستا، بەهۆی پشت بەستن بە سیاسەتی یەک جۆر لە حوکمرانی، وەک هێمایەکی دەوڵەمەندی وڵات فرەزمانی و فرەکلتووری بووە بە هۆکاری ڕکابەرایەتی و پێکدادان. وەک بەرهەمێکی ئەم بیری یەک جۆرە حوکمڕانیە کە سیستەمی مەرکەزی ڕەهایە، جەخت کردنەوە لەسەری چەندین کێشەی قوڵی لە وڵاتەکەدا دروست کردووە.

سیستەمی مەرکەزی لەبەر ئەوەی خاوەنی پێکهاتەیەکی بەهێز و فراوانە و هەر کێشەیەکی ناوچە جیاوازەکانیش هۆکار و دەرەنجامی جیاوازی هەیە، چارەسەرێک کە تەنها خەڵکی ناوەندی وڵات و دەسەڵاتی مەرکەزی خۆشحاڵ دەکات مەحاڵەو جێبەجێ ناکرێت.

بۆ ئەوەی سیستەمی مەرکەزی ڕەها بتوانێت ئەم کێشانە چارەسەر بکات پێویستی بە جێبەجێکردنی سیستەمی لامەرکەزییە بەتایبەتی شارەوانیەکان کە ئەرکێکی زۆر ڕادەپەڕێنن و دەسەڵاتی زیاتر و فراوانتریان پێ بدرێت.

پێویستە نەرمتر ڕەفتار بکرێت لەگەڵ حوکمەتە خۆجێیەکان و ئاسانکاریان بۆ بکرێت لە بواری پەیدا کردنی سەرچاوە و داهاتدا.

ئەو بەرنامە و پلان و بڕیار و یاسایانەی کە پەیوەندیدارن بە سیستەم و دەسەڵاتی لامەرکەزی و حوکمەتە خۆجێیەکانەوە دەبێت بیروڕاو سەرنجی حوکمەتە خۆجێیەکان وەربگیرێت لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە و لە حاڵەتی چاکسازی و دووبارە ڕێکخستنەوەی سیستەم و کاروبارەکاندا مافی سکاڵا و لێپرسینەوە لە ڕێگای دادگاوە بە دەسەڵاتە خۆجێیەکان بدرێت.

پێوستە حوکمەتی ناوەند پەیوەستی حوکمەتە خۆجێیەکان بە خۆیەوە کۆتای پێ بهێنێت، لە جێگای ئەمە لە ڕێگای ئیدارە و کاری هاوبەشەوە سیستەمی چاودێری خودی حوکمەتە خۆجێیەکان بەهێزبکرێت.

هەروەها سیستەمی چاودێری دەسەڵاتی حوکمەتی ناوەندی بەسەر شارەوانیەکانەوە دەبێت بە جۆرێک بێت کە زیان لە خود بەڕێوبەری شارەوانییەکان نەدات و تەنها بەشێوەیەکی ڕێژەیی بەو جۆرەی لە دەستور و یاساکاندا هاتووە چاودێری هەبێت. نابێت سیستەمی چاودێری حکومەتە خۆجێییەکان بۆ سەر شارەوانی و دام و دەزگاکانی دیکە جێبەجێ دەکرێت.

دەسەڵاتی ناوەندی ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت بەهیچ جۆرێک مافی ئەوەی نیە کۆتایی بهێنێت بە ئەرکی بەرپرسی حوکمەتە خۆجێیە هەڵبژاردراوەکان و لە کار دوریان بخاتەوە. هەروەها دەبێت کۆتایی بهێنرێت بەو سیستەمەی کە هەر بڕیارێک ئەنجومەنە خۆجێیەکان (ئەنجومەنی شارەوانی و ئەنجومەنی پارێزگا) پەیوەست دەکات بەڕەزامەندی دەسەڵاتی ناوەندەوە. پێویستە لە ڕێگای پێدانی دەسەڵاتی کارگێری زیاترەوە بە دەسەڵاتە خۆجێیەکان ئاستی بەشداریکردنی خەڵکی ناوچەکان لە بەڕێوەبردندا زیاد بکرێت، فەراهەمکردنی دەسەڵاتێک کە خەڵکی ناوچەکان خۆیان خاوەن ئەو بڕیارانەبن کە پەیوەستە بە ناوچەکانیانەوە. بەم جۆرە ئاستی خزمەتگوزاری بەرز دەبێتەوە، ڕێگری دەکرێت لە خەرجی زیادەو ئیسراف و لەڕێگەی بەڕێوەبردنی خودییەوە پەیوەستی بە حوکمەتی ناوەندییەوە دەشکێنرێت.

لەگەڵ چاکسازی لە ژێرخانی سیستەمی لامەرکەزی حاڵی حازردا، لە ڕێگای دەسبەرداربوون لە پێکهاتەی ئەو حوکمەی کە وەک تابورێک وایە پێویستە گفتووگۆو موناقەشە بەسەربەستی بکرێت لەسەر سیستەمی حوکمڕانی لامەرکەزی، ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی بەهەردوو لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانیەوە. لە پێناو خۆشگوزەرانی و دڵخۆشی کۆمەڵگەدا بەپێی ڕەزامەندی و هەڵبژاردنی کۆمەڵگە ئەم شێوازانەی حوکمڕانی پەیڕەوی لێ بکرێت.

## ٥. کەمایەتیە ئاینی و نەتەوەییەکان، ڕێگری لە نەتەوەپەرستی و جیاکاری

هەر کەسێک لەبەرامبەر یاسادا یەکسانە. هیچ کەس و گروپێک لەسەرو یاساوە نییە و قەبوڵ ناکرێت. جیاکاری ناکرێت لەدەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا. دەوڵەت بە هۆکاری جیاوازی ئاین، مەزهەب، زمان و ڕەگەزی نەتەوەییەوە جیاوازی ناکات.

پێویستە جیاکاریکردن لە بواری ئابوری، یاسایی و کارگێڕیدا ببەسرێتەوە بەسزای سەختەوە.

پێویستە پاراستنی بیرباوەڕی کەمایەتییەکان بەدەستور گرەنتی بکرێت.

## ٧. شەفافیەت لە خزمەگوزارییە گشتیەکان و بەرەنگاریکردنی گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات

ئەوەی تێگەشتووین لە چەمکی شەفافی بەرپرسانی دەوڵەت و حوکمەت واتە ڕوون و شەفاف و ڕاشکاو بن لە بەرامبەر نەتەوەدا لە بەڕێوەبردنی حوکمەتدا. پێویستە خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون بێت. خەڵکی مافی لێپرسینەوەیان لە بەرپرسانی دەوڵەت هەیە و بەکارهێنانی ئەم مافەش لە کات و شوێنی پێویستی خۆیدا تەواوکاری جێبەجێبوونی ئەو مافەیە. لەلایەکی ترەوە زانیاریدانی پێویست بە هاوڵاتی مافی هەر کەسێکە. لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستە خزمەتگوزاری گشتی شەفاف بکرێت، دەرفەتی پێویست بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵکەوە چاودێری کاروباری گشتی بکرێت. هەر هاوڵاتیەک لەسەر هەر بابەتێک کە بیەوێت زانیاری پێویست بەدەست بهێنێت و دامەزراوەکانی دەوڵەت وەرزانە زانیاری پێویست بڵاوبکەنەوە.

بەرەهای و جێگیری دەبێت بنەمای شەفافیەت و زانیاریدانی پێویست بە هاوڵاتیان جێبەجێ بکرێت کە گرنگترین و کاریگەرترین ڕێگا و ئامرازە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لەکاتی خۆیدا بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و ڕێگری کردن لە گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و بەهەدەردانی سامان و سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان.

تاوەکو ئەمرۆ هەم لەبواری سیاسی و هەمیش لەبواری بیرۆکراسیدا قورسە بگوترێت کە درفەتی پێویست دراوە بۆ ئەوەی کە بەشێوەیەکی ڕوون و شەفاف خزمەتگوزاری گشتی بەو شێوەی ویستراوە و ئارەزووی کراوە پێشکەش کرابێت و ڕێگری پێویست لە گەندەڵی کرابێت.

بۆ ئەوەشی پلەی تورکیا لە ڕیزبەندی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێویدەوڵاتیدا (UT) لەسەر گەندەڵی باشترین بەڵگەیە. ئەم دۆخەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردو فراوان هەیە لەسەر هۆکارەکانی

گەندەڵی و شیکاری هەڵسەنگاندنی وردی دەرەنجامەکانی لەسەر تورکیا و پێشنیاز و خستنەڕووی ڕێگا و شێوازی گونجاو و کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی، بۆ ئەوەی بەرەنگاری گەندەڵی و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ببینەوە ناچارین کە کۆمەڵگەیەکی بە ئەخلاق و خاوەن بەها چالاکتر پێکبهێنین. بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەخلاقی کۆمەڵگەش ناچارین بنەماکانی ئەخلاق و سیستەمی پەروەردە دووبارە دابڕێژینەوە.

## ٨. کلتوورو مێژوو

ئەگەر کۆمەڵگە بچوێنین بە درەختێک ئەوا مێژوو ڕەگی ئەو درەختە دەبێت. درەختێک کە ڕەگەکانی قرتابێت یاخود بەشەکانی سەرەوەی لەگەڵ ڕەگەکەیدا پەیوەندییان نەمابێت ژیانی ئەو درەختەو لەسەرپێ وەستانی مەحاڵە. پێویستە ئایدۆلۆژیای فەرمی کە بووەتە هۆی پچڕانی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە بە مێژووی خۆیەوە دووربخرێتەوە لەوەی کە پشتی بە مێژووی کۆمەڵگە بەستبێت و وەک بەشێک لە مێژووی کۆمەڵگە هەژمار نەکرێت. پێویستە دووبارە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست و بابەتیانەو لە چوارچێوەیەکی فراواندا مێژوو بنوسرێتەوە. پێویستە چیرۆکە ناوچەیی و نەتەوەیی و کلتوورییەکان لە مەنهەجی خوێندندا جێگیر بکرێت، بەم پێیە دەبێت هزری گشتی کۆمەڵگە ڕەنگڕێژ بکرێت.

کلتووری ئیسلام کلتوورێکە تێکئاڵاوە لە هەموو بوارەکان و لە ڕێگەی ئەقڵ و نەقڵ، ئەخلاق و پیشە (سنعەت) و زانست بە پشت بەستن بە توێژینەوەو پراکتیک کامڵ بووە. ئەوە کلتوورێکە کە پوختەی ئەزموونی ئوممەتێک و گەنجینەی مێژوو و چالاکیەکانیەتی. کلتووری ئیسلامی کلتوورێکە کە تایبەتمەندییە ڕووحیە فرەچەشنەکان و گەنجینەکانی مێژوو و ئومێدەکانی ئایندەی تێدا کۆبۆتەوە. نهێنی مانەوەو بەردەوامی شانازییەکانی ڕابردوو و ئومێدەکانی ئایندەی ئوممەتی ئیسلام کە خێردارترین ئوممەتن و باشترین شارستانییەتیان بنیاتناوە لەم کلتوورەدایە.

پێویستە میراتی کلتووریمان بپارێزین کە خاڵی هاوبەشی سەرجەم چین و توێژەکانە کە کۆی کۆمەڵگەیان پێکهێناوە. پێویستە ئەم میراتە بۆ نەوەکانی ئاینده بگوازرێتەوە.

پێویستە هەموو ئەو مەدرەسەو کڵێساو پەرستگا مێژووییانەی کە بەدەر لە ئەرکەکەی خۆیان و لەژێر ناوی کلتووری گشتی (جیهانی/بەناوبانگ) و گەشتیاریدا بۆ مەبەست و مەرامی نامەشروع و نائەخلاقی کە ناوەشێتەوە لە پێگەو پیرۆزی ئەو ناوەندانە بەکاردەهێنرێن ڕزگار بکرێن.

## ٩. پاراستنی سروشت و ژینگە

گەردوون لەسەر بنەمای ڕێکخستن و پێوەرگەلێک بەدیهێنراوە. هەموو گیاندارو بێگیانەکان خاوەن ئەرک و پێگەیەکن کە تەواوکەرو ڕێکخەری یەکدین. بەردەوامی ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە سروشتەوە. ڕەفتارە بێ پێوەرو بێ بنەماکانی مرۆڤ لە بەکاربردن و لەناوبردن گەشتۆتە ئاستێک کە بووەتە هەڕەشەو مەترسی بۆسەر ژیان و مانەوەی گیانلەبەرانی دیکە.

مرۆڤایەتی، هاوسەنگی سروشتی بە جۆرێک بتوانرێت درێژە بە ژیان و مانەوەی بدرێت وەک میراتێک لە باوانەوە بۆی بەجێنەماوە، بەڵکو وەک ئەمانەتێک تاکو بیگەیەنێت بە نەوەکانی داهاتوو پێی دراوە. پێویستە ئیدی ڕێگری بکەین لە پاشماوە کیمیایی و بایەلۆژییەکان کە بووەتە مایەی زەرەرو زیان بۆ ژینگە کە ئەمەش دەرەنجامێکی بەپیشەسازی بوونە. پێویستە لە ڕێگەی هوشیارکردنەوەو سزای قورسەوە سروشت و ژینگە بپارێزرێت.

پێویستە دەوڵەتان دەستبەرداری پێشبڕکێی چەکدارکردن ببن و لە پێناو قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی پێویستە لەگەڵ دامەزراوەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا هاوکاری و هاریکاری جددی هەبێت و فراوان بکرێت.

**بەشی چوارەم / ئابووری**

سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمی کلتوورێکی وەحشیگەرانەی بێبەزەییانەیە کە سودمەندی و سودبەخشی کردووە بە بت پەرستن، بەرژەوەندییە کەسی و تایبەتییەکانی کردووە بە خودا، لەمرۆدا سیستەمی سەرمایەداری کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و تورکیاشدا جێبەجێ دەکرێت بەشێکی مرۆڤایەتی تووشی هەژاری و تەنانەت برسێتیش کردووە.

تەنانەت لە وڵاتێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە خاوەنی گەورەترین ئابوورییە لە جیهاندا نوستنی ملیۆنان خەڵک لەسەر شەقامەکان بەڵگەی نامرۆڤایەتیبوونی ئەم سیستەمەیە کە ناتوانرێت ئیدارەی مرۆڤایەتی پێ بکرێت.

ئەم سیستەمە لەلایەکەوە لە ڕێگەی برسیکردنەوە مرۆڤەکان دەخنکێنێت، لەلایەکی دیکەوە کەسانی چاوچنۆک کە قەت سکیان پڕنابێت خەریکی بەکاربردن و تەواوکردنی سەرچاوەکانی سەرزەوی و ژێرزەوین، بوون بە هۆکاری لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆر لە ڕەگەزی بوونەوەران، بوون بە هۆکاری پیسبوونی ژینگەو لەناوبردن و تێکدانی هاوسەنگی سروشت.

سیستەمێکی ئابووری ڕەت دەکەینەوە کە ئامانجی تەنها گەورەکردنی ئابووری وڵات بێت و لە ناوەندەکەیدا مرۆڤ و مرۆڤایەتی بوونی نەبێت و دوور بێت لە ئامانجی بڵاوکردنەوەی خۆشگوزەرانی لەناو کۆمەڵگەدا. ئەگەر داهاتی (GSMH) بۆ هەر تاکێک سەد ئەوەندەی ڕۆژگاری ئێستا بەرز ببێتەوە، بەڵام ڕێژەی هەژاری کەم نەبێتەوە ئەوا گەورەبوونی ئەو ئابوورییە هیچماناو سودێکی بۆ هەژاران نییە. ئەوەی گرنگ بێت دادپەروەرییە لە دابەشکردنی داهات و سەروەت و

سامان و فراوانکردنی مەودای خۆشگوزەرانییە. بە پێچەوانەوە ئەو تاقمانەی کە ئاستی خۆشگوزەرانییان زیادی کردووە، لە ئاستی هەژاربوونی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەو مافەکانیان و دەستبەسەرداگرتبی سروشت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەویدا جگە لە تەماشاکەرێک هیچ شتێکی دیکەیان نەکردووە.

پێویست بە پەیڕەویکردن لە سیاسەتێکی ئابووری دەکات کە مرۆڤ تێیدا سەنتەر بێت و ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە بێت و دووربێت لە تێڕوانینە توندو دەمارگیرییەکانی سەرمایەداری و سۆسیالیسی دادپەروەری و هەست و ویژدانی مرۆڤایەتی بریندار نەکات.

ئەگەر ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ئابووری مرۆڤ بێت: پێویستە ئامانجی گەورەبوونی ئابووریش خستنەگەڕی کارو دەستەبەرکردنی زیاتری هەلی کارو تا ئەو ڕادەیەی لە توانادا هەیە دابەزاندنی ئاستی بێکاری بێت. بۆ جێگیری ڕەوڕەوەی گەورەبوونی ئابووری و خستنەکاری دەستی کار پێویستە سیاسەتی گونجاو بگیرێتەبەر.

ئامانجی یەکەمی هەناردەی بەرهەم و تەشویقی بازاڕیش دەستەبەرکردنی هەلی کاری زیاترە. ئەو کارو هەوڵانەی کە لە ڕێگەی هاندان و تەشویقەوە پشتیوانی دەکرێن پێویستە لەو ناوچانەی کە هەلی کاری کەمی تێدایە جێبەجێ بکرێت و چاودێری بکرێت. ئەو بوارانەی کە بەچڕی دەستی کاری تێدا بەکاردەهێنرێت وەک زیادەو پاشکۆیەک پێویستە تەشویق بکرێن.

پێویستە زۆر بە جددی هانی بەرهەمهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزارییە ستراتیژییەکان بدرێت. ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ بەرهەمهێنانی هەموو پێداویستی و کەلو پەلێک کە پێویستە. دەبێت وڵات لە پەیوەستی بە جیهانی دەرەوە بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی ڕزگار بکرێت.

ئامانجێکی سەرەکی سیاسەتی ئابووری بریتییە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و ئەو کەسانەی کە هیچ فەرمانبەرییەکیان نییە. لەبەر ئەمە پێویستە پەرە بدرێت بە خولە پیشەیی و فێرکارییەکان و دەستخستنی کارو فراوانکردنیان، بە تایبەت پێویستە بێکارەکان بخرێنە سەر کار. پێویستە کەل و پەل و ئامرازو جێگای پێویست دابین بکرێت بۆ ئەو کەسانەی کە ئیش و پیشەیەکی دیاریکراو دەزانن و بەتواناو کارامەن.

بڕوامان بەوەیە کە لە هەر کونج و کەلەبەرێکی دونیادا کەسێک هەبێت پێویستی بە پارووەیەک نان بێت بە دڵنیاییەوە لە سوچێکی دیکەی هەمان دونیادا کەسانێک هەن کە زیاد لە پێویستی خۆیان بەکاردەبەن. لەبەرئەوەی نیعمەت و بەخشایشەکانی پەروەردگار لەسەر زەوی هەر تەنها بۆ مرۆڤەکان نا بەڵکو بەشی تەواوی گیانلەبەرانیش دەکات.

دونیا بەو جۆرە نییە کە تیۆری ئابووری سەرمایەداری پێی وایە "پێداویستییەکان بێسنورن و سەرچاوەکانیش سنوردارن"، نەخێر، پێداویستییەکان بێسنور نین، ئەوەی بێسنورە حەزو ئارەزووی دەستبەسەرداگرتنی سەرمایەداری خۆیەتی.

بەپێی دونیابینی سەرمایەداری بێت پێوەری ئازادی و خۆشبەختی بەکاربردنە. ئەو شەپۆلە فیکرییەی کە هەمیشە لە ڕێگەی "ئەو شتەی کە دەتەوێت، تا چەندێک بتوانیت بەکاری بهێنی، هێندە ئازادیت. چەندێک بتوانی بەکار ببەیت هێندە دەتوانی خۆشحاڵ ببیت"پیاماندا دەکێشێت و فیکرە هاوشێوەکانی ئەو ئامانجەی دەوێت، گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر زیاتر هاندان و پەرەدان بە بەکاربردن لەپێناوی قازانجی زیاتر. هەڵبەت ئەو کەسەی بە کەم ڕازی نەبێت و تێر نەخوات بە زۆریش خۆشحاڵ نابێت.

گرنگترین پێوەر بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند لە سیاسەتێکی ئابووریدا مرۆڤ بە سەنتەر گیراوە شێوازی دابەشکاری بەرهەمە بایەخدارو سەرەکییەکانە. سیستەمی سەرمایەداری کە پشکی شێری بە سەرمایەو پارە داوەو سیستەمی سۆسیالیستیش کە دەستی کاری خستۆتە پێش هەموو شتێکەوە بە توندی داکۆکی لێدەکات سیستەمی کۆمۆنیستیش کە تەنها پێداویستی کردووە بە پێوەری دابەشکاری ماڵ و سامان هاوتەریب وگونجاو نایەتەوە لەگەڵ سروشتی مرۆڤ و ڕاستییەکانی ژیان.

ناچارین کە واز بهێنین لەو سیستەمە ئابورییانەی کە: دژو پێچەوانەن لەگەڵ فەراهەمکردنی سەربەخۆیی ئابووری وڵات و بنکۆڵکردنی هەژاری و بێبەشبوونی خەڵکی لە خۆشگوزەرانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ بە جۆرێک پارێزگاری بکات لە ئازادییەکانی و دژ و پێچەوانەی سروشت و بەها باڵاکانی مرۆڤ نەبێت. بیری کۆمۆنیستی کە دژو پێچەوانەی ئەم بەهایانە بوو، فەلسەفەو سیستەمەکەی ئیفلاسی کرد، فەشەلی هێنا. سیستەمی سەرمایەداریش لە داهاتوویەکی نزیکدا فەشەل دەهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئەو سیستەمانەی کە خۆشگوزەرانی و خۆشبەختییان بۆ مرۆڤ نەهێناوە لە ڕەگەوە بگۆڕدرێن و لە جێگایان سیستەمی ئابووری ئیسلامی جێگیر بکرێت.

پێویستە بەهاو بایەخی دەستی کار بزانین و تا لە جێگەی کەسێک کەسێکی دیکە دانەنرێت کرێکەی وەک خۆی بێ کەم و کوڕتی بدرێت. خاوەن کارێکیش کە بە ڕێک و پێکی کرێی کارکەرانی بدات نابێت دژایەتی بکرێت. نابێت ئەو کەسانەیش کە توانای کاریان نییەو خاوەن داهاتێک نین بە برسێتی و هەژاری بهێڵرێنەوە. پێویستە سەرمایە تەنها لە دەستی دەوڵەمەنداندا نەهێڵرێتەوەو دەربکرێت. ڕێگای ناوەڕاست و گونجاو ئەمەیە.

## سیاسەتی ئابوریمان

ئەو سیاسەتە ئابوورییەی کە پشتی بە ڕیباو سو بەستووە بە تەواوەتی پێویستە لابرێت.

پێویستە لە سیستەمی گشتی و بانقە تایبەتییەکان و مامەڵەی تاکەکەسیشدا پشت بە بنەمای سو نەبەسترێت.

پێویستە دەوڵەت باج لەو کەسانە وەرنەگرێت کە مووچەو داهاتیان لە ئاستی کەمترین داهاتدایە کە دەوڵەت دیاری دەکات ساڵانە. ماددەو بەرهەمە سەرەکییەکانیش لە باجدان ببەخشرێن. ئەو دەقەی کە دەڵێت "ئەو بڕە پارەیەی کە وەک کرێی ڕۆژێکی ئاسایی کارکەرێک دەدرێت و بڕە پارەیەکە کە بەشی پێداویستییە سەرەکی و ناچارییەکانی خواردن، شوێنی نیشتەجێبوون، پۆشاک، تەندروستی، گواستنەوەو گەیاندن و کلتوورییەکان دەکات بەپێی نرخی ڕۆژ ئەوە کەمترین کرێی کارکەرە". ئەم دەقە کە لە (ڕێنمایی کەمترین کرێ ژمارە ٢٥٥٤٠)دا هاتووە و تا ئێستاش کاری پێدەکرێت و کەمترین کرێی دیاریکردووە بگۆڕدرێت و لە پێناسەکەیدا ماڵ و خێزانی کارکەریش جێگەی بکرێتەوە.

پێویستە پەروەردەو تەندروستی بۆ هەر کەسێک بێبەرامبەر بێت، پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە پێداویستی نێشتەجێبوون، خواردنی ڕۆژانە دابین بکرێت بۆ ئەو هەژارانەی لە توانایاندا نییە ئەو پێداویستییانەیان بکڕن. ڕەخساندنی دەرفەتی پێویست بۆ ئەو کەسانەی گەشتونەتە تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ئەوەی هاوسەرگیری بکەن کارێکی سەرەکییە، لەبەرئەوە پێویستە هاوکاری ئەو کەسانە بکرێت کە کە بەهۆی بێتوانایی داراییەوە هاوسەرگیرییان نەکردووە.

بۆ ئەو هەژارانەی کە داهاتیان لە ئاستی نزمدایە بەپێی ژمارەی ئەندامانی خێزان بە ڕێژەیەک کە بەپێی یاسا دیاریدەکرێت ئاو، کارەباو غازیان بێبەرامبەر بۆ دابین بکرێت.

لە سەر بنەمای "هەر کارێکی مرۆڤ پاداشتێکی هەیە" دەرگای سەرەکی قازانج کارکردن و هەوڵدانە. لەسەر ئەم بنەمایە جیاوازی نێوان ژن و پیاو لە ڕوانگەی کارکردنەوە نییە. بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە فسیۆلۆژییەکان و پێگەی ژن و پیاو لە خێزان و کۆمەڵگەدا پێویستە دەرفەتی کاری گونجاو بۆ هەریەکەیان بدۆزرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بڕوامان وایە کە دابینکردنی بژێوی خێزان لە ئەستۆی پیاودایەو دەربارەی کارکردنی ئافرەتیش ئەرکی سەرەکی ئافرەت لە ناو خێزان و چاودێریکردنی خێزانە.

### ١.بەربەرکانێی هەژاری- دابەشکاری لە داهاتدا

ئامانجێکی سەرەکی دەوڵەتی سۆسیال لە ڕێگەی ڕزگارکردنی تاکەکان و کۆمەڵگەوە فەراهەمکردنی ژینگەیەکە بۆ مرۆڤ کە بەڕێزترین بەدیهێنراوی ناو گەردوونە تا ژیانێکی شەرەفمەندانە بژی.

ئامانجی سەرەکی ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری و گەیشتن بە ئاستێکی داهات و دابەشکردنی کە هەرکەسێک بەپێی بیروباوەڕی خۆی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانیەوە بژیەت.

ئێستا نادادپەروەری لە دابەشکاری داهاتدا گەشتۆتە ئاستێک کە ئەگەری تەقینەوەی کۆمەڵایەتی هەیە. بەڵام پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە کە ڕەگی داکوتاوە لە وڵاتداو هاوکاری ناو خێزان و چالاکی و یارمەتی دامەزراوەو چالاکییە ئیسلامییەکان زەکات، خێرات، نەفەقەو وەقفەکان ڕێگرن لەبەردەم تەقینەوەی کۆمەڵگەدا.

نزیکەی نیوەی داهاتی وڵات دەڕواتە باخەڵی گرووپێکەوە کە لە بەرزترین چینەکانی کۆمەڵگەن و ڕێژەیان ٢٠٪ ی کۆمەڵگەیە. ئەم چینەی سەرەوە لە هەموو کاتێکدا زۆرترین داهاتیان دەستکەوتووە. ٨٠٪ ی کۆمەڵگەش ئەو چینەن کە نیوەکەی دیکەی داهاتی کۆمەڵگەیان دەست دەکەوێت. چینی خوارەوەی کۆمەڵگە ٢٠٪ی لە دۆخی برسێتی و لە سەروی ئەوانیشەوە ٢٠٪ی کۆمەڵگە لە دۆخی هەژاریدان. ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەیشی کە لە ئاستی برسێتی و هەژاریدان و لە هەندێک ناوچەدا بوون بە چین و گرووپێکی دیاریکراو، بە ڕێژەیەکی دیاریکراویش بێت بخرێتە سەر ڕێژەی برسی و هەژاران، قەبارەی نادادپەروەی گەورەتر دەکات.

پێویستە بە زووترین کات ئەم ناهاوسەنگییە ڕاست بکرێتەوە. بۆ ئەمەش پێویستە تورکیا سیاسەتی گەشەپێدان و پیشەسازیبوونی بگۆڕێت، ئەو درزەی کەوتۆتە نێوان چینی هەژارو دەوڵەمەند پێویستە پڕبکرێتەوە، دەبێت جیاوازییەکان تا ڕادەیەکی قەبوڵکراو و گونجاو کەم بکرێتەوە.

### ٢. ئەو ناوچانەی کە لە ڕووی ئابووەییەوە لە دواوە ماونەتەوە

بەدرێژایی مێژووی کۆماری تورکیای نوێ ناوچەکانی خۆرهەڵات، باشوری خۆرهەڵات، خۆرهەڵاتی دەریای ڕەش و ناوەڕاستی ئەنادۆڵ لە ڕووی ئابووری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە پشتگوێ خراون، سەرچاوە ئابوورییەکانی ئەم ناوچانەش بەبا دراون. ئەم دۆخەیش کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ناوچانەی کە باسکران گەیاندۆتە ئاستێک کە چارەسەر نەکرێت.

سەرەڕای هەموو یاساکانی هاندان و پستگیریکردن بە تایبەتی لە ناوچەکانی خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات بەهۆی ئەوەی بە پێی پێویست وەبەرهێنان نەکراوە ڕێژەی بێکاری لەم ناوچانە لە ئاستی تورکیادا زۆر زۆرە. ئەو کەسانەیش کە حوکمی وڵات دەکەن بە پشتبەستن بە هۆکاری نائارامی و توندوتیژی لەو ناوچانەدا خۆیان لە بەرپرسیارێتی دەدزنەوە.

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە سەرمایە ترسنۆکەو لەو ناوچانەی کە ئاسایش و ئارامی پێویستییان تێدا نەبێت ڕادەکات. بەڵام دابینکردنی ئاسایش و ئارامی و پێشخستنی وڵات لە ئەستۆی دەسەڵاتداراندایەو سڕینی دەستی چەوری خۆیان بەسەر خەڵکی خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵاتدا لە پێشنەکەوتنی ئەم ناوچانە بەهۆی نائارامی و گرژی و ئاڵۆزییەکانەوە جگە لە بەهانەیەکی فێڵبازانە هیچی دیکە نییە.

دەوڵەت و دەسەڵاتداران، پێش هەموو شتێک بەرپرسیارێتی و پابەندی فەراهەمکردنی ئارامی گیان و ماڵی هاوڵاتیان و پاشانیش دابینکردنی هەلی کارو بژێوی ژیانیان لە ئەستۆدایە. پێویستە پلانی گەشەپێدان بۆ ئەو ناوچانەی لە دواوەن بە تایبەتی خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات جێبەجێ بکرێت، دەوڵەت و کەرتی تایبەت پێویستە لەو ناوچەو بوارانەی کە بەرهەمهێنانیان نەکردووە دەست بکەن بە بەرهەمهێنان و لە ڕێگەیەوە هەلی کاری پێویست بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە بڕخسێنن. لەم ناوچانەدا دەرفەتی پرۆژەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری فراوان هەیە، هەروەها نەوت تەنها لەم ناوچانەدا هەیە.

دەوڵەت لە ڕێگەی دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی کە پشت ببەستێت بە کشتوکاڵ و پترۆکیمیایی و پیشەسازی گۆشت و ماسی دەبێتە پێشڕەو بۆ گەشەپێدان و بە پیشەسازیکردنی ناوچەکە. پێویستە پشتیوانی لە شەتڵگەو نەمامگەو پرۆژەکانی کێڵگەی دەستکرد بکرێت. لە ڕووی ئەنجامدانی پرۆژەی وەبەرهێنانەوە پێویستە خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری و پێدانی قەرزی پێویست جێبەجێ بکرێت.

پرۆژەکانی GAP و DAP کە بوون بە حیکایەتی مێشەکە پێویستە بە زووترین کات کاری لەسەر بکرێت و پلان و ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانە.

پشتیوانی لە پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی ماسی بکرێت لەو گۆمانەی کە لەسەر ڕووباری دیجلەو فورات دروستکراون.

لەگەڵ ئەوەی ناوچەکانی خۆرهەڵات و باشوری خۆرهەڵات دەرفەتێکی باشی بازرگانی سنورەکانیان تێدا ڕەخساوە، ڕێگری لەم دەرفەتە کراوەو وەک پێویست سودی لێ نەبینراوە. پێویستە لە سنورەکانی عێراق، ئێران و سوریاوە ناوچەی بازرگانی سەربەست دروست بکرێت. بە مەبەستی زیادکردنی ئاستی بازرگانی سنورەکان پێویستە دەروازەی نوێی سنوری بکرێتەوەو وەک چۆن لە سنورەکانی گورجستان و قوبروسی تورکی هەیە دەرفەتی هاتووچۆ لەگەڵ ئەو وڵاتانەی دراوسێش بەبێ بەکارهێنانی پاسپۆرت فەراهەم بکرێت.

### ٣. هاوسەنگی هەناردەو هاوردەی بەرهەم- داهاتی بەرهەمهێنان

کەرتی وزە گرنگترین بەشەکانی پیشەسازییە. ئاستی تێچوونی وزە کەم بکرێتەوە تێچووی بەرهەمهێنانی پیشەسازیش کەمدەبێتەوە. دەرفەتی بەرهەمهێنانی زیاترو هەرزانتر و باشتر لە جۆرێتی و چەندێتیدا دەڕەخسێنێت. بەم جۆرە بەرهەمی ناوخۆیی لە بازاڕی دەرەوەدا توانای ڕکابەری بەرز دەبێتەوە. ئەمەش بە مانای زیادبوونی هەناردەکردن و گۆڕانی هاوسەنگی هەناردەو هاوردەکردن لە قازانجی وڵات و دواجار کەمبوونەوەی بێکاری دێت. لەبەر ئەمە پێویست بە کەمکردنەوەی تێچووی بەدەستهێنانی وزەو کەمکردنەوەی ئاستی وابەستەبوون بە دەرەوە لەم بوارەدا دەکات.

### ٤. تێچووی وزە- وزەی ئەتۆم

پێویستە کارگەکانی بەرهەمهێنانی وزە لە ماددەی سروشتی و خامەوە دابمەزرێنرێت، پێویست بە دامەزراندنی کارگەکانی بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆم دەکات.

پێویستە ئەو پرۆژانەی کە تا ئەوپەڕی ڕادە سود لە وزەی خۆرو با دەبینن فراوان بکرێت.

لە پێناو لەدەستنەچوون و ئیسراف نەبوونی وزەدا پێوستە ژێرخان و پێکهاتەی سەرەکی پیشەسازی بگەیەنرێتە ئاستی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

زیادکردنی هەوڵەکانی گەڕان بەدوای نەوت و غازی سروشتیدا، بۆ ئەمەش دەبێت سەرچاوەو توانای زیاتر بخرێتەگەڕو سودی لێ ببینرێت. دەبێت پیاچوونەوەو هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کانانەی نەوت بکرێت کە لە حاڵی حازردا بوونیان هەیە.

### ٥. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

کشتوکاڵ خاوەن پێگەو ستراتیژێکی وەهایە کە هەر نەتەوەیەک پێویستە بەشی خۆی کشتوکاڵ بەرهەم بهێنێت. ڕێگری لە وابەستەبوون بە جیهانی دەرەوە لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکاندا خاوەن پێگەو گرنگی ژیارییە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە جوتیاران هەریەکەیان وەک گەنجینەیەکی بەبایەخ ببینرێن و پارێزگارییان لێ بکرێت.

ئەو ئامێرو پێداویستییانەی کە لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵیدا بەکاردێن پێویستە بە تەواوی بەرهەمی ناوخۆ بن، بەم شێوەیە تێچوی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی کەم بکرێتەوەو گەشەی پێ بدرێت.

دامەزراوەو کارگەکانی ئاودان کە بە نیوەناچڵی ماونەتەوە بەزووترین کات تەواو بکرێن، پێویستە ڕێژەی ئەو زەوییانەی کە دەتوانرێت ئاو بدرێن زیاد بکرێن و بە زووترین کات ئاو بگەیەنرێتە زەوییە کشتوکاڵییەکان.

لە پێناو ئاودانێکی دروست و گونجاو پێویستە جوتیاران هوشیار بکرێنەوە، پێویستە ڕێگری بکرێت لە ئاودانی زیاد لە پێویستی زەوی و هەموو ئەو ڕێگاو شیوازانەی کە دەبنە مایەی شۆرەکات و بێکەڵک کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

دامەزراندنی دکتۆری ڤێرتێرنەری و ئەندازیاری کشتوکاڵی لە هەر لادێیەکدا بەمەبەستی زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان و باشترکردنی جۆرێتی و چۆنێتییەکەی.

لە پێناوی نەمانەوەی بەرهەم لە دەستی جوتیارو ناچارنەبوونی بە فرۆشتنی بەرهەم بۆ بەدەستهێنانەوەی تێچوونەکەی پێویستە تەشویق و هانی ئەو پرۆژە پیشەسازییانە بدرێت کە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، پشتیوانی ئەو هەوڵانە بکرێت کە دەیانەوێت بەرهەمە زیاد لە پێویستەکان هەناردەی دەرەوە بکەن و بفرۆشرێن.

بەکارهێنانی زەوییە کشتوکاڵییە بەپیتەکان بۆ مەبەستی دیکەی بەدەر لە کشتوکاڵی بەهەدەردانی ئەو زەویانەیە. پێویستە ڕێگری بکرێت لە بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەی پیشەسازی و نیستەجێبوون.

پێویستە پشتیوانی فراوانکردنی پرۆژە ئاژەڵدارییەکان بکرێت، ڕەخساندنی دەرفەتی پێویست لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا بۆ خستنە سەرکاری پرۆژەکانی گۆشت و ماسی و شیرو بەرهەمەکانی.

بایەخدان بە هاوکاری و هاریکاری ئەو بەرهەمهێنەرانەی کە خەریکی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارین. پێویستە دەرفەتی پێویست بڕەخسێنرێت بۆ ئەوەی بەرهەمی جوتیارە بچووکەکان بە بێ ئامرازو ناوەند بگەیەنرێتە دەستی بەکاربەر، ئەمەش لە پێناوی تێچوونی کەم و هەرزانی نرخ.

بایەخدانی پێویست بە چاکسازی لە بەرهەمهێنان و دابینکردنی شەتڵ و تۆودا ئەمەش لە پێناو زیادکردنی بەرهەم و وابەستەنەبوونی بە جیهانی دەرەوە لە دابینکردنی تۆودا، پشتیوانی ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن لە ڕێگەی دەرکردنی یاساو ڕێنمایی پێویستەوە.

پێویستە بایەخی تایبەت بدرێت بە فراوانکردنی پرۆژەو بەرهەمی ئاژەڵداری، زیادکردنی ڕێژەی بەرهەمە دەریاییەکان لە دەریاکان و سەرچاوە ئاوییە ناوخۆییەکانداو پشتیوانی بەرهەمهێنەران و کارکەرانی ئەو بوارە بەمەبەستی زیادکردنی ڕێژەی بەرهەم.

پێویستە پرۆژەی پێویست و گرنگ ئامادەو جێبەجێ بکرێت بەمەبەستی فراوانکردنی ئیش و کاری ئاژەڵداری لە خۆرهەڵات و کشتوکاڵ لە باشوری خۆرهەڵات و دارستان و ڕاوەماسی لە ناوچەکانی

سەر دەریای ڕەش. بایەخدان بە ماسیگرو ئەو کەسانەی کە سەرقاڵن بە پرۆژەو بەخێوکردنی ماسی لە دەریاکان و گۆمە بچووکەکاندا.

## ٦. گەڕانەوە بۆ لادێ و گەشەپێدانەوەی لادێنشینان

ڕەخساندنی دەرفەتی پێویست بۆ گەڕانەوەی خەڵکی لادێکان و تەشویق و هاندانیان بەمەبەستی بەرهەمهێنان لە لادێکاندا.

چاکسازی و هەموارکردنەوەی یاسای زەویوزار بەجۆرێک ئەو خێزانانەی کە زەویيان نییە یاخود ڕووبەری زەوییان کەمە هێندە زەوییان پێ بدرێت کە بەشی بژێوی خێزانەکانیان بکات و لەسەری بژین.

لە سەرجەم ناوچەکاندا پێویستە لێکۆڵینەوەو شیکاری پێویست بۆ زەوییەکان بکرێت و کام زەوییە بەکەڵکی چ جۆرە بەرهەمێک دێت جێگیر بکرێت و پاشان هوشیارکردنەوەی جوتیاران بۆ چاندنی ئەو جۆرە کشتوکاڵەو بەرهەمهێنانی لە زەوی گونجاودا.

## ٧. بەکارخستنی ئەو زەوییانەی کە وەک گەنجینە بەکارهێنراون

ئەو زەوییانەی کە بەکەڵکی کشتوکاڵ دێن و تا ئێستا بەکارنەهێنراون و لەلایەن دەوڵەتەوە خاوەندارێتی دەکرێن، بەو مەرجەی وەک موڵکی دەوڵەت بمێنێتەوە بە بێ بەرامبەر مافی بەکارهێنانی ئەو زەوییانە بدرێت بەو جوتیارانەی کە خاوەن زەوی خۆیان نین.

ئەو زەوییانەی کە لە ناوچە سنورییەکاندان و مینڕێژکراون، دوای پاککردنەوەیان لە مین بە هەمانشێوە بەو مەرجەی وەک موڵکی دەوڵەت بمێنێتەوە بە بێ بەرامبەر مافی بەکارهێنانی ئەو زەوییانە بدرێت بەو کەسانەی کە لە لادێکاندا نیشەجێن و زەوییان نییە.

## ٨. ڕێگری لە ئیسراف و هەژاری، بەکارهێنانی سەرچاوەکان بەشێوەیەکی سودبەخش

ئیسراف نەخۆشییەکی ئابوورییە، هۆکاری لەناوچوونی نیعمەتەکانەو پێویستە بە هەموو شێوەیەک بەری پێ بگیرێت. بە تایبەت ئیسراف لە سەرچاوە گشتییەکاندا لە ئاستێکدایە کە مایەی نیگەرانییە.

گەندەڵی لە سەروی هۆکارەکانی ئیسرافە لە سەرچاوە گشتیەکاندا. هۆکارەکانی گەندەڵیش زۆرن بەڵام کەمی و نەبوونی ئەخلاق و مەعنەویات لەسەروی هەموویانەوەن.

ڕەگداکوتاوترین و باشترین ڕێکار بۆ ڕێگری لە گەندەڵی و بەرتیل خۆری، وریاکردنەوەی منداڵەکانمانە هەر لە تەمەنی قۆناغی بنەڕەتییەوە لەسەر خراپی و حەرامی ئەم جۆرە قازانجە نا ئەخلاقی و ناهەقانە بە پشت بەستن بە بنەماو بەها باڵاکانی ئاینەکەمان. بەمەبەستی پێدان و جێگیرکردنی ئەو بەهاو پرەنسیپانە لای منداڵانمان پێویستە چاکسازی و ڕێکخستنی پێویست لە مەنهەجی پەروەردەدا بکرێت. هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەم بابەتەدا لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی و میدیا بە تایبەتی تەلەفزیۆن. پێویستە هانی چالاکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم بوارەدا بدرێت و پشتگیریان بکرێت.

پێویستە سیستەمی چاودێری بەهێز بکرێت لە پێناوی کۆتایی هێنان بە بەرتیل و هەژاری کە وەک نەخۆشییەکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی لێهاتووە. شەفافیەت لە خەرجی گشتیدا هەبێت. هەمواری پێویست لە یاساو ڕێنماییەکانی بەکرێدان و تەندەریندا بکرێت.

ڕێگایەکی دیکەی کاریگەری بەرەنگاربوونەوەی بەرتیل خۆری زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانە تا ئەو ئاستەی کە فەرمانبەر پێویستی بە کارکردن لە کات و شوێنی دیکەدا نەبێت.

پێویستە چاودێری و بەدواداچوونی ورد بکرێت بۆ ڕاست و دروستی سەروەت و سامانی بەرپرسان و فەرمانبەران، هەروەها بەدواداچوونی ورد بکرێت بۆ زیادبوونی خێراو لەناکاوی سامانی فەرمانبەران و بەرپرسان، هەموو ئەو دەنگۆیانەی لەسەر گەندەڵی و بەرتیل خۆری دەبیسترێت بە جددی وەربگیرێت و لەلایەن دادگای پەیوەندیدارەوە بە وردی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

## ٩. ڕوونی و کراوەیی بودجەو قەرزی گشتی

بەشێکی باشی سەرچاوە گشتییەکان لە ڕێگەی سو و فایزی ناوخۆیی و دەرەکییەوە بەدەست دەهێنرێت. پێویستە ئەم دۆخە بەهەر جۆرێک بێت ڕێک بکرێتەوە. بۆ ئەوەی سو و فایز لەسەر قەرزی گشتی لاببرێت بە دڵنیاییەوە پێویستە پەیڕەوی لە سیستەمی حەوزی بکرێت.

پێویستە لە بوودجەدا هاوسەنگی ڕابگیرێت لە نێوان داهات و خەرجیدا، پێویستە کۆتایی بهێنرێت بەو سیستەمی قەرزەی کە نەوەکانی داهاتوو وەک بارمتە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

بۆ ئەوەی داهاتەکان بەو جۆرە بمێننەوە کە بە پێی پێشبینی و چاوەڕوانییەکان بن دەبێت سەرەتا خەرجییەکان سنوردار بکرێن، ئەگەر لەکاتی پێویست و ناچاریدا پێویست بە خەرجییەک بکات کە ببێتە بارگرانی بەسەر شانی خەڵکەوە ئەوە دەبێت ئەو بڕیارانە تەنها لە ڕێگای دەرکردنی یاساوە جێبەجێ بکرێن.

## ١٠. دادپەروەری لە وەرگرتنی باجدا

بۆ جێبەجێکردنی سیستەمێکی دادپەروەرانە لە وەرگرتنی باجدا، دەبێت بڕی ئەو باجەی دەسەنرێت لەگەڵ سامان و داهاتی تاکەکاندا گونجاو بێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بۆ وەرگرتنی باج سیستەمێک پەیڕەو بکرێت کە نادادپەروەری کەم بکاتەوە. لە تورکیادا بە ڕووکەش ئەوەی داهاتی کەمی هەبێت باجی کەمی لێ دەسێنرێت بەڵام لە ڕاستیدا دۆخەکە بە تەواوی بە پێچەوانەوەیە. ئەوانەی زۆرترین قازانج دەکەن کەمترین باج دەدەن.

ئەو باجەی کە لەسەر مووچەخۆران و ئەو کەسانەیە کە بە کرێی ڕۆژانە کاردەکەن لەگەڵ بەرهەمی بەکاربردن و خزمەتگوزارییەکان کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باجەکەیان لێ وەردەگیرێت و لێیان دەبڕدرێت بڕێکی زۆرە. لەبەرئەوە پێویستە ئەو باجە زۆرەی لەو کەسانە وەردەگیرێت کە داهاتیان کەمە و ئەوەی پەیدای دەکەن خەرجی دەکەن بە پێی پێداویستییەکانی ڕۆژانە کەم بکرێتەوەو ڕێک بخرێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە:

کەمترین داهات ببەخشرێت لە باج. تەنها باج بخرێتە سەر ئەو بڕە پارەیەی کە دوای خەرجی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک خواردن، شوێنی نیشتەجێبوون، تەندروستی، پەروەردەو گواستنەوەو گەیاندن دەمێنێتەوە لە کەمترین داهاتدا.

باجی خەرجی ئامرازە ئەلیکترۆنی و پەیوەندییەکان تا ڕادەیەکی گونجاو کەم بکرێتەوە.

باجی خانوبەرە لەسەر ئەو کەسانەی کە داهاتیان کەمە نەهێڵرێت.

یاساو ڕێنماییەکانی باج بە دووبارە هەموارکردنەوەیان پێویستە ئاسان بکرێت، بە کەمکردنەوەی باج و لە سەرتاسەری وڵاتدا جێبەجێ بکرێت.

کۆتایی هێنان بە سیستەمی لێخۆشبوون بۆ ئەو ئیشانەی کە هیچ بەشدارییەکیان لە سیستەمی بەرهەمهێناندا نییەو لە کارکردندا مەترسییان لەسەر نییەو تەنها مامەڵە بە پارەوە دەکەن، ئەو بڕی باجەی ئێستا لێیان دەسەنرێت زیاد بکرێت.

## ١١. فراوانکردنی دارستانەکان، چاکسازی و پاکسازیکردنیان و بەکارخستنیان

ئەو ڕێکارانەی لە ئێستادا جێبەجێ دەکرێن بۆ پاراستنی دارستانەکان زیادبکرێن و ئەرک و بەرپرسیارێتی پێویست بدرێت بە دانیشتوانی ئەو لادێیانەی کە دەکەونە ناوچەی دارستانییەوە.

زیادکردنی ڕێژەی فڕۆکەی کوژاندنەوەی ئاگرو مەکینەی ڕێگری لە تەشەنەسەندنی ئاگر لە پێناو هەرچی زووتر گەشتنە سەر شوێنی ئاگرەکان و کوژاندنەوەی.

چاندنی نەمام و ڕووەک لەو زەوییانەی کە بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەن لە پێناوی زیادکردنی ڕووبەری دارستانەکان. لە کاتی دیاریکردنی شوێن و ناشتنی نەمام و فراوانکردنی ڕووبەری دارستانەکەن ڕەچاوی جۆری نەمامەکان بکرێت بەجۆرێک ئەو درەختانەی کە دەچێنرێن لە ئایندەدا سودیان لێ وەربگیرێت لە بواری پیشەسازیدا.

پێویستە هانی دروستکردنی دارستانی تایبەتی بدرێت.

هەر لە قوتابخانەی بنەڕەتییەوە خۆشەویستی درەخت و هوشیاری پاراستنی دارستانەکان لە ناخی منکاڵاندا بچێنرێت.

بە بەکارخستنی دارستانەکان و هەڵسەنگاندن بۆ کاروبارو چالاکیەکان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ناوچەو لادێیانەی کە دارستانیان هەیە ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەگەڵ کەرتی تایبەتدا.

## ١٢. بازرگانی سنورەکان

پێویستە لە ناوچە سنورییەکاندا ناوچەی بازرگانی سەربەست دروست بکرێت، لەم ڕێگەیەشەوە دەبێت ئاستی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ گەشەی پێ بدرێت، هاوکات پێویستە لە ناوچە سنورییە نزیکەکاندا هانی کردنەوەی کارگەی بەرهەمهێنانی ئەو کەل و پەلانە بدرێت کە بە ڕێژەیەکی بەرچاو هەناردەی دەرەوە دەکرێت.

بە مەبەستی فراوانکردنی بازرگانی سنورەکان دەبێت کاری پێویست بکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی وڵاتانی دراوسێ بە بێ بەکارهێنانی پاسپۆرت بتوانن گەشتی تورکیا بکەن. لە پێناوی خێرایی و ئاسانکاری زیاتر لە گواستنەوەو گەیاندندا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ پرۆژەی هاوبەشی ڕێگای ئاسن و دەریایی ئەنجام بدرێت و فراوان بکرێت. بە خێرایی ئەو پرۆژانە تەواو بکرێن و بخرێنە خزمەت هاوڵاتیانەوەو پاشانیش دەست بکرێت بە نۆژەنکردنەوەو فراوانکردنی ڕێگا وشکانییەکان.

## بەشی پێنجەم/ سیاسەتی دەرەوە

ئەو هێزانەی کە باڵادەستن بەسەر سیاسەتی دونیادا لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان و بە بیری سیاسەتی دەرەوەو داگیرکاری و بە بیانووی "هێنانی ئازادی و دیموکراسی" خەڵکی هەموو دونیاو بە تایبەت ستەملێکراوان و مسوڵمانانیان لەناو دەریای خوێن و فرمێسکدا خنکاندووە.

شۆڕش و هەستانەوەی ئەو خەڵک و ڕێکخراو و وڵاتانەی کە سەدان ساڵە لەلایەن دەوڵەتانی باڵادەستەوە داگیرکراون لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی ناتۆوە کە کراون بە دوو ڕێکخراوی داگیرکاری و زوڵم و ستەم هەڕەشەی جەنگ و هێرشکردنەسەرو لەناوبردنیان لێدەکرێت. تەنانەت هەر لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش و ناتۆوە ڕەوایەتی بە جێبەجێکردنی پرۆژە داگیرکارییەکانی وڵاتانی زلهێز دەدرێت و پشتیوانیان دەکرێت.

بەهۆی ئەوەی حاڵی حازر سیاسەتی بەرژەوەندی و گونجان لەگەڵ تەوژمی سیاسەتی جیهانیدا بەرکارەو بووە بە بنەمای سەرەکی سیاسەتی بەشێک لە وڵاتان، ڕووی زەمین لە زوڵم و ستەم و پێکدادان پاکنابێتەوە. بنەمای سەرەکی سیاسەتی دەرەوەمان لایەنگری حەق و ڕاستییە نەک لایەنگری ئەو تەوژمەی کە بەرژەوەندیمان لەگەڵیدا یەک بگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی جەخت لەسەر بەرژەوەندی دەکرێتەوە، بڕوامان وایە کە زوڵم و داگیرکاری لە بەرژەوەندی هیچ کەس و دەوڵەتێکدا نییە. ستەم هەتا هەتایە بەردەوام نابێت. ئەو وڵاتانەی کە هێشتا ڕێگری ناکەن لە ڕژانی خوێن و فرمێسک هەرچەندە هاوڵاتیانی خۆیان لە خۆشگوزەرانی و شادیدا بژین بەڵام ناتوانن گرەنتی ئەو خۆشگوزەرانی و ئاسایشە بکەن.

ئەو هەژارییەی لە ئەنجامی زوڵم و ستەم و داگیرکارییەوە سەری هەڵداوە، ئەو خەڵکەی کە زوڵمیان لێ کراوەو خاکیان داگیرکراوە بە کۆمەڵ کۆچیان کردووە، ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەیەکی گەورە کە پێی دەوترێت کێشەی کۆچبەران و ئاوارەکان. ئەو کۆچبەرانەی کە بەشێوەیەکی ناتەندروست و مەترسیدار کۆچدەکەن بە ژمارەی زۆر دەئاخنرێنە ناو بەلەم و کەشتی بچکۆلەو کۆن و داڕزیو لە ناو دەریاکاندا و لە ئەنجامی شکان و نوقوم بوونی ئەو بەلەم و کەشتییانەوە دەخنکێن و بەشێکیان بەهۆی ئەوەی ناگەنە ئەوبەری سنوری دەریاو ئەو وڵاتانەی کە کۆچیان بۆ دەکەن لە برسێتی و تینوێتیدا دەمرن، یاخود بۆ ئەوەی دەستگیر نەکرێن لەو خانوانەی کە خۆیان تێدا شاردۆتەوە خۆیان دەسوتێنن و گیان لەدەست دەدەن. ئەو کەسانەی کە لە نیشتیمانی خۆیاندا بە دڵخۆشی و کامەرانی و سەربەرزییەوە ژیاون و لەگەڵ کلتوورو شارستانیەتی ئەو ناوچەیەی خۆیاندا ئاوێزان بوون، بەڵام ئێستا لەژێر زەبری ئاگرو ئاسندا ناچاربوون نیشتیمان بەجێ بهێڵن و بڕۆن لە ناوچەیەکدا بژین کە خاکی خۆیان نییە و دوور لە کلتوورو زمان و داب و نەریتی خۆیان ژیان بەسەر دەبەن، لەدەستی غەریبی و دوور لە ئازیزانیاندا بێگومان هیچ دڵخۆشی و خۆشگوزەرانییەکیان دەست ناکەوێت، ئەمەش ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.

بەدەستهێنانی هێز، هەوڵدان بۆ بوون بە کاراکتەرێکی وەها کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا گوێت بۆ بگیرێت و قسەکانت ئیعتیباری هەبێت، هەروەها ئەو هێزەیش لە پێناوی ڕێگری و دژایەتی زوڵم و داگیرکاری بەکاربهێنی مەشروع و ڕیگەپێدراوە. بەڵام هەوڵدان بۆ جێگرتنەوەی هێزو دەسەڵاتە

جیهانییە داگیرکەرەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ بەهێزبوون لە بواری سیاسی و ئابووری و سەربازی لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە دواکەوتوون یاخود لەبری ئەوانیش هەوڵدان بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتن ڕێگەپێدراو و مەشروع نییە و کارێکی نامرۆڤانەیە.

بەهیچ جۆرێک نابێت کاری هاوبەش لەگەڵ هێزە داگیرکارە جیهانییەکان بکرێت بەمەبەستی ئاسانکاری بۆ زوڵم و ستەمەکانیان. بڕوامان وایەو دونیابینیمان بەو جۆرەیە کە پەیڕەوی لە سیاسەتێکی دەرەکی بکرێت کە هەوڵ بدات بۆ ئەوەی جیهانێک هەبێت کە تێیدا ڕێگری بکرێت لە جەنگ و کوشتارو پاکبکرێتەوە لە چەکی کۆمەڵکوژو بە ئاشتی و سەلامەتی پێکەوە بژین.

سیاسەتی دەرەوەمان پشت دەبەستێت بە بنەما سەرەکیەکانی وەک : دادپەروەری، حەق و ماف، برایەتی و هاریکاری.

بێدەنگی لە زوڵم و ستەمی جیهانی و تەنانەت لایەنگیری و وەرگرتنی پشک لەو سودو بەرژەوەندییانەی کە لە ئەنجامی داگیرکارییەوە بەدەست دێن و تەنانەت هاوبەشیکردن لە زوڵم و ستەمدا لەژێر ناوی "بەرژەوەندی گشتی نەتەوە" کە چەمکێکی لاستیکییە لە دەوڵەتێکی شەرەفمەندو خاوەن عیززەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناوەشێتەوە. لەبەرئەوەی تەنها لە ناوخۆدا نا بەڵکو لە دەرەوەیش "لایەنگری ستەملێکراو بین هەر کەسێک بێت و دژی زوڵم و ستەمیش بین لەلایەن هەر کەسێکەوە بکرێت".

زوڵم و ستەمی زایۆنیزم لەسەر خەڵکی فەلەستین گەورەترین ڕێگرە لر بەردەم ئاشتی و خۆشگوزەرانی لە جیهاندا بە گشتی و لە جیهانی ئیسلامیدا بە تایبەتی.

هەتاوەکو ئەو زوڵم و ستەمە ناهەقەی کە لە خەڵکی فەلەستین دەکرێت بەردەوام بێت کە ئەو خەڵکەشی لەلایەن داگیرکەرە خاچپەرستە جیهانییەکانەوە بە تیرۆریست لە قەڵەمدراون و قەبوڵ کراون دابینکردنی ئاشتی و ئارامیەکی جێگیرو ڕەگداکوتاو هیچ مومکین نییە.

پێویستە ڕژێمی زایۆنی داگیرکەر کە گەورەترین کێشەیە بۆ ناوچەکە لە هەموو ئەو ناوچانەی خاکی فەلەستین بکشێتەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین دابمەزرێنرێت.

تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە سەرەڕای ڕەخنەکانمان لەسەری بەوەی کە دادپەروەر نییە گەمارۆی دەریایی و وشکانی و دروستکردنی ناوچە نوێیەکانی نیشتەجێبوونی لەلایەن ئیسرائیلەوە بە دژو پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە قەڵەمداوە، هەروەها سەرەڕای ڕەخنەو پلارە نێودەوڵەتییەکان هێشتا ئیسرائیل بەردەوامە لە زوڵم و داگیرکاری. چونکە ڕەخنەکان تەنها لە چوارچێوەی قسەو نوزەیەکی لاوازدایە. هیچ جۆرە سزایەک نەسەپێنراوە. پێویستە ئەو ڕەخنانە بە دەنگێکی پڕترو گڕتر و جددییانە بگیرێت، ئەو کارە دژە مرۆڤایەتییانەی زایۆنی ببەسرێتەوە بە

سزای سەختەوە. ئەگەر خێرا نەکرێت لە هەوڵەکانی ڕاگرتنی زوڵم و ستەم ئەوا تەنها خەڵکی فەلەستین زیان ناکات بەڵکو هەموو جیهان پریشکی ئەو ئاگرەیان بەردەکەوێت.

پێویستە هەر جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ ڕژێمی زایۆنی ئیسرائیلدا بپچڕێنرێت و پاشگەز ببینەوەی لەوەی کە وەک دەوڵەت دان بە ئیسرائیلدا بنێین.

بە هەمانشێوە، نەتەوەی کوردی مسوڵمان کە سەدان ساڵە لە خاکی خۆیاندا دەژین لە ڕێگەی سنورە دەستکردەکانەوە خاکەکەیان کراوە بە چوار پارچەوەو لەڕێگەی تەلبەندو مینی چێنراوەوە لەیەک جیاکراونەتەوە. پێویستە وەک لە ڕابردوودا هەبووە کورد وەک یەک نەتەوە بناسرێت و هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هاوکاری سیاسی و جێبەجێکردنی سیلەی ڕەحم و هاتووچۆی کۆمەڵایەتی و زیارەتکردنی یەکدی ئاسایی بکرێتەوە بۆیان. جیاکردنەوەو نامۆکردنی کوردان بە یەکدی کە لە بنەڕەتدا یەک نەتەوەن گەورەترین ستەمە. سنورو کاروبارە کارگێڕییەکان بە هەر جۆرێک بێت دەبێت هەموو سنورە جیاکارییەکان لەسەر نەتەوەی کوردی مسوڵمان هەڵبگیرێن. هەر جۆرە ڕێکارێکی پێویست بگیرێتە بەر بۆ خستنە سەرپێی پەیوەندییە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان.

پێویستە شارەکانی مەککەو مەدینە (حەرەمەین) کە خاوەن تایبەتمەندی و بایەخی هاوبەشی هەموو مسوڵمانانن وەک ناوچەیەکی تایبەت بمێنێتەوەو بە تەواوی سەربەخۆ بێت و یەکەیەکی کارگێڕی سەربەخۆی هەبێت. ئەو ئیدارەیەی کە کاری ئەو ناوچەیە بەڕێوە دەبات لەلایەن ئەنجوومەنێکەوە بەڕێوە ببرێت کە نوێنەری مسوڵمانانی هەموو جیهانی تێدا بێت.

خزمەتکردن و بەدیهێنانی ئاشتی و دادپەروەری جیهانی و خۆشگوزەرانی لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە تایبەتیش ئەنجوومەنی ئاسایش مومکین نییە. ئەو پێنج ئەندامە هەمیشەییەی ئەنجومەنی ئاسایش کە مافی ڤیتۆ و ڕەتکردنەوەی بڕیارەکانیان هەیە سیانیان سەر بە بلۆکی خۆرئاوا/ کریستیانن و دوانەکەی تریش سەر بە بلۆکی سۆسیالیستی کۆنن. هیچ دادپەروەری تێدا نییە کە لە ڕووی جوگرافییەوە نوێنەری هەمیشەیی قاڕەکانی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین بوونی نییە لە ئەنجومەنی ئاسایش و لە ڕووی کلتووری و بیروباوەڕەوە نوێنەری هەمیشەیی مسوڵمانان بوونی نییە، ناتوانن بە تەنها خۆیان بەبێ ڕەزامەندی ئەندامە هەمیشەییەکان بڕیار دەربکەن. دەرکردنی بڕیارگەلێکی لەم جۆرە بڕیارە کە هەرچییەک بێت مادام بە نادادپەروەرانە دەردەکرێت زیان بە دادپەروەری گشتی دەگەیەنێت. لەبەر ئەم هۆکارانە دەبێت پێکهاتەی گشتی ئەم دامەزراوەیە بەم جۆرە بەردەوام نەبێت.

لە ڕێگەی گۆڕینی پێکهاتەی ئەم دامەزراوەیەوە دەکرێت ئاشتی و خۆشگوزەرانی بە جیهاندا بڵاوبکرێتەوە. پێویستە بە تەواوی ئەندامێتی هەمیشەیی هەڵبگیرێت، باشترین ڕێگاچارەی ڕاست و دادپەروەرانە ئەوەیە کە ئەو ئەنجوومەنەی کە لە ١٥ ئەندام پێکدێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو

هەڵبژێردرێن، نوێنەری هەر قارەیەک و بیروباوەڕو کلتوورێکی بەپێی ڕێژەی دانیشتوان و پشتیوانانی تێدا بێت، نەبوونی مافی ڤیتۆ بۆ هیچ ئەندامێک و تێپەڕاندنی بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ بێت.

ڕێکخراو و دامەزراوەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی (IMF) و (DTÖ) دامەزراوەیەکن لەلایەن ڕژێمی داگیرکاری زایۆنیزمەوە وەک ئامرازێکی داگیرکاری بەکاردەهێنرێن. لەم ڕوانگەیەوە بانکی نێودەوڵەتی IMF بۆ ئەوەی بەردەوام وڵاتانی دیکە پەیوەستی خۆی بکات و لەژێر هەژموونی خۆیدا بیانهێڵێتەوە بەبەردەوامی قەرزیان پێدەدات. بەم جۆرە لە ڕێگەی قەرزارکردنی وڵاتان و کەڵەکەبوونی ئەو قەرزانەوە ئابوورییەکەیان دەڕوخێت و تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و ئاژاوەی لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەمە پێویستە بە جددی دووربکەوینەوە لەو قەرزانەی کە بانکی نێودەوڵەتی دەیدات.

سەربەخۆیی ئابووری مەرجی پێشوەختی سەربەخۆیی سیاسییە.

ڕێکخراوی "ناتۆ" کە لە ساڵی ١٩٤٩ بە ١٢ ئەندامەوە دامەزرێنرا، لە دوای ڕوخانی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ ئەرکی پارێزگاری لەو "وڵاتانەی کە لە دەرەوەی ئەندامێتی ناتۆدان" دەستپێکرد. لەپێناو جێبەجێکردنی ئەم پرۆژانە کە بۆ مەبەستی بەدیهێنانی پرۆژەی ئەمریکی "جیهانێکی نوێ" چەندین ئیش و ئەرکی گرنگ خرایە سەرشانی ڕێکخراوی ناتۆ.

دەوڵەتانی داگیرکەر بە شێوەیەکی ڕێکخراو لە ڕێگەی دروستکردن و داتاشینی چەمکێکی بێماناو ناماقوڵانەی وەک "تیرۆریستی ئیسلامی- تیرۆری ئیسلامی" لە هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئیسلام و تیرۆردا، لەم ڕوانگەیەشەوە ئامانجە نوێیەکانی ناتۆیان دارشتۆتەوە.

ناتۆ کە لەلایەن ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت، لە سەردەمی نوێدا لە بەرامبەر هاوپەیمانی کریستیانی خۆرئاواو وەک ئەلتەرناتیڤێک هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی ئابووری و سەربازی دەدات، بە تایبەتیش ئەمەی بۆ ڕێگرییە لە هاوپەیمانێتی نێوان وڵاتانی ئیسلامی وەک ئەرکێکی سەرشانی خۆی جێبەجێ دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش لە هەوڵی توندکردنەوەی جیاوازی و ناکۆکییە مەزهەبی و جوگرافییەکاندایەو تۆوی دوژمنایەتی دەچێنێت. لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەشیدا هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە خۆی وەک ڕێگرێک دەیانبینێت تۆمەتی "تیرۆریست"یان دەداتە پاڵ و بەو بیانووەش بە کردار هێرش دەکاتە سەر وڵاتانی ئیسلامی و داگیریان دەکات و گەمارۆیان دەخاتە سەرو لەو ڕێگەیەوە لاوازیان دەکات. یاخود لە ڕێگەی هاندان و ڕێگەخۆشکردن بۆ ئاڵۆزی و ئاژاوەی ناوخۆیی سیاسەتی ناسەقامگیرکردنی وڵاتان جێبەجێ دەکات.

ئامانجێکی دیکەیان ئەوەیە کە ڕێگری بکەن لەوەی کە هیچ دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی هێندەی ئیسرائیل بەهێز نەبێت. ئامانجێکی دیکەش کۆنترۆڵکردنی ئەو وڵاتانەی کە ڕێژەی یەدەگی نەوت تیایاندا ٧٠٪ زیاتر بێت.

وڵاتە زلهێزە جیهانی و داگیرکەرەکان سیاسەتی داگیرکارییان لەژێر پەردەی مافی مرۆڤ ، دیموکراسی، ئازادی و بەربەرەکانێی تیرۆر ئەنجام دەدەن و ڕووی ڕاستی خۆیان دەشارنەوە.

بە پوختی: هەرچەندێک بە ڕابەری نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە "هاوپەیمانی شارستانییەتەکان" بکرێت و لەم پێناوەشدا ئەرکی نوێ خرابێتە سەرشانی ئەندامانی ڕێکخراوی ناتۆ، شتێکی ڕوون و ئاسکرایە کە کاریگەرترین ئەندامی ناتۆ کە ئەمریکایە بڕوای بە "پێکدادانی شارستانییەتەکان" هەیە و لەم چوارچێوەیەشدا بە بەهانەی جیاواز وڵاتانی ئیسلامی بۆردومان و داگیر دەکات. وەک وڵاتێکی مسوڵمان دەنگدانی تورکیا بەو ئۆپەراسیۆن و لەشکرکێشییە چەوسێنەرانەی ناتۆو تەنانەت وەرگرتنی ڕۆڵی گرنگ و ئەکتیڤ لەو ئۆپەراسیۆنانەدا لەلایەن تورکیاوە مایەی شەرمە. ئەگەر تورکیا نەتوانێت ڕێگر بێت لە بەردەم ئەو زوڵمەدا، بەلایەنی کەمەوە دەبێت هاوبەشی ئەو زوڵمە نەبێت.

ئەو هەوڵانەی کە پێشتر دراون بۆ بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا لە ڕابردوودا بە مەبەستی وەستانەوەو خۆگرتن بووە لە بەرامبەر دۆخی ناوخۆیی تورکیا، ئەوا لە ئێستادا هیچ پێویست بە بوون بە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا ناکات. هەروەها ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە بەسەر ئەو یەکێتییەدا هات و هەڵوێستی گەورەترین دوو ئەندامی یەکێتییەکە کە تورکیا ناکەن بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا باس بکرێت، کۆتایی هێنان بە پرۆسەی بوون بە ئەندام لەو یەکێتییە ڕاستترین بژاردەو بڕیار دەبیت.

پێویستە هەوڵی تەواو بدرێت بۆ ئەوەی کاری هاوبەش تا ڕادەی ئەوپەڕی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیدا بکەین کە پەیوەندی بیروباوەڕ پێکەوەی بەستوینەتەوە. بۆ ئەمەش پێویستە یان لەژێر چەتری ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی یاخود لەژێر چەترێکی نوێدا ڕێکخراوێکی هاریکاری سیاسی هاوبەش کە بواری سەربازیش بگرێتەوە پێکبهێنرێت. یەکێتییەکی لەم جۆرە لە ڕاستیدا دەبێتە مایەی خێرو بەرەکەت بۆ هەموو جیهان. ئەم یەکێتییە سیاسیە پێویستە لەسەر یەک بە یەکی کێشەکان بوەستێت و هەموویان چارەسەر بکات و تێپەڕێنێت، بەم جۆرە لە ڕێگەی هێزو دادپەروەری یەکێتییەکەوە دیکتاتۆرە ستەمکارەکان، گرژییەکانی نێوان شیعەو سوننە، کێشە ئیتنیکییەکان و ئەو کێشانەی لە ئەنجامی بەرژەوەندییە نەتەوەپەرستییەکانەوە سەریان هەڵداوە چارەسەر دەکرێن.

بەمجۆرە دەبێت ڕێگری بکرێت لە دەست تێخستنی دەرەکی بۆ کێشەو ناکۆکییەکانی جیهانی ئیسلامی.

بە مەبەستی هەستانەوەی وڵاتە هەژارەکان سندوقی هاریکاری دابمەزرێنرێت و وڵاتانی ئەندام بەپێی داهاتی داراییان ناچار بکرێن بەشداربن لەم سندوقەدا.

به پشت بەستن بە بنەمای "لەگەڵ دراوسێکانتاندا باش بن" لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا لە ئاشتیدا دەبین، بە بێ جیاوازیکردنی ئایینی و نەتەوەیی لایەنگری حەق و مەزلوم دەبین، ئەمەش پرەنسیپی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەمانە.

پێویستە پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا گەشەی پێ بدرێت. دەبێت ئەم پەیوەندییانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و دراوسێیەتی چاک بەردەوامی پێ بدرێت.

ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ وڵاتە دراوسێ دوورو نزیکەکاندا بنیاتنراون، نابێت لەبەر خاترو بەرژەوەندی ئەوانی دیکە تێک بدرێن.

دەبێت هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خێزان و خزم و دۆستانەی کە بەهۆی سنورە دەستکردەکانەوە لێکدابڕاون وئاسانکاری پێویستیان بۆ بکرێت بۆ بەجێهێنانی ئەرکی خزمایەتی و دۆستایەتی. پێویستە هەموو ڕێگرییەکانی بەردەم هەناردەو هاوردە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لاببرێت.

## بەشی شەشەم

## سیاسەتی کۆمەڵایەتی

### ١.پەروەردە

پەروەردە چالاکییەکە بۆ گەشەپێدان و شێوەپێدانی ئەو توانایانەی مرۆڤ کە هەر لە لەدایک بوونیەوە لەگەڵیدا بووە، چالاکییەکە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت مافی تەواو بدات بە ئەرک و بەرپرسیارێتییە ئاینی و دونیاییەکانی.

ئامانجی سەرەکی پەروەردە: گەشەپێدانی جەستەو ئەقڵە، بەهێزکردنی ئیرادەیە، ئەخلاق بەخشینە بە ڕۆح و جەستە، بوون بە خاوەن ئەخلاقی جوانە، پێگەیاندنی مرۆڤی باش و پێگەیشتووە، ئامادەکردنی نەوەی نوێیە بۆ ژیان و ئایندە.

پێویستمان بە نەوەیەکە کە بە باشی پەروەردە کرابێت وەک چۆن دوێنێ هەبووە ئەمڕۆش بیروباوەڕی بکاتە ڕابەری ژیانی خۆی و ئیسلامی بە تەواوی بەو جۆرەی کە هەیە قەبوڵ بێت و ژیانی بە خۆشەویستی خوداوە بەسەر ببات و چالاکانە بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی بکات و ببێتە ڕێنیشاندەری کۆمەڵگە. بێگومان ئەم پێویستییە لە ڕێگەی پەروەردەیەکی باڵای وەهاوە پڕەکرێتەوە کە زانست و حیکمەتی پێکەوە کۆکردبێتەوەو مرۆڤی چالاک و بە برشت کردبێت.

گرنگترین ڕەگەزی پەروەردە زانیاری ڕاست و دروستە. گەورەترین ڕێگریش لە بەردەم پەروەردەیەکی باڵادا شێواندنی زانیارییە. سەرچاوەی ئاژاوەو خراپەکاریش ئەوەیە کە زانیاری کە مایەی بایەخ و پیاهەڵدانی کۆمەڵگەیە بۆ مەبەستی بەرژەوەندی دونیایی و ئامانجی ئایدۆلۆژی بەکاربهێنرێت.

پێویستە هەڵوێستەی جددیمان هەبێت لەسەر ئەوەی کە سیستەمی خوێندن بۆ ئەوەی بە جۆرێک بێت بۆ ئەمرۆ و ئایندە بگونجێت بەپێی پێوەرو بەهاکانی ئیسلام و لە ڕێگەی ئەو ئەزموونەی کە لەلایەن مسوڵمانانەوە قەبوڵکراوە ڕێکبخرێتەوە. تەنها لەبەرکردنی زانیارییەکان نەبێت، بەڵکو پەروەردەو فێرکردنی مرۆڤ بێت.

سیستەمی پەروەردە پێویستە لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەر لە وشەی "پەروەردە"وە هەتاوەکو چەمکەکان و سەرچاوەی زانیارییەکان و پێناسەو ناساندنەکان و نموونەکانی لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەی وردی بۆ بکرێت. هەموو ئەو پێوەرو بەها ئیسلامییانەی کە لە ساڵی ١٨٦٧ وە لەدەستدراون و سیستەمی پەروەردەی فەرەنسی قەبوڵکراوە دیسانەوە ئەو بەهایانە بخرێنەوە ناو سیستەمی پەروەردە. مەبەست لەمەش لە ڕوانگەی شوێن و ئامرازەوە گەڕانەوە بۆ دواوە نییە، بەڵکو ڕزگاربوونە لە لاسایکردنەوەی ئەوروپا لە هەموو شتێکداو ڕێکخستنەوەی پەروەردەیە بەپێی داواکارییەکانی سەردەم. ئامانج دووبارە گەیشتنە بە مەعریفە و ناسین.

ئەو زانستەی کە لە خۆرئاوا گۆڕاوە بۆ وەبەرهێنان و لەو چوارچێوەیەشدا لە ئامانجی خۆی کە خزمەتی مرۆڤایەتییە دوورخراوەتەوە کە لە بنەڕەتدا کۆکراوەی ئەزموونی مرۆڤایەتییە. بێگومان لەم ئەزموونە هاوبەشەدا پشکی شێر هی ئەهلی ئیمان و تەوحیدە. "گەشەی زانستی" وەک ڕووداو وپێشهاتێک ڕەت ناکرێتەوە. بەڵام تەماشاکردنی "ڕاستییە زانستییەکان" وەک "ڕاستییەکی ڕەها" بە مانای بوون بە بەندەی مرۆڤایەتییە بۆ بەرهەم و ئەسەرەکانی مرۆڤ، ئەم ناساندنەش قەبوڵکراو نییە. زانست ڕاستی ڕها نییە. کۆی ئەزموونێکە کە ئەگەری بەهەڵەداچوون لە خودی خۆیدا هەڵدەگرێت.

پێشکەوتن لە هەر بوارێکدا پەیوەستە بە هێزو توانای مرۆڤە پێگەیەنراوەکانەوە، وڵاتەکەمان نەگەشتۆتە ئەو ئاست و ئامانجەی پەروەردە کە بریتییە لە گەشەکردن و خۆشگوزەرانی تاک و کۆمەڵگە لە بەرزترین ئاستدا. هۆکاری ئەمەش مانەوەی پەروەردەیە لە ژێر کاریگەری سیاسەت و ئایدۆلۆژیادا. دامەزراوە پەروەردەییەکان خراونەتە دۆخێکەوە کە کراون بە ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی سنورداری دیاریکراو، ئاستی دابەزیوە، هەلی یەکسانی نەهێڵراوە، مەیدانی پەروەردە لە بەهاو بایەخە تاکی و پەروەردەییەکان دوورخراوەتەوە.

ئەم سیاسەتەش مافی پەروەردەو خوێندنی لە چەندین مرۆڤ سەندۆتەوە. لە سایەی ئەم سیاسەتەوە چەندین ساڵە بە ملیۆنان منداڵی کچ لە خوێندن بێبەش کراون کە لەگەڵ

مرۆڤایەتیدا یەکناگرێتەوە. بە پشت بەستن بەم سیستەمی خوێندنە نەوەیەک پەروەردە کراوە کە لەگەڵ پێوەرو بەها باڵاکانی کۆمەڵگەدا دژ دەوەستێتەوە. لە دەرەنجامی ئەم سیاسەتانشدا نەتوانراوە ئاشتی و خۆسگوزەرانی و کامڵبوونی کۆمەڵگە بەدی بهێنریت. پێویستە مەنهەجی پەروەردەو فێرکردن لە ڕەگەزە ئایدۆلۆژییەکان پاک بکرێتەوە.

بایەخدەدەین بەوەی کە لەگەڵ پێگەیاندنی منداڵان بە زانست و تواناو بەهرەکانیان بە بەرزترین ئەخلاق ق ڕەوشتەوە پەروەردەیان بکەین. لە سەردەمێکدا کە مافی مرۆڤ و ئازادی بایەخی زیاتری پەیداکردووەو ململانێی نێودەوڵەتی خێراتر بووەو گۆڕانە سەرسوڕهێنەرەکان لە فراوانبووندان تەنها لە ڕێگەی پەروەردەو فێرکردنەوە لە ئاستێکی بەرزدا دەتوانین نەوەکانمان بپارێزین، ئەمەش جێگای بایەخی ئێمەیەو یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی پەروەردەو پێگەیاندن.

خۆشگوزەرانی و گەشەی نەوەی داهاتوو پەیوەستە بە جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی پەروەردە بە پێی پێوەرە جیهانییەکان. سەرکەوتنی وڵات لەسەرجەم بوارەکاندا لەسەر سەرکەوتنی تاکەکان کە بەشێوەیەکی باش پەروەردەکرابن وەستاوە. لەبەرئەمە پێویستە لە بودجەدا زۆرترین بڕی پارە بۆ پەروەردە تەرخان بکرێت.

پێویستە ئاستی پەروەردەیی قوتابخانە حکومییەکان بەرز بکرێنەوە لەگەڵ فروانکردن و گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای بەردەستی قوتابیان و دووبارە چاوخشاندنەوە بە مەنهەجی خوێندندا. گەشەپێدانی پەروەردەو فێرکردن تەنها لە ئاستی قوتابی و فێرخوازاندا بەس نییە، بەڵکو دەبێت بەردەوام مامۆستاو پەروەردەکارانیش گەشەیان پێ بدرێت و خولی ڕاهێنانی بەردەوامیان بۆ بکرێتەوە. ئەو قوتابخانانەی کە مامۆستا پێدەگەیەنن لەسەر ئەم بنەمایەو بە پشت بەستن بە پێوەرو بەها باڵاکانی کۆمەڵگەو ئەخلاق پێویستە دووبارە بنیات بنرێنەوەو مامۆستا پێبگەیەنن.

پێویستە سەرلەنوێ پەروەردەی پیشەیی بنیات بنرێتەوە بە جۆرێک کە سودی هەبێت بۆ ئابووری وڵات و بتوانێت پیشەوەری پێویست لە بوارە جیاوازەکاندا پەروەردە بکات. پێویستە هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە قوتابی بۆ هەڵبژاردنی پیشەیەک هانبدرێت. پێویستە دەزگاکانی پەروەردەو فێرکردن بگەیەنرێنە ئاستێک کە کاری هاوبەشی پیشەسازی زیاد بکات و ئاستی بەرنامەو پرۆگرامە تەکنیکییەکانی بەرز بێت و تەکنەلۆژیا بەرهەم بهێنێت. ئامانجمان پەرەپێدان و هێنانەکایەی سیستەمێکی پەروەردەیی پیشەیی وەهایە کە بتوانێت پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بە خێرایی و بە باشی بەرهەم بهێنێت. زانکۆکانمان بە هاوکاری بازاڕ، ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکان، ڕێکخراوە پیشەییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێداویستییەکانی بازاڕ لە دەستی کارو پێداویستی مرۆیی دیاری بکەن و لەسەر ئەو بنەمایە قوتابی و دەستی کار پەروەردە بکەن و بەرهەم بهێنن.

له سەردەمی جیهانگیریدا کە جیهان بووەتە گوندێکی بچکۆلانەو پەیوەندی نێوان نەتەوەکان لە بواری پەروەردە، تەندروست، تەکنەلۆژیاو ...هتد و بڵاوکردنەوەی زانیاریدا پێویستی بە زانینی زمانی دیکەی بەدەر لە زمانی دایک هەیە، لەبەر ئەمە پێویستە ئاسانکاری زۆر بکرێت بۆ فێربوونی زمانی دیکە لەلایەن قوتابییانەوە.

پێویستە وانەی قورئانی پیرۆز، زمانی عەرەبی، فەرموودە، بنەما فیقهییەکان، ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) و ...هتد لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتییەوە بخوێنرێت. بۆ ئەم مەبەستەش سود لە دەزگاکانی پەیوەندیدار بەو بوارە وەربگیرێت. پێویستە ئەو ڕێگرییانەی کە خراونەتە بەردەم ئەو ڕێکخراوانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن لابرێن. تا ڕادەی ئەوپەڕی سود لە پێگەو توانای مزگەوتەکان وەربگیرێت لەم بوارەی پەروەردەدا. پێویستە کردنەوەی خولی پەروەردە و فێرکردنی تایبەت سەربەست بکرێت.

ڕۆڵی قوتابخانە ئاینییەکان لە گەشەکردنی شارستانییەتەکەماندا زۆر گەورەیە. لەبەر ئەمە پێویستە قوتابخانەکان دووبارە نۆژەن بکرێنەوەو ئەو ماوەیەی کە لە خوێندنی ئەو قوتابخانانەدا بەسەر دەبرێن وەک کاتی قوتابخانەی ناچاری هەژمار بکرێت. ئەو قوتابییانەی لەم قوتابخانانەدا دەردەچن دوای تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو یەکسانکردنی بڕوانامەیان بۆ بکریت.

پێویستە لە مەنهەجی خوێندندا ژیاننامەی کەڵەپیاوان و زانایانمان جێگیر بکرێت کە ئەسەرو کتێبی گرنگیان لە بواری ئایین و ئەدەبیاتدا داناوە.

زمانی ئەو خەڵکەی کە دەوڵەتی تورکیایان دروستکردووە بە ڕەسمی بناسرێت، هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ ئەوەی هەر کەسێک بە زمانی دایکی خۆی بخوێنێت.

پێویستە واز لە خوێندنی تێکەڵاوی کوڕان و کچان بهێنرێت، بەپێی ویستی خێزانەکان خۆیان منداڵەکانیان لە قوتابخانەی کوڕان یان کچان بخەنە بەر خوێندن بە خوێندنی باڵا واتە زانکۆکانیشەوە.

پێویستە لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا یەکێتی و هاریکاری خێزان و قوتابخانە بەهێز بکرێت. شێوازی خوێندنێک پەیڕەو بکرێت کە بتوانرێت چاودێری بکرێت و باوک و دایکی قوتابی بتوانێت بەشدار بێت لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا.

لە ڕێگەی لابردنی قەدەغەی لەچک لەسەر کچان کە چەندین ساڵە بۆتە هۆی دابڕانیان لە خوێندن و وڵاتی کردووە بە کابوسێک بۆ کچان پۆشینی جلوبەرگ و سەپۆش بە هەر جۆرێک کە کچان و خانمان دەیانەوێت لە هەر شوێنێکدا سەربەست بکرێت.

هەلی یەکسان بۆ بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەی ئامادەیی و وەرگیران لە زانکۆ بڕەخسێنرێت. پێویستە دامەزراوەی دارایی پێکبهێنرێت لە بواری هاوکاری قوتابیان و تا ئەوپەڕی هەوڵ بدرێت

قوتابیان سود لەو یارمەتییە داراییانە وەربگرن. ئەو شتانەی کە بە ڕێگای نایاسایی بەدەستهێنراون و دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتوون و فرۆشتوونی پێویستە لە بواری هاوکاری دارایی قوتابیاندا خەرج بکرێت.

بەلەبەرچاوگرتنی پێداویستی و داخوازی قوتابیان بەشی ناوخۆیی پێویست بۆ کوڕان و کچان و ئەوانەی کە هاوسەرگیرییان کردووە بکرێتەوە.

لە ڕێگەی لابردنی دەستەی خوێندنی باڵا (YÖK)ەوە زانکۆکان لە ڕووی زانستی و دارایی و کارگێڕییەوە سەربەخۆییان پێ بدرێت.

پێویستە تۆڕێکی پەیوەندی دابمەزرێنرێت کە سەرجەم زانکۆو دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا پێکەوە ببەستێتەوە.

پێویستە زانکۆکان بخرێنەوە سەر ناسنامەو سکەی بنەڕەتی خۆیان کە تێیدا هیچ فشارو زۆرێک لەسەر مامۆستاو فەرمانبەرو قوتابی نەبێت.

پێویستە کردنەوەی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکردن لە هەر ئاست و بوارێکدا سەربەست بێت، پشتیوانی زانکۆ وەقفەکان بکرێت.

پێویستە هەلی پێویست دەستەبەر بکرێت بۆ ئەوەی قوتابیانی هەژاریش خوێندنی باش و ئاست بەرزیان دەست بکەوێت. لە پێناو بەفیڕۆنەدانی کاتدا ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ ئەو قوتابییانەی کە توانای ئەقڵی و زیرەکییان لە ئاستێکی زۆر بەرزدایەو بەزووترین کات بگەنە قۆناغی زانکۆ.

دەبێت ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی هاوڵاتیانمان لە دەرەوەی وڵات خۆیان و نەوەکانیان بە پێی گونجاوی لەگەڵ بیروباوەڕیاندا هەلی خوێندنی پێویستیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

پێویستە لە زانکۆکاندا بەشی پێویست بکرێتەوە بۆ بۆ پێگەیاندنی کادیری پێویست لەسەرجەم بوارەکاندا بۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەییانەی کە بە زمانی دایک خوێندنیان تێدا دەخوێنرێت.

**٢. تەندروستی**

پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیان ئەرکی بنچینەیی دەوڵەتە.

لەم چوارچێوەیەدا:

پێویستە بایەخ بدرێت بەو خزمەتگوزارییە تەندروستیانەی کە ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەکەن. ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر بۆ سەلامەتی و تەندروستی گیانی دایک و منداڵان.

کەرتی تەندروستی و پیشەسازی دەرمان پێویستە بە بەردەوامی و وردی لە ژێر چاودێریدا بێت. لە پێناوی ڕێگری لە گەندەڵی و قازانجی ناڕەوا بە دیاریکردنی یاساو ڕێکارەکانی ڕکابەری لە بواری خزمەتگوزاری تەندروستیدا پێویستە بە خێرایی ڕیفۆرم بکرێت.

دەبێت ژمارەی نەخۆشخانەکان زیاد بکرێت، دەبێت لە ڕێگەی پڕکردنەوەی نەخۆشخانەکان لە ڕێگەی ئامرازی تەکنەلۆژی سەردەمیانەوە توانای خزمەتگوزاری تەندروستی بەرزبکرێتەوە، نابێت نەخۆش ناچار ببێت لە پێناو وەرگرتنی چارەسەردا بڕوات بۆ شارە گەورەکان.

پێویستە دامەزراوەی دارایی پێویست دابمەزرێنرێت بۆ هاوکاری کەرتی تەندروستی لە پێناو ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و گەشەپێدانی زیاتری ئەم بوارە.

لە پێناو پێگەیاندنی کادیری پزیشکی باش و پێشکەوتوو پێویستە کۆلێژەکانی پزیشکی، دەرمانسازی و ددان و قوتابخانە پیشەییە پزیشکییەکان لەگەڵ زانکۆ بیبانییەکاندا کاری هاوبەش ئەنجام بدەن، ئەمەش لە پێناو فێرکردنی قوتابی و پێگەیاندنی کادیری پزیشکی بە تەکنیکە تازە پزیشکییەکان و پێشکەوتن و گەشەسەندنەکانی کەرتی تەندروستی.

بنیاتنانی کەرتی پەروەردەی تەندروستی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

لە ڕێگەی پشتیوانی ئەو کەس و گرووپانەی کە لە بواری پزیشکی و دەرماندا کاردەکەن ڕێکارەکانی هاندان لەم بوارەدا ڕێکبخرێنەوە. پرۆژەی پەروەردەو هوشیاری پێویست ئەنجام بدرێت لە پێناو هوشیارکردنەوەی کارمەندانی تەندروستی و ڕێگریکردن لە ڕووداوەکانی هاتووچۆو ڕووداوی کاتی کارکردن و ئەو ڕووداوانەی بەهۆی کەم و کوڕتی و بێ ئاگایی لەکاتی کارکردندا ڕوودەدەن، ئەمەش لەڕێگەی گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نەخۆشی و ڕووداوانەی لە کاتی کارکردندا بەسەر کارمەندانی تەندروستیدا دێن.

یاسای کارمەندانی کەرتی تەندروستی دووبارە ڕێکبخرێتەوە بەجۆرێک لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکاندا یەک بگرێتەوە.

پێویستە لەو پارێزگاو قەزایانەی کە پێگەیەکی ناوەندییان هەیە لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا لە ڕێگای کردنەوەی میوانخانەی پێویستەوە ئەو کەسانەی کە بەهۆی نەبوونی نەخۆشخانەو دەرمانی پێویستەوە لە ناوچەو شارەکانی خۆیاندا ناچارن بچن بۆ ئەو شارانەی کە پێگەیەکی ناوەندییان هەیە هەم نەخۆش و هەم ئەو کەسانەی کە هاوڕێیەتی نەخۆش دەکەن میوانداری بکرێن. ئەو نەخۆشخانانەی کە تازە دروست دەکرێن بە جۆرێک بنیات بنرێن کە میوانخانەی پێویستی لەگەڵدا دروست بکرێت.

پێویستە چاو بخشێنرێتەوە بەو پێوەرانەی کە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی خۆراکی تەندروست دانراون، دەبێت فرۆشتنی ئەو خواردنانە قەدەغە بکرێت کە ڕگەزەکەیان گۆڕدراوە. بە

لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگە مسوڵمانە ڕاستکردنەوەو چاکسازی بکرێت لە لە بواری خواردنی حەڵاڵ و سەربڕینی حەڵاڵدا.

پێویستە سزای ئەو کەسانەی کە خواردنی نەگونجاو و زیاندار دەخەنە بازاڕەوە بە جۆرێک زیاد و سەخت بکرێت کە ببێت بە پەندو عیبرەت بۆ خەڵکی دیکەو زۆر سەخت بکرێت.

## ٣. ئاسایش و خزەمتگوزاری کۆمەڵایەتی

ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەک مافێکی سەرەتایی مرۆڤایەتی دەبینین. هەر کەسێک مافی ژیان و خۆراک و نیشتەجێبوون و چاودێری پزیشکی و خوێندنی وەک بەشێک لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەیە.

ئەو کەسانەی لە دۆخی بێکاری، نەخۆشی، کەم ئەندامی، بێوەژنی و پیریدان بۆ ئەوەی توشی کێشەی خراپەکاری نەبن لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتییان دەستەبەر بکات.

پێویستە چاودێری تایبەت و هاوکاری دایک و منداڵ بکرێت. دەبێت مەرجەکانی کارکردنی دایکی خاوەن منداڵ بە جۆرێک بێت لەگەڵ ژیانێکی شایستە بۆ ئەو دایکەو پەروەردەی منداڵەکەیدا یەک بگرێتەوە.

پێویستە لە ڕێگەی دابینکردنی بیمەی کارکردنەوە بۆ کارکەران، هەم سەلامەتی کرێکاران و هەمیش سەلامەتی خێزانەکانیان بپارێزرێت.

دەستەبەرکردنی چارەسەری پزیشکی پێویست بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە پێویستیان بە چارەسەرە.

زیادکردنی ڕێژەی هاوکاری بەساڵاچووان و کەمدەرامەتان. هاندانی خەڵک بۆ ئەوەی لەناو خێزاندا چاودێری کەسە بەتەمەنەکانیان بکەن. ئەو کەسانەی کە خۆیان لە ماڵەکانیاندا چاودێری کەسە بە تەمەنەکانی خۆیان دەکەن داشکاندنیان بۆ بکرێت لە باجدان یاخود ڕاستەخۆ هاوکاری بکرێن. پێویستە هاوکاری منداڵی ئەم خێزانانە بکرێن بە تایبەتی لە بواری پەروەردەدا.

پێویستە کێشەی شوێنی مانەوەو پەروەردەی بێلانەکان و بەساڵاچووان و منداڵانی بێ کەس و کاری کۆڵانەکان چارەسەر بکرێن، پێویست بکات چارەسەری پزیشکی پێویستیان بۆ بکرێت. دەبێت ڕێژەی بەشە ناوخۆیی و خانەی بەساڵاچووان بۆ منداڵان و بەساڵاچووانی بێ کەس و کار زیاد بکرێت و بارودۆخیان باشتر بکرێت.

بۆ چارەسەری کێشەی بەساڵاچووان و بێ تواناکان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاری هاوبەش ئەنجام بدرێت.

لە ڕێگەی ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە خزمەتی گەشەی تاک و کۆمەڵگە دەکەن بە شێوەیەکی تەندروست ڕێگری لەمپەڕەکانی بەردەم کارکردنیان هەڵبگیرێت.

## ٤. ئافرەت و خێزان

کۆمەڵگەیەکی پڕ لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی و خۆشەویستی لە ڕێگەی پێگەیاندنی تاکەکان لەسەر پێوەرو بەها ئەخلاقییە باڵاکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت. خێزان یەکەم مامۆستای مرڤە، ئەوەشی کۆمەڵگە پێدەگەیەنێت ئافرەتە. بەجێهێنانی ئەرکەکانی ئافرەت وەک خۆی و پێدانی مافەکانی لە بنەما سەرەکییەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتیمانە.

لە کارە پێشوەختییەکانی سیاسەتی کارکردنماندا ڕێگریکردنە لە بەکارهێنانی ئافرەت لەلایەنی جەستەیی و ئابوورییەوە. ڕێگری و بەربەرەکانێی هەر جۆرە توندوتیژییەک دژی ئافرەتان و دەستەبەرکردنی ئەو ڕێزەی کە پێویستە لە ئافرەت بگیرێت ئامانجمانە.

بنەڕەتی کۆمەڵگە خێزانە. سەرچاوەی خۆشبەختی کۆمەڵگە، هەرەوەزی، ئاشتی، خۆشەویستی و ڕێزگرتن خێزانە. هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزان سەرەتایترین و مرۆڤانەترین مافی هەر کوڕو کچێکە.

ڕەخساندنی ئاسانکاری پێویست بۆ ئەو گەنجانەی کە بەهۆی نەبوونی و کەمدەرامەتییەوە ناتوانن هاوسەرگیری بکەن و دەستەبەرکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆیان لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی دەوڵەتی سۆسیالە.

پێویستە پشتیوانی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزان بکرێت لە هەموو لایەکییەوە. لە ڕاستیدا پاراستنی پێکهاتەو بنەمای خێزان پاراستنی کۆمەڵگەو ئایندەیەتی.

پێویستە دەوڵەت ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر بۆ پاراستنی خێزان. ئەو نەوەیەی لە ڕێگای ناشەرعییەوە هاتۆتە دونیاوە مایەی ماڵوێرانییە بۆ کۆمەڵگە. پەیوەندییەک لە دەرەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری کە بەرهەمی ئەوروپایە و ناگونجێت لەگەڵ کلتوورو داب و نەریتی کۆمەڵگەکەماندا هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی وەچەخستنەوە. ئەو منداڵانەی کە ڕەگ و ڕەچەڵەکیان نازانرێت و دوورن لە نازی دایک و باوک و لە خێزانێکی پەرش و بڵاوەبوودا گەورەبوون دەبنە مایەی سەرئێشە هەم بۆ دەوڵەت و هەم بۆ کۆمەڵگە. پێویستە ڕێگری بکرێت

له پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرگیری کە دوورە لە میهرەبانی و شەفەقەت و پشت بە تاگەرایی و ئەنانیەت دەبەستێ.

دەبێت دەرفەتی پێویست برەخسێنرێت بۆ ئەو کەس و رێکخراوانەی کە هەوڵی ناوبژیوانی و چاککردنەوەی نێوانی ئەو ژن و مێردانە دەدەن کە کێشەیان هەیەو گەشتوونەتە ئاستی جیابوونەوە. پێویستە لەلایەن دەوڵەتەوە هانی ئەم جۆرە هەوڵانە بدرێت و رێژەی جیابوونەوە کەم بکرێتەوەو پێکهاتەی خێزان بپارێزرێت.

لە چوارچێوەی ئەم بنەما گشتییانەدا:

ئەو ئافرەتانەی کە لە پێناو زیادکردنی داهاتی خێزاندا کاردەکەن، بۆ ئەوەی خێزان و منداڵەکانیان پشتگوێ نەخەن پێویستە چاکسازی و رێکخستنی پێویست لە ژیانی کارکردنیاندا بکرێت.

پێویستە لە کاتی دارشتنی یاساو رێنمایی و هەموارکردنەوەکانی پەیوەست بە ئافرەتانەوە باوەڕو بەها باڵاکانی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت. ئیشپێکردنی ئافرەت لەو بوارانەی کە لەگەڵ سروشتیدا دەگونجێت گرنگە.

پێویستە سزای سەخت و یەکلاکەرەوەی ئەو کەسانە بدرێت کە توندوتیژی دژی ئافرەتان و منداڵان دەکەن و تەنگپێهەڵچنینیان دەکەن و یاسای تایبەتی بۆ دەربکرێت.

قەدەغەکردنی ئەو بەرنامەو بڵاوکراوانەی کە لە کۆمەڵگەدا رێژەی جیابوونەوەی هاوسەران زیاد دەکەن و پەرە بەو ڕەگەزانە دەدەن کە هانی جیابوونەوە دەدەن. پێویستە کاری هاوبەش لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت بۆ دیاریکردنی هۆکارەکانی جیابوونەوەو رێگری لێکردنی.

پێویستە ماڵە گستی و سۆزانییەکان دابخرێن، دەبێت بە خێرایی رێکاری پێویست بگیرێتەبەر بۆ رێگری لە فاحیشەو بەرەڵایی.

پێویستە رێژەو ئاستی خوێندەواری ئافرەتان بەرز بکرێتەوە، گەورەترین هۆکاری بڵاوکردنەوەی خوێندەواری لە نێو ئافرەتاندا سەربەستی سەرپۆش بەسەرردان و خۆداپۆشینە.

بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی هاوسەرگیری دەکەن و خێزان دروست دەکەن بتوانن ببنە خاوەن یەکەی نیشتەجێبوونی خۆیان پێویستە لە سەرچاوە گشتییەکانەوە یارمەتی و هاوکاری دارایی بۆ "دەستەی هاوکاری کۆمەڵایەتی" دابین بکرێت.

پێویستە مووچە بۆ منداڵانی تازە لەدایکبوو ببڕێتەوەو بخرێتە سەر داهاتی خێزانەکانیان. هاوکاری و پشتگیری و چاودێری منداڵان بکرێت.

رێگری بکرێت لە کارپێکردنی منداڵان بە زۆر لەلایەن خێزانەکانیانەوە. ئەمەش لە رێگەی لابردن و نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی کە منداڵان ناچار دەکەن بە کارکردن.

دەرفەت بڕەخسێنرێت بۆ خێزانەکان تاوەکو ببنە خاوەن یەکەی نیشتەجێبوونی تایبەت بە خۆیان، ئەمەش لە ڕێگەی پێدانی قەرزی درێژخایەنەوە بەو خێزانانە.

### ٥. وەرزش و لاوان

پاراستنی گەنجان و پێگەیاندنیان وەک گەنجێکی سودبەخش بۆ کۆمەڵگەو پەروەردەکردنیان بە پەروەردەیەکی ئەخلاقی، زانستی و تەندروست ئەرکی لە پێشینەی دەوڵەتە. لەم پێناوەشدا لە ڕێگەی کاری هاوبەشەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتە خۆجێییەکاندا دەبێت ڕێکاری پێویست و یەکلاکەرەوە بگیرێتە بەر بەرامبەر ئەو پەیام و بڵاوکراوە نائەخلاقی و سێکسیانەی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر گەشەی ڕوحی و جەستەیی و ئەقڵی گەنجان دروست دکەن. لەم چوارچێوەیەشدا لە ڕێگەی توندکردنەوەی ڕێکارەکانی چاودێرییەوە میدیا ناچار بکرێت زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی پەروەردەیی خۆی بکات.

ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی گەنجەکانی دەرەوەی وڵات هەست بە نامۆیی و بێگانەیی و دوورە وڵاتی نەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاری هاوبەش بکرێت بۆ ئەنجامدانی کارو چالاکی بۆ ئەو گەنجانە.

لە پێناو تەندروستی گشتیدا پێویستە لە ناوچەکانی نیشتەجێبووندا هۆڵی کراوەو داخراوی وەرزشی بکرێتەوە و هانی وەرزشی خۆبەخشی بدرێت.

### ٦. خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان

نابێت بە هیچ جۆرێک ڕێگە بدرێت کە مامەڵەی هاوڵاتی پلە دوو لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکرێت کە بە هەر هۆکارێک بێت خاوەن پێداویستی تایبەتن لە ڕووی ئەقڵی و جەستەییەوە.

سودوەرگرتنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە خزمەتگوزارییە گستییەکان و وەک هەر هاوڵاتیەکی دیکەی وڵات و بە بێ ئەوەی پێویستیان بە هاوکاری کەسی دیکە هەبێت بەشداری بکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و چالاکی ڕۆژانەدا، ئەمەش بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی دەوڵەت دادەنرێت.

بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتە خۆجێییەکان و بەرپرسی شارو شارۆچکەکان پێویستە سیستەمی یەکەی نیشتەجێبوون و بینای بازرگانی و خزمەتگوزاری گشتی و هۆکارەکانی گواستنەوە بە جۆرێک ڕێک بخرێن کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە ئاسانی بتوانن بەکاری بهێنن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت یاساو ڕێنمایی پێویست دەربکرێت.

بە لەبەرچاوگرتبی کەمی ئەو زەوی و زارانەی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان جیاکراونەتەوە ڕێژەکەی زیاد بکریت.

پێویستە لەگەڵ درێژەدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، بەردەوام هۆکارەکانی گواستنەوەو ئەو شوێنانەی تایبەتن بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هۆکارەکانی گواستنەوەدا نویێ بکرێنەوە.

دەبێت کاری پێویست بکرێت بۆ تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بە کۆمەڵگەو هانبدرێن بۆ ئاوێتەبوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەو یاسایانەی کە سیستەمی ناچاری دەسەپێنن بۆ بەکارهێنان و خستنەسەر ئیشی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لەلایەن خاوەن کارەوە بە جددی کاری لەسەر بکرێت.

فراوانکردنی پرۆژەکانی نیستەجێبوونی تایبەت بە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

بەهۆی ئەو نارەحەتی و قورسییانەی کەوتۆتە سەرشانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان پێویستە مووچەی ئەم چینە زیاد بکرێت و ئەو کەسانەیشی کە پێویستییان بە چاودێرییە لە ماڵەوە هاوکاری مانگانەیان پێ بدرێت.

### ٧. مافی دەستگیرکراوان و سزادراوان

لەگەڵ ڕێکخستنەوەی زیندانەکاندا پێویستە مافی جەستەیی و ڕوحی و کۆمەڵایەتی زیندانییان بپارێزرێت و هەست و شعوریان بریندار نەکرێت. دوای ئەوەی زیندانیان و سزادراوان لە بەندینخانە ئازادکران لە پێناوی دووبارە تێکەڵبوونەوەیان بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتووری پێویستە بەشدارییان پێ بکرێت لە خولی پەروەردەی پیشەیی و زانستیدا.

پێویستە ڕێگە بدرێت بەو کەسانەی کە خێزاندارن و زیندانین لە هەفتەیەکدا ڕۆژێک کاتیان لەگەڵ خێزانەکانیاندا بەسەربەرن.

پێویستە ئەو زیندانیانەی کە خێزانەکانیان تووشی باری سەختی دارایی دەبنەوە لەلایەن دەوڵەتەوە هاوکاری بکرێن.

پێویستە پارەی کارەبا لەو کەسانە نەسێنرێت کە زیندانین.

پێویستە واز بهێنرێت لەوەی کە پارەی خواردن و پێداویستی ڕۆژانەی زیندانی لە بەندینخانەکاندا لە زیندانییان بسێنرێت.

پێویستە ماوەی یەکتربینینی کراوە کە لە مانگیکدا یەکجار دەکرێت لە بەندینخانەکاندا زیاد بکرێت.

پێویستە زیندانیان لە نزیکترین بەندینخانەی نزیک لە شوێنی نیشتەجێبوونی خێزانەکانیانەوە ڕابگیرێن. پێویستە واز بهێنرێت لەوەی کە زیندانی لەگەڵ خێزانەکەیدا هەموویان پێکەوە بۆ شوێنێکی دوور نەفی بکرێن بە ناوی زیندانی بە کۆمەڵی خێزان.

ئەو کەسانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە یاخود پێویستییان بە چاودێرییەو سزای زیندنی دراون، پێویستە بڕیاری سەربەستی چاودێریکراویان بەسەردا بسەپێنرێت و سزاکەیان لە ماڵی خۆیاندا بەسەردا جێبەجێ بکرێت.

پێویستە سزای زیندانی هەتا هەتایی و لەناوبردنی تایبەت کە سزایەکی قورسەو شکۆی مرۆڤ دەخاتە ژێر پێوە هەڵبگیرێت.

### ٨. کلتوورو پیشە

پێویستە بەربەرەکانێی هەوڵەکانی تێکدانی ئەخلاق و کلتوورو دوژمنایەتی بیروباوەڕو توندوتیژی و تەنگپێهەڵچنین بکرێت.

هانی ئەو چالاکییە کلتورییانە بدرێت کە دژو پێچەوانەی بیروباوەڕو بەها باڵاکان وئەخلاقی کۆمەڵگە نییە.

پێویستە ڕێژەی کتێبخانەکان زیادو فراوان بکرێت، ناوەندە کلتوورییەکان لە تەمبەڵی ڕزگار بکرێن و بە ئاسانی بەکاربهێنرێن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت هەنگاوی پێویست بنرێت.

پێویستە هانی گەنجان و قوتابییان بدرێت بۆ ڕاهاتنیان بە خوێندنەوەو سودەکانی بخرێتە پێش چاویان.

کتێبخانەی ئەلیکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دابنرێت و ڕێگای گەیشتن پێیان ئاسان و فراوان بکرێت و بخرێتە خزمەتی هاوڵاتیانەوە.

پێویستە دەوڵەت پشتیوانی پرۆژەو چالاکییە کلتووری و پیشەییەکانی وەک شانۆ و سینەما بکات.

پێویستە بایەخ بدرێت بە زیادکردن و بڵاوکردنەوەی بابەتە پەروەردەیی و پیشەییەکان لە میدیادا.

ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی میراتە کلتوورییەکان کە خاوەن بایەخ و گرنگی هەموو مرۆڤایەتییە.

## ٩. هەواڵ و چاپەمەنی نوسراو بینراو بیستراو

بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری و ئازادی و بڵاوکردنەوەی لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤە. پێویستە لەگەڵ پاراستنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەیدا ڕێگە بە دەستبردن بۆ ژیانی تایبەتی کەسەکان نەدرێت.

پێویستە هەر جۆرە ڕێکارێکی یاسایی بگیرێتە بەر بۆ پاراستنی هەواڵ و زانیاری و ئاسایشی ژیانی تایبەتی کەسەکان.

بۆ پاراستنی ئازادی بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیاری ڕاست و دروست و ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن پێویستە یاسای پێویست دەربکرێت.

نابێت ڕێگە بدرێت بە مۆنۆپۆل و قۆرخکاری لە بواری ڕۆژنامەوانی نوسراو بینراو و بیستراو.

پێویستە ڕێکارو نوێکاری پێویست بکرێت لە "دەستەی باڵای ڕادیۆو تەلەفزیۆندا (RTÜK)" بۆ ئەوەی بۆ مەبەستی سیاسی بەکارنەهێنرێت لەسەر میدیاو ڕۆژنامەوانی.

لە پێناوی خزمەتکردنی وەرگرو بەکارهێنەران بە ئاستی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان پێویستە تۆڕی زانیاری و پەیوەندی و ڕادیۆو تەلەفزیۆنی زیاتر بخرێتە بەردەست تاوەکو وەرگر ئەلتەرناتیڤی زیاتری گونجاو و هەرزان و باشی لەبەردەستدا بێت.

## ١٠. زانست و تەکنەلۆژیا

زانست و تەکنەلۆژیا بۆ هەستانەوەو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە زۆر گرنگە. پێویستە زانست و تەکنەلۆژیا لە پێناوی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بخرێتەکار. بۆ ئەوەی لە بازاڕی گەورەو فراوانی جیهانیدا بتوانیت ببیتە خاوەن ئابوورییەکی بەهێز کە توانای ڕکابەری هەبێت پێویستە چالاکی توێژینەوەو گەشەپێدان سەنتەری سیاسەتی ئابووری بێت.

پێویستە ئەو بڕە پارەیەی لە بودجەی گشتی دەوڵەت بۆ توێژینەوەو گەشەپێدان تەرخان دەکرێت زیاد بکرێت، پێویستە لە ڕێگای هاندان و تەشویقەوە کارئاسانی بکرێت بۆ کەرتی تایبەت تا لەم کەرتەدا کارو چالاکی زیاتر بکەن.

پێویستە لە ڕێگەی پڕکردنەوەی قوتابخانەو زانکۆکان بە بەرزترین مۆدێلی تەکنەلۆژی بکرێن بە ماڵی زانست و زانیاری.

پێویستە بەزووترین کات تەکنەلۆژیای نویێ بهێنرێتە وڵاتەوەو کاری هاوبەشی زانکۆو کەرتی پیشەسازی جێبەجێ بکرێت.

## ١١. نیشتەجێبوون و بەشاربوون

ئامانجمان ئەوەیە لەبری بەشاربوونی ناتەندروست و تێکەڵ و پێکەڵ، شارگەلێک دروست بکرێت کە ناخی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و بە ئاسودەیی تێیدا بژی.

پێویستە ڕێگری بکرێت لە بیناکردن و بە شارکردنی بێ پلان و خانووی زیادەڕۆ و ئەو بیناکارییەی کە بەرگەی بومەلەرزە ناگرێت.

پێویستە چارەسەری ژێرخانی شار بکرێت، بایەخی تایبەت بدرێت بە پرۆژەی هۆکارەکانی گواستنەوەی ژێرزەوی (میترۆ) لە شارە گەورەکانداو پشتیوانی بکرێت.

پێویستە ژمارەو ڕووبەری ناوچەی سەوزایی مەیدانەکان بەو ڕادەیەی کە خەڵک بە ئاسودەیی وەرزشی تێدا بکات و پشوو بدات زیاد بکرێت و چۆنێتی و جۆرێتییەکەیان بەرزبکرێتەوە.

لە پێناوی چارەسەری کێشەی گواستنەوە لە شارە گەورەکاندا پێویستە بایەخی تایبەیت بە هۆکارەکانی گواستنەوە بدرێت و ڕێژەی شەمەندەفەرو میترو زیاد بکرێت.

پێویستە بودجەی تایبەت تەرخان بکرێت بۆ پاراستنی شوێنە مێژوویی و بابەت و ناوچە کلتوورییەکان و گەشە بدرێت بە پرۆسەی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

پێویستە لەو بڕیارانەی کە پەیوەستە بە شارەوە بۆچوونی خەڵک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەربگیرێت.

## ١٢. هاتووچۆ

لە پێناوی ڕێگریکردن لە ڕووداو و کارەساتی هاتوچۆ، پێویستە پرۆگرامێکی پەروەردەیی و مەنهەجی دابنرێت و لە قۆناخی بنەڕەتییەوە جێبەجێ بکرێت و لە ڕێگەیەوە خەڵکی هوشیار بکرێتەوە.

پێویستە سیستەمی هاتووچۆی ئاسنین (شەمەندەفەر، میترۆ) لەو ناوچانەی کە چڕی دانیشتوانی زۆرە گەشەی پێ بدرێت، ئەمەش لە پێناو سەلامەتی هاتووچۆو ئاسانکاری و کەمبوونەوەی نرخی گواستنەوەی هێڵی شەمەندەفەر لە سەرانسەری وڵاتدا.

ئەو ڕێگایانەی بە کەم و کوڕتی و ناتەواوی ماونەتەوە بەزووترین کات تەواو بکرێن و ڕێگای تازەش دروست بکرێت.

نابێت تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر بۆ بودجەی وڵات سزای دارایی شۆفێران بدرێت. پۆلیسی هاتووچۆ کە ئەرکی بنەڕەتی کۆنترۆڵی هاتووچۆو ڕێگری لە ئەگەری ڕوودانی ڕووداوی هاتووچۆو پەروەردەو هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی هاتووچۆ بۆ ئەوەی لەم ئەرکەی خۆیان لانەدەن پێویستە بەردەوام خولی پێگەیاندنیان بۆ بکرێتەوە و لە پێناو ڕێگری لە سزادانی شۆفێران بە ئارەزووی خۆیان ڕێکاری پێویستی چاودێری بگیرێتە بەر.

لە پێناو کەمکردنەوەی قەربالغی و کەمکردنەوەی خەرجی و ئیسراف لە کات و سوتەمەنیدا پێویستە لە سیستەمی ترافیکی ئەلیکترۆنیدا ڕەچاوی قەربالغی شەقامەکان و ڕێژەی ئۆتۆمبێل و هاتووچۆ بکرێت نەوەک ترافیک لە سەر بنەمای کات ڕێگە بە تێپەڕینی ئۆتۆمبێل بدات، لەم بابەتەدا پێویستە پشتیوانی دارایی حکومەتە خۆجێییەکان بکرێت.

پێویستە بایەخی تایبەت بە بەکارهێنانی پاسکیل بدرێت، ڕێگای تایبەت بە پاسکیل لە شارەکاندا دروست بکرێت.

### ١٣. گواستنەوەو گەیاندن

لە پێناوی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و ڕووداوەکانی هاتووچۆ لەسەر ڕێگای وشکانی پێویستە لە بواری گواستنەوەی سەرنشین و بارهەڵگردا بایەخی زیاتر بە هێڵی ئاسن (شەمەندەفەر) و هێڵی دەریایی بدەین.

پێویستە ڕێژەی فڕۆکەو گەشتی فڕۆکەوانی زیاد بکرێت، لە پێناوی سەلامەتی زیاتری هاوڵاتیان لە هێڵی ئاسن (شەمەندەفەر)دا پێویستە سیستەمی هێڵی ئاسن بەپێی ستانداردە جیهانییەکان جێبەجێ بکرێت.

پێویستە بایەخ بدرێت بە بەرزکردنەوەی تواناو ئاستی فڕۆکەخانەکان و کارگەو کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی تایبەتی و کارئاسانییان بۆ بکرێت.

پێویستە ژێرخانی قەزاو ناحیەو لادێکان لە بواری هاتووچۆدا بەرزبکرێتەوە بەجۆرێک کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و قەرەباڵغی و جەنجاڵی هاتووچۆدا بگونجێت.

لە هەر ناوچەیەکدا لە پێناو ژیاندنەوەی ئابووری و بازرگانیدا، بۆ ئاسانکاری زیاتر لە گواستنەوەو گەیاندن و پەیوەندییەکانی هاوڵاتیاندا پردو ڕێگای پێویست دروست بکرێت.

پێویستە لە سەرانسەی وڵاتدا لە پێناوی ئەوەی ئافرەتان بە ئاسودەیی ئامرازەکانی گواستنەوەو گەیاندن بەکاربهێنن و گەشتێکی دڵنیاو سەربەست بکەن دەبێت ئامرازەکانی گواستنەوەی تایبەت بە ئافرەتان دەستەبەر بکرێت.

### ١٤. ژینگە

لە پێناو سەلامەتی و تەندروستی مرۆڤدا پاراستنی سەرچاوە سروشتییەکان و ڕێگری لە پیسبوونی ژینگە لە ئامانجە سەرەکییەکانمانە.

لە بابەت و چالاکییەکانی پاراستنی ژینگەدا پێویستە کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکرێت و ڕێکاری یاسایی پێویست لە پێناو پێدانی دەسەڵات و کاریگەربوونی حکومەتە خۆجێییەکان بگیرێتەبەر.

پێویستە سیاسەتی پاراستنی ژینگەو سروشت لە کارە بنەڕەتییەکان بژمێردرێت. لە ڕێگەی دانانی ژێرخانێکی یاسایی بەهێزەوەو لە ڕێگەی یاساو ڕێنمایی پێویستەوە ڕێگری بکرێت لەوەی ناوچە سەوزاییەکان بکرێت بە ناوچەی نیشتەجێبوون و بەکارهێنانی ناوچە کشتوکاڵییەکان بۆ مەبەستی بەدەر لە کارو ئەرکی سەرەکی خۆیان و بەکارهێنانی زەوی و زارە بەپیتەکان بۆ کاری پیشەسازی.

پێویستە لە پێناوی هوشیارکردنەوەی تاکەکاندا هەر لە قۆناغی بنەڕەتییەوە وانەیەکی تایبەت بە هوشیاری ژینگەیی لە مەنهەجی خوێندندا جێگیر بکرێت. دەبێت پەروەردەی پێویست لە پێناو دروستکردنی هەستی بەرپرسیارێتی لە بەرامبەر ژینگەو سروشتدا جێبەجێ بکرێت.

یاساو ڕێنمایی پێویست دەربکرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی پاشماوەی ئەو پیشەسازییانەی کەڵەکە دەبن و دەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە، پێویستە تەنها لە پێناوی ئابووری و بەکارهێنان و قازانج ڕێگە نەدرێت بەو پیشەسازییانەی کە دەبنە مایەی پیسبوونی ژینگەو زیان بۆ کۆمەڵگەو تێکچوونی تەواوی سروشت.

لە بابەتی پاراستنی ژینگەو دەریادا پێویستە کاری هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژوورە پیشەیی و بازرگانییەکاندا بکرێت.

لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی پاشماوە ئاوی و کانزاییەکاندا ئەو زیانەی لە سروشت و ژینگەشی دەدەن لە بەرزبوونەوەدایە. لە پێش هەموو شتێکەوە لە شارە گەورەکاندا بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتە خۆجێیەکان و دەسەڵاتی پەیوەندیداری شارەکانداو لە ڕێگەی تەرخانکردنی بڕە پارەی پێویست لە بودجەی گشتییەوە کار بۆ دروستکردنی دامەزراوەی پاکژکردنەوەی ئاوی پیس و خاشاکی کەڵەکە بوو بەزووترین کات بکرێت، ئەو پرۆژانەشی کاریان تێدا دەکرێت بە خێرایی تەواو بکرێن.

ئەو ناوچانەی کە خاکەکەیان تووشی ڕاماڵین دەبێت یاخود بەرەو بەبیابانبوون دەڕۆن لەپێناو ڕێگری لە بەبیابانبوون و ڕۆچوونی خاکەکەی بایەخی زیاتر و تایبەتی بە چاندنی ڕووەک بدرێت.

## ١٥. گەشتوگوزار

ئێمە گەشتوگوزار تەنها وەک هۆکارێک بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زیاترو گەشەی ئابووری نابینین.

گەشتوگوزار وەک هۆکارێک بۆ یەکدی ناسینی خەڵکی و ئاشنابوون بە یەکدی و گەشەپێدانی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی و باڵاوکردنەوەی میراتی مرۆڤایەتی دەبینین.

بۆ ئەم ئامانجەش:

پێویستە کۆنگرەو پێشانگاکانی گەشتوگوزار زیاد و فراوان بکرێن، لە ڕێگەی کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیاو ئاژانسەکانی گەشتوگوزارییەوە پشتیوانی پێویستییان بکرێت.

بەهۆی جێبەجێکردنی سیستەمی کۆتا لەلایەن عەرەبستانی سعودیەوە ئەو کەسانەی دەیانەوێت فەریزەی حەج جێبەجێ بکەن چەندین ساڵ چاوەڕێ دەکەن. بەمەبەستی زیادکردنی بەشی وڵاتەکەمان لەم سیستەمی کۆتایەدا پێویستە لە بەرزترین لوتکەی دەسەڵاتەوە کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسانی عەرەبستانی سعودیە بکرێت لە پێناوی زیادکردنی ڕێژەی دیاریکراو بۆ وڵاتەکەمان و هەر جۆرە پستیوانییەک بۆ حاجیانمان.

نابێت تەنها لە پێناو فراوانکردنی گەشتوگوزارو زیادکردنی داهاتەکەی ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی خراپەکاری و فەساد بدرێت. پێویستە ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر لە پێناو پاراستنی ئەخلاق و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە. پێویستە زیاتر وەبەرهێنان لە گەشتوگوزاری ئاینیدا بکرێت.

تەنها بەشێوەیەکی یەکلایەنە تەماشای کەرتی گەشیاری کراوەو لەو ڕوانگەیەوە کە گەستیاران پارە دەهێننە وڵاتەوەو خەرجی دەکەن هەڵسەنگاندن بۆ ئەم کەرتە کراوە و کێشەو ئاستەنگەکانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان کاتێک گەشت بۆ وڵاتانی دیکە دەکەن پشتگوێ خراوە. دەبێت ڕێکاری پێویست بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی لە وڵاتانی دیکە مامەڵەیەکی مرۆڤانەو یەکسان لەگەڵ هاوڵاتیانی وڵاتەکەماندا بکرێت و ئەمەش ببێتە بەشێک لە سیاسەتی گەشتوگوزاری وڵات.

دەبێت هەنگاوی پێویست بنرێت بۆ ئەوەی ئەو وڵاتانەی کە بە ڤیزەوە مۆڵەتی چوونە وڵاتەکەیان دەدرێت ئاسانکاری پێویست بۆ هاوڵاتیانی وڵاتەکەمان بکەن کە دەیانەوێت سەردانی ئەو وڵاتانە بکەن و ڕێککەوتن و لێکتێگەیشتنی دوو لایەن ئیمزا بکرێت.

پێویستە لە پێناوی گەشەی کەرتی گەشتیاریدا ناوچە سەوزاییەکان نەکرێت بە شەقام و بینا و چیمەنتۆڕێژ نەکرێت. بایەخی تایبەتی بە ژێرخانی سروشتی بدرێت.

## کۆتایی

بە بڕوابوون بەوەی کە تاکە ڕێگای ڕزگاری و چارەسەری مرۆڤایەتی لە دەست تێکهەڵچوونی مەعنەوی و هەژاری ماددی و ستەم و چەوساندنەوەو بە ئەویدیکردن و بێگانەکردن و نامۆبوون تەنها گەڕانەوەیە بۆ فیترەت وسروشتی خۆی:

فەرمانکردن بە چاکەو ڕێگریکردن لە خراپە،

دووبارە ژیاندنەوەو بەردەوامیدان بەو بەها مرۆڤایەتی و ئیسلامییانەی کە ئێمەی کردووە بە مرۆڤ،

بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی و ئاشتی کۆمەڵایەتی،

زەمینەخۆشکردن بۆ دانپێدانان و جێبەجێکردنی ماف و ئازادییەکان، ڕزگارکردنی مرۆڤ لە بەندایەتی بۆ بەندەکان و بوون بە قوربانی بۆ ئایدۆلۆژیاو بەسەربردنی ژیان بە ئازادی و سەربەستییەکی ڕاستەقینە،

گواستنەوەی نەریت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگە بۆ ناو سیاسەت و حاکم بوونی ئەو بەهایانە،

گونجاندنی کۆمەڵگە لەگەڵ سیستەم نا، بە پێچەوانەوە گونجاندنی سیستەم لەگەڵ کۆمەڵگەو بەها باڵاکانی،

گرەنتیکردن و دڵنیایی ئاسایشی ماڵ و گیان و ئایین و ئەقڵ و وەچە، دابینکردنی ژیانێکی شایستەی وەها کە پەیڕەویکردن لە بیروباوەڕو ئاین بەوجۆرە بێت کە ئاینەکە دیاری کردووە نەک بەو ڕادەیەی کە دەسەڵات مۆڵەتی دەدات،

بنیاتنانی سیستەمێک کە پاڵپشت بێت بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و ئاوێتەکردنی حیکمەت و زانست پێکەوە،

ڕزگارکردنی ئابووری وڵاتەکەمان لە دەست سیستەمی سەرمایەداری کە ئایندەمانی بە بارمتە گرتووە،

بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی،

نەهێشتنی نادادپەروەری لە دابەشکردنی داهات و فراوانکردنی خۆشگوزەرانی،

لە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەسەر بنەمای دادپەروەری ڕێگریکردن لەوەی کە کێشەی کورد بکرێت بە قوربانی بەرژەوەندییە سیاسییەکان،

بوون بە نوێنەری ئەو کۆمەڵگەیەی کە نوێنەرێکی سیاسی نییە،

بەدیهێنانی سەربەخۆیی و دادپەروەریی و بێلایەنی دەسەڵاتی دادوەری،

جێگیرکردنی دادپەروەری لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا، گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، لە پێناو ڕێگریکردن لەوەی کە لەگەڵ شەپۆلی جیهانیدا نەبین بە لایەنگرو تەماشاکەری زوڵم و ستەم،

بێلایەنی و ڕێزگرتن لە ئازادی ڕێکخراوەیی و ئاینی و ویژدان، پەیڕەوی نەکردن لە سانسۆرو چەوساندنەوە،

سازش نەکردن بە هیچ جۆرێک لە بەرامبەر ڕەفتاری خراپ و ئەشکەنجەدان،

گەشەپێدانی سیاسەت و تێڕوانینێکی ئابووری کە پشت بە بەرهەمهێنان و هەستانەوە ببەستێت و ڕێگر بێت لە فایز و ئیسراف و پەیوەست بوون بە دەرەوە،

ئایین، نەتەوەو زمانی هەرچییەک بێت لایەنگری ستەملێکراوان لە هەرلایەکی دونیا بێت،

بەدیهێنانی نزیکبوونەوەو یەکگرتوویی ئیسلامی،

سەربەستی پۆشینی لەچک و هەر پۆشاکێک لە شوێنی گشتی و تایبەتی و دام و دەزگاکاندا بەبێ جیاوازی،

جێبەجێکردنی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی کە جیاکاری ئەرێنی بەدی بهێنێت بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و ئافرەتان و ئەوانەی توانای کارکردنیان نییە،

ڕەخساندنی هەل و کەش و هەوایەک بۆ گەنجانمان کە ئومێدو ئایندەی کۆمەڵگەن بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لە ماددەی هۆشبەرو خواردنەوە کحولییەکان و ئەو شتانەی حەزو ئارەزووەکان بەرەو خراپە ئاراستە دەکەن و پەیوەست بوونیان بە بەها مەعنەوییەکان و بوون بە تاکێکی چاک و سودبەخش بۆ کۆمەڵگە،

بەربەرەکانێی سیاسەتی تێکدانی ئەخلاقی کۆمەڵگەو ئەو شتانەی کۆمەڵگە خاڵی دەکەنەوە لە مەعنەویات و فەساد بڵاودەکەنەوە،

گێڕانەوەی ئیعتیبارو شانازی بۆ سیاسەت،

ئامانج و بنەماکانی پارتی دەعوەو ئازادییە.

بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی و پەیوەندی ماددی، وە بە هەستکردن بەوەی کە لە پێناوی حەق و ڕاستی و هاوڵاتیانمان و گەشتنی مسوڵمانان بە یەکگرتوویی و ژیانی هەموو خەڵکی بە

برایەتی و گەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکەماندا دامانناوە، تەنها لە خودا داوا دەکەین و چاوەڕێی سەرکەوتن تەنها لە خودا دەکەین: لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم بیروباوەڕە بڵاودەکەنەوەو لە خەمی داهاتوودان و لە هەوڵ و تەقەلادان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن شەرەف و کەرامەت بە بەها باڵاکان، لەم ڕێگایەدا تا ئەو ڕادەیەی تواناو هێزمان هەبێت بەردەوام دەبین.

دەعوەمان،

ئازادییە،

دادپەروەرییە،

ڕاستی و حەق بێژییە،

کۆتایی هێنانە بە زوڵم و ستەم،

ئاسودەییە،

ئاشتییە،

هاوکاری و لێکنزیکبوونەوەی مرۆڤە،

برایەتییە،...

ئامانجمان تەنها ئەمانەیە

لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا بە هەموو تواناو بوونمانەوە هەوڵ دەدەین.

دەمانەوێت بەم بوێرییەوە بگەینەوە بە حزوری خودا.

هەموو هەوڵ کۆششمان ئەوەیە.

لەسەر بنەمای دادپەروەری و حەق و ڕاستی پڕ بە دونیایەک خۆشەویستییەوە هەر کەسێک کە دڵی پڕبێت لە خۆشەویستی با ئاسودەیی و ئاشتی بانگهێشتی دەکەین بۆ پارتی دەعوەو ئازادی (هوداپار).